پۆڵ ڕیکۆر

ناوی کتێب: پۆل ڕیکۆر
وەرگێڕانی: ئەحمەد ڕەزا
بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
مۆنتێر: سۆران عەبدوڵڵا
هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (٦٣٠)ی ٢٠٠٨
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٨
کوردستان سلێمانی
**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

# پۆڵ ڕیکۆر

## هێرمنیۆتیکا، دێڕبەندیی، لێبوردەیی

وەرگێڕانی

**ئەحمەد ڕەزا**

چاپی یەکەم
سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (٩٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

بابەتەکان


| | |
|---|---|
| ● بۆچی پۆڵ ڕیکۆر | ٧ |
| ● ژیاننامەی بیرمەندیی | ١٥ |
| ● لە بوونگەرایییەوە بۆ فەلسەفەی زمان | ٢٣ |
| ● ئاخاوتن‌و نووسین | ٤٧ |
| لە ئاخاوتنەوە بۆ نووسین | ٤٨ |
| نامەو ناوەند- جێگیر کردن | ٥٠ |
| نامەو بگۆ | ٥٦ |
| نامەو گوێگر | ٦٠ |
| نامەو کۆد | ٦٣ |
| نامەو هەواڵەکردن | ٦٧ |
| داخوازیی نووسین | ٧٦ |
| دژی نووسین | ٧٧ |
| نووسین‌و ئایکۆن | ٨٢ |
| دێڕبەندیی‌و دوورکەوتنەوەی بەرهەمهێن | ٨٩ |
| زاراوەکان | ٩٣ |
| ● یادگە، مێژوو، بیرچوونەوە - دیدار- | ٩٨ |
| ● فەرهەنگ | ١٣٩ |
| ● سەرچاوەکان | ١٤٧ |

## بۆچی پۆڵ ڕیکۆر؟

وەرگێڕانی کاری کەسێکی وەك ڕیکۆر، کە پێی وایە زانستی تازە، ناتوانێ بە زاراوە کۆنەکان کاربکاو پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، لەبەرئەوە لە پێشەکی کتێبەکەی " گوتارو زێدەمانایی"دا ئەڵێ: "ئەگەر زاراوەکان زەحمەت بن، ئەوە دەرەنجامی ئەوەیە کە تازەنو زانستی نوێش پێویستی بە زاراوەی نوێیە." ئەم قسەیەش ئاڕاستەی کۆمەڵێك مامۆستاو خوێندکاری زانکۆی تەکساسی مەسیحی ئەکا، ساڵی ١٩٧٣ کاتێ ئەچێ بۆ فۆرد وۆرس لە یادی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی زانکۆکەدا.

پێموایە، شتێك نییە بەدەر لە توانای هێماو ئاماژەکان، لەبەر ئەو هۆیە، پێم وانییە بابەتێ هەبێ‌و نەکرێ بە کوردی. ئەم ڕاستییەش وایلێکردم، لەگەڵ تێگەیشتنم لە هەندێ کاری ڕیکۆر، بەرە بەرە بتوانم هەندێ لە بابەتەکانی ئەو فەیلەسوفە وەرگێرم، کە هەموو نەتەوەکان ئەیناسن‌و لە ڕۆشنبیریی کوردیشدا جگە لە چەند وتارێکی کەم‌و تاك‌وتەرا، بایەخێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ، بە تایبەت لە هەندێ ناوەندی فەلسەفیداو تایبەتتر لە ئەوروپا، تێزە گرنگەکەی لە هێرمنیۆتیکادا، بە گەورەترین هەوڵی سەدەی بیستەم ناو ئەبەن.

لە چەندین کایەی جیاوازدا، ڕیکۆر وەك لێکۆڵیارو بیرمەندو فەیلەسوف ناسراوە، لە سەروو هەموو ئەمانەوە، دیالەکتیکیانە ڕەخنەی لە فیکری ئەو بوارانە گرتووەو داهێنانی تێدا کردۆتەوە، کەسێکە لەبەرەو پێش بردن‌و گەشە پێدانی گەلێ ڕێچکەی فیکریدا بە دوایین گۆڕانکار ئەناسرێتەوە، بە تایبەت ئەو فەیلەسوف‌و بیرمەندو ڕەخنەگری: "بوونیادگەرایی، بوونگەرایی، هێرمنیۆتیکا، مارکسیزم، تیۆری ڕۆشنبیریی، دەروونناسیی، هەڵوەشاندنەوەگەرایی،

شیکردنەوەی زمانەوانیی، سیمۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیای ئاین"ە. یان بە مانایەکی تر هەموو ئەم پێگە کارانەی ڕیکۆر، بوونە بنەمای سەرهەڵدانی تیۆرە نوێکەی لە هێرمنیۆتیکادا.

لە سەرەتاکانیدا ڕیکۆر سەرقاڵی تێڕامانە خودییەکانی بوو لە ئیتیکی مەسیحییەتدا. بەڵام هەر زوو ڕووی کردە بوونیادگەرایی. پرسی فەلسەفی ئەو سەرەتا لە پرسی بوون لای ئەرستۆوە سەرچاوەی گرتو پاشان بۆ پرسی ئیبستیمی لای کانتو پرسی کات لای هایدیگەر. ئەم پرسانە دوورابیەکی نوێی لای ڕیکۆر خولقاند، ئەویش پرسی "گێڕانەوە" بوو.

ڕیکۆر بوونیادگەرایی خستە ژێر پرسێکی فەلسەفییەوە. سەرەتا پێی وابوو بۆ ئەوەی ڕەخنە لە بنچینەی زانستی نوێی زمان بگیرێ، پێویستە چاو بە سەلمێنراوەکانیدا بخشێنرێتەوەو بخرێنە ژێر پرسی نوێوە. لەم بارەیەوە ئەو نەچووە ناو لکەکانی بوونیادگەراییەوە، بەڵکو دەستی بۆ ئەو پێوەرە برد کە لکەکانی لەسەر دامەزراوە، ئەویش زمانە. لە ڕەخنەگرتن لە چوار سەلمێنراوەوە دەستی پێکرد کە ئەوانیش:١- هاوکاتیو بەدوای یەکدا هاتن. ٢-

سیستمە فەرهەنگیو دەلالییەکان. ٣- جیاکردنەوەی تایبەتمەندێتییە شێوەییو جەوهەرییەکان لە یەکتر. ٤- دابڕانی پەیوەندی نێوان زمانو واقیعی دەرەوە، کە سۆسێر بانگەشەی کردو بوونیادگەراکانیش شوێن پێیان هەڵگرت.

بە هۆی ئەم سەلمێنراوانەوە، بوونیادگەرایی وای لێ هاتبوو، ببوو بە زانستێکی داخراو بەسەر خۆیداو هیچ هاوبەشییەکی لە ژیانی خودو کۆمەڵدا نەمابوو. بەمەش ڕیکۆر دەرەنجامێکی گرنگی دەسکەوت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەلمێنراوانەو بە هۆیەوە زانستی ئاماژەکانو زانستی دەلالەتەکانی لە یەکتر جیاکردەوە. هەروەك دوالیزمی سۆسێریشی خستە بەر پرس: زمانو ئاخاوتن. چوون پێی وابوو، زانستی ئاماژەکان شێوەییەو هیچ پەیوەندی بە گوتارەوە نییە، ئەوەی پەیوەندی بە گوتارەوەیە، زانستی دەلالەتەکانە کە خۆی لە ڕستە —دێڕ- دا ئەبینێتەوە. چوون ئاماژەکان بە تەنها هیچ دەلالەتێکی گوتارییان نییەو بە هۆی ئاماژەکانی دەوروپشتییەوە مانا پەیدا ئەکەن. بەڵام لە ڕستەدا مانا هەیە، ئەمەش ئەو کارە بوو کە ڕیکۆر لە دێڕبەندییدا کردی.

گرنگییدان بە پۆڵ ڕیکۆر تازە نییە، بەڵکو هەر دوای هەراوزەنای سەرەتاکانی بوونیادگەرایی- کە ئەوکات تەنها بایەخ بە تیۆرەکانی بارتو دریداو دۆلۆزو چەند کەسێکی نزیکی ئەوان ئەدرا- تیۆرەکانی ڕیکۆر ئاوڕی جدی لێدرایەوە کە سەر بە ڕێچکەکانی دوای" دوای بوونیادگەرایی"ە، لە شەستەکانەوە ئیتر پۆڵ ڕیکۆر بووە جێی بایەخ پێدانی ناوەندە فەلسەفیو ئەدەبییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە ڕیکۆر بە دوو ئاڕاستە کاری ئەکرد، یەکەمینیان ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی بوو کە هەوڵی بەدیهێنانی فەلسەفەی ئیرادە ئەداو دووەمیش هێرمنیۆتیکای ڕەخنەگرانەیە کە تیایدا سوودی لە نوێترین ئەو دەرەنجامانە وەرگرت کە زانستی زمانو تیۆرەکانی پەیوەندی گرتن پێی گەیشتبوون. خۆی دەربارەی ئەم دوو لایەنە ئەڵێ: بە هۆی ئەوەوە کە کەرەستەی یەکەمی فینۆمینۆلۆژیا قووڵبوونەوە بوو لە ماناداو هێرمنیۆتیکاش بایەخێکی گرنگ بە مانا ئەدا، بۆیە من چاری ترم نەبوو جگە لەوەی پێکیانەوە ببەستمەوە، من هێرمنیۆتیکام کرد بە بەری فینۆمینۆلۆژیاداو بە پێچەوانەشەوە.

دەربارەی فەلسەفەی ئیرادەش لە مرۆڤی هەڵەکاردا قسەکەی دیکارت ئەکاتەوەو ئەڵێ: "نا/بێبەریی بوونی مرۆڤ — واتە ئامادەیی مرۆڤ بۆ هەڵە کردن - بە جۆرێکە پێویست ناکا پێی سەیر بێ کاتێ هەڵەیەك ئەکا، چوون مرۆڤ بە بەردەوامیی ئامادەیە بۆ هەڵەکردن." ئەپرسێ بۆچی مرۆڤ ئەبێتە تەختایی هەڵەکردن؟ لەبەر ئەوەی توانای "بەدیی" لە بوونیادی ناوەوەی واقیعی مرۆڤدا نەخشێنراوە. ئەو بیرۆکەیەی کە ئەڵێ: مرۆڤ لە پێکهاتەیدا لاوازەو هەڵە ئەکا، بەم گریمانەیەی ئێمە بە ڕووی بیرکردنەوەی ئەبستراکتدا والاَ ئەبێ، ئەوە تایبەتمەندێتیی مرۆڤ خۆیەتی.

کتێبی "کاتو گێڕانەوە"ی پۆڵ ڕیکۆر بە یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی دواییەکانی سەدەی بیستەم ئەژمێردرێ. تەنانەت کەسێکی تیۆریستی مێژوویی وەك هایدن وایت ئەڵێ: "گرنگترین کاری دانانە لە نێوان تیۆری ئەدەبو تیۆری مێژوویی، لەم سەدەیەدا بەرهەم هاتبێ."... زۆر کەس پێیان وایە ئەگەر کانت قۆناغی "بیرکردنەوە لە بوون"ی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بنوێنێو هایدیگەریش قۆناغی بیرکردنەوە لە بوونو کات، ئەوا ڕیکۆر بەم کتێبە گرنگەی — کاتو

گێڕانەوە- قۆناغی بیرکردنەوە لە سێیینەی "بوونو کاتو گێڕانەوە" ئەنوێنێ.

تەنها بە وەرگێڕانی کارو پڕۆژە گرنگەکانی پۆڵ ڕیکۆر ئەتوانین ئاشنای فەلسەفەکەی بین، بۆیە چاکتر وایە ئەم کتێبە بچووکە بکەینە دەستپێکی وەرگێڕانی ئەو پڕۆژە گرنگانە بە تایبەت کە بەشێکی زۆری وەرگێڕراوە بۆ عەرەبیو دەست کەوتنیان زەحمەت نییەو سەرجەمی ئەو بەرهەمانە لە کتێبخانەکەمدا هەیە.

لە دواییدا بە پێویستی ئەزانم هەر لەم گۆشەیەوە سوپاسی هەریەك لە ئازیزانم عەبدوللا تاهیر بەرزنجیو بەهات حەسیب قەرەداخی بکەم، بۆ تێبینییە بە سوودەکانیان لە داڕشتنەوەی زاراوەکانو غەسان نەعسان لە وەرگێڕانو ڕاستکردنەوەو ڕوونکردنەوەی زاراوە ئەڵمانییەکانو فوئاد عەبدولڕەحمانیش بۆ زاراوە ئینگلیزییەکان. هەروەك سوپاس بۆ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بۆ چاپکردنی ئەم کتێبۆکەیە، بە تایبەت ئازاد بەرزنجی ئازیز.

**ئەحمەد ڕەزا**

٢٠٠٨/٢/١

## ژیاننامەی بیرمەندیی

ئەمە ئەو ناونیشانەیە کە ڕیکۆر پێی شیاوترە بەکاربهێنرێ، لە بری سەربوردەو ژیاننامەی ئاسایی وەك یەکێك لە ڕەگەزە ئەدەبییەکان. لەبەر ئەوە کە داوای ژیاننامەی لێکرا، ئەو پێی وابوو کە ناکرێ ژیانی ئاساییو کارو پڕۆژە فەلسەفییەکانی وەك دوو بەش یان یەکەی سەربەخۆ تەماشا بکرێو ئەڵێ: هیچ بوار نییە بۆ ئەوەی من باس لە ژیانی خۆم بکەم، بێ فەلسەفەو کارو پڕۆژەکانم. چوون ژیاننامەیەك وەرگێڕانی ژیانی ڕۆژانە بێ، خەوشی خۆی هەیەو ناکرێ چاوی لێ بپۆشم، ئەمەش خەوشەکانییەتی:

یەکەم- ئەو جۆرە گێڕانەوەیە، لە شێوەی چیرۆکدایە، چیرۆکیش وەك هەر گێڕانەوەیەکی تر پوختە ئەکریێ. لە ڕاستیشدا ئەو جۆرە چیرۆکە، لەبەر ئەوەی سەربوردەی ژیانی کەسێکە، پێویستی بە دیدو بە هەند وەرگرتنی کەسانی تر هەیە، نەك تەنها کەسەکە.

دووەم- وەرگێڕانی خودیی، لە جێبەجێ کردندا کارێکی ئەدەبییە... کاری ئەدەبییش، پشت بە ماوە — هەندێجار سودمەندو هەندێجاری تریش زیانبەخش- ئەبەستێ لە نێوانی سەرنجە گەڕانەوەییەکان بۆ کاری نووسینو گوزەرانی ژیانی ڕۆژانە. ئەو "ماوە"یەش جیاوازی ئەخاتە نێوان وەرگێڕانی خودییو ژیانی ڕۆژانە.

سێیەم- وەرگێڕانی خودیی پشت بە ناسنامە ئەبەستێ، واتە لەسەر ون بوونی ماوە لە نێوان کارەکتەری گێڕانەوە کە خودە — خاوەنی وەرگێڕانەکە- و لە نێوانی حیکایەتخواندا کە بە ڕاناوی من ئەدوێو بە داڕشتنی بگۆ ئەنووسێ.

لەبەر ئەو هۆیانە لە کتێبەکەیدا — ژیاننامەی بیرمەندیی- لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە دەست بە گێڕانەوە ئەکا، کاتێ لە زانکۆ قوتابی ڕۆلان دابییز

بووە... ئەم کتێبە بە ناونیشانی — دوای تێڕامانێکی قووڵ، یان درێژ خایەن- فوئاد ملیت کردوویەتی بە عەرەبی.

لەگەڵ ئەمەشدا لە زۆر سەرچاوەی جیاوازەوە پوختەی ژیانی ڕۆژانەی ڕیکۆر باسکراوە، جا هەندێجار دابڕاوە لە کارو بەرهەمەکانیو هەندێ ڕۆژنامە یان وەرگێڕی ترو بە تایبەت سەعید غانمی — وەرگێڕێکی عێراقییەو لە ئوستراليا نیشتەجێیە- نەیتوانیوە خۆی لەو کارە مەزنانەی ڕیکۆر ببوێرێو باسی نەکا.

بە هەرحاڵ، پۆڵ ڕیکۆر **Paul Ricoeur** لە **٢٧**ی شوباتی ساڵی **١٩١٣** لە شاری ڤالێنسی فەرەنسا لە دایك بووە، دوای شەش مانگ بەسەر لە دایك بوونیدا دایکی کۆچی دوایی ئەکاو باوکیشی لە تەمەنی دووساڵەی ڕیکۆردا، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەکوژرێ. بە هەتیویی ماڵە باوانی لەگەڵ خوشکێکیدا ئەیانگرنە خۆ، ڕیکۆر لای پورێکی- لە باوکەوە- ئەمێنێتەوە تا مردنی پوری.

خوێندنی دوا ناوەندی لە راین تەواو ئەکا، هەر لەوێ ئەچێتە زانکۆو بڕوانامەی ماجستێر لە فەلسەفەدا بەدەست ئەهێنێ، پاشان ڕوو ئەکاتە

زانکۆی سۆربۆنو لەوێ نیشتەجێ ئەبێ، کەسێکی هەڵسوڕاو ئەبێ لە کۆڕو کۆبوونەوە فیکرییەکانی سۆربۆندا، بە هۆی گابرێل مارسیلەوە ئاشنایەتی لەگەڵ دیاردەگەرایی – فینۆمینۆلۆژیا-ی هوێسرلدا پەیدا ئەکا.

لە ساڵی **١٩٣٩** پەیوەندی ئەکا بە خزمەتی سەربازییەوەو هەر لەو ساڵەدا لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە بە دیل ئەگیرێ. بە درێژایی جەنگ ڕیکۆر ژیانی لە دیلێتیدا بەسەر ئەبا، بەڵام وەك ئەڵێن: دیلییەکی بەرهەمهێن. لەو کاتەدا کە هەموو جیهان سەرقاڵی شەڕوشۆڕ بوونو خۆیان لە هێرشە بەرفراوانەکانی فاشیزمو نازییەکان ئەپاراستو بەرگرییان لە وڵاتەکانیان ئەکرد، ڕیکۆر لە زیندانەکاندا خۆی لە فێربوونی زمانی دوژمنەکەیدا ماندوو ئەکرد، چوون هەمیشە بە بایەخەوە ئەیڕوانییە تەواوی ڕۆشنبیریی ئەڵمانی، پێش تەواو بوونی جەنگ، ڕیکۆر هیگڵو هوێسرلو کارل مارکسو کانتو یاسپێرزی بە زمانی خۆیان خوێندبووەوە، ئەو کارانەی دوای ئازادبوونی کردی، بەرهەمی ئەو چەند ساڵ تێڕامانو خوێندنەوەو تێگەیشتنەی دیلێتی بوو، هەر بۆیە پاش گەڕانەوە

لەگەڵ سارتەرو میرلۆپۆنتیو لفیناس ڕۆڵی بەرچاوی بینی بۆ ناساندنو پێناسەکردنی دیاردەگەریی ئەڵمانی لە فەرەنسادا. ساڵی ١٩٥٠ تێزەکەی دەربارەی دیاردەگەریی ئیرادە پێشکەش ئەکا. ساڵی ١٩٥٦ کورسی مامۆستاکانی لە سۆربۆن پیَئەبەخشریَ. لە ١٩٦٦دا هاوڕێ لەگەڵ جیل دۆلۆزو ئالان تۆرین زانکۆی نانتیَر دائەمەزرێنن، لە ١٩٦٩ ئەبێتە ڕاگری کۆلیژی فەلسەفە. بەڵام ساڵی ١٩٧٠ ئەکەوێتە بەر هێرشی یەکێك لە خوێندکارە ڕاپەڕیوەکان - کە لەو ساڵەدا بۆ بە دەست هێنانی داواکانیان ڕاپەڕینیان ڕێکخستبوو- و تەنەکە خۆڵ ئەکا بەسەریدا، ڕیکۆر بە دڵشکاوییەوە دەست لەکار کێشانەوەی لە زانکۆو مامۆستایەتی پێشکەش ئەکاو جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی لە فەرەنسادا. ئەچێتە نەرویجو پاشان زانکۆی مۆنتریال لە ئەمریکای باکورو چەند زانکۆیەکی تر بانگهێشتی ئەکەن بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە لە ئەمریکاو ماوەی ٣٠ ساڵ لەویَ ئەمێنێتەوە، تا خانەنشین ئەبیَ، دواتر ئەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا. ڕیکۆر لە بارەی ڕووداوەکەوە ئەڵیَ: هەرچەندە من تێئەگەم ئەو خوێندکارە بۆچی وایکردو ئەزانم لە چ

بارودۆخێکدا ئەژیا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی دڵی زانکۆو دۆستانم ڕاگرمو لە بڕیارەکەم پاشگەز ببمەوە.

پۆڵ ڕیکۆر لە زۆرترین زانکۆکانی کەنەداو ئەمریکای باکورو باشورو ئەوروپادا مامۆستایەتی لە فەلسەفەدا کردووە، نزیکەی پەنجا دکتۆرای فەخریی لە زانکۆکانەوە پێ بەخشراوە سەبارەت بە هەوڵە گرنگەکانی لە فەلسەفەدا، خاوەنی زیاتر لە چل کتێبی گرنگە، کە زۆرینەیان لە چەند بەشێك پێکدێن، ئەمانەی خوارەوە بەشێکی ئەو کارە گرنگانەن:

سەربەستو ناچارکراو ١٩٤٧

کارل یاسپێرزو فەلسەفەی بوون ١٩٤٧

ئیرادیو نائیرادی ١٩٥٠

کۆتاییو تاوان ١٩٥٠

مێژوو و ڕاستی ١٩٥٥

مرۆڤی هەڵەکار ١٩٦٠

سیمبۆلیزمی بەدیی ١٩٦٠

هەوڵێك لە فرۆیدا ١٩٦٥

ململانێی هێرمنیۆتیکا ١٩٦٩

ژیانی خوازراوەکان ١٩٧٥

کاتو گێڕانەوە ١٩٧٥

گوتارو زێدەمانایی ١٩٧٦

مەجازی زیندوو ١٩٧٥-١٩٧٧

گرێو ڕۆمانی مێژوویی ١٩٨٣

شێوەو کاری خەیاڵی ١٩٨٤

کاتی گێڕانەوە ١٩٨٥

لە دەقەوە بۆ کردار ١٩٨٦

خراپە بەو پێیەی بەرەنگار بوونەوەی فەلسەفەو ئاینە ١٩٨٦

تێڕامانێکی کۆتاییهاتوو ١٩٨٦

لەسەر شێوەی قوتابخانەی دیاردەگەرایی ١٩٨٦

خودو ئەوی تر، یان "خود وەك ئەوی تر" ١٩٩٠

دەربارەی سیاسەت ١٩٩١

زەوی فەیلەسوفان ١٩٩٢

لەسەر سنوری فەلسەفە ١٩٩٤

دادپەروەر ١٩٩٥

ڕەخنەو دلنیابوون ١٩٩٥

بەرەو ئەویتر ١٩٩٧

ئایدیۆلۆژیاو یۆتۆپیا ١٩٩٧

سروشتو ڕێسا- بە بەشداری لەگەڵ پییر شانجۆ ١٩٩٨

بیرکردنەوە لە کتێبی پیرۆز- بە بەشداریی ئەندریە لاکۆك ١٩٩٨

دیدارەکانی ڕیکۆر- مارسێل ١٩٩٩

بیرو مێژوو و بیرچوونەوە ٢٠٠٠

ئەمانەو چەندین کتێبی دەربارەی بوونگەرایی‌و فینۆمینۆلۆژیا وەرگێڕاوە بۆ فەڕەنسی، بە تایبەت کتێبەکانی هوێسرل‌و گادامێرو یاسپەرز، جگە لەمانەش چەندین موحازەرەی پێشکەشکراوی بە فەڕەنسی‌و زمانی تر کراون بە کتێب‌و عەرەبەکان بەشێکیان وەرگێڕاوە، بڕیاریش وایە لەمسالّدا زۆرترین بەرهەمی وەربگێڕن بۆ عەرەبی.

ئەم فەیلەسوفە مەزنە لە ٢٠/ئایار/ ٢٠٠٥ بۆ یەکجاریی لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا چاوی لێك نا.

## له بوونگەراییەوە بۆ فەلسەفەی زمان

ساڵی ١٩٦١ هەردوو کتێبی "مرۆڤی هەڵەکار"و "سیمبۆلیزمی بەدیی"م بڵاوکردەوە، هەر لەو کاتەدا گرفتێکی تایبەت بیری داگیر کردم، ئەویش ئەوە بوو کە چۆن لە فەلسەفەی ئیرادەدا کە ١٠ ساڵ لەوەوبەر سەرقاڵی نووسینی بووم، هەندێ ئەزمونی قوڵ پێشکەش بکەم. ئەم ئەزمونانەش پەیوەندییان بە "گوناه"و کۆیلایەتیو نامۆبوونەوە هەبێ، یان بە گوزارشتێکی ئاینی پەیوەندییان بە "هەڵە"وە هەبێ؟ ئەکرێ کێشەیەکی ئاوا بە زاراوەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی گوزارشتی لێ بکرێ، هەموو فەلسەفە

بوونگەراییەکانیش لە چلەکانو پەنجاکاندا ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەوە، ئەتوانین لەگەڵ-هایدیگەر- باسی ژیانی ساختە بکەین، یان لەگەڵ- یاسپێرز— دا دەربارەی هەڵوێستە پابەندەکان، یان دەربارەی بوونو خاوەنداریو بێئومێدیی لەگەڵ -مارسیل- دا بدوێین. ئەم کێشەیەی من گرنگیم پێدا سەر بەو بازنەی پرسیارەیە کە تا ڕادەیەك گرنگییەکی دیاریکراوتری هەیە، ئەبوایە من جیاوازیی بکەم لە نێوان کۆتاهاتنو گوناه دا. سەرنجێکم هەبوو، بەڵکو ڕەنگە باوەڕهێنانیش بووبێ بەوەی کە ئەم دوو زاراوەیە لە بوونگەرایی کلاسیکیدا لەسەر حسابی هەردوو ئەزمونەکە، مەیلی وێکچوونیان بووبێ، کە گوناه ئەبێتە حاڵەتێکی تایبەت لە حاڵەتەکانی کۆتاهاتن، لەبەر ئەمە سنوری چارەسەرکردنو لێبوردەیی ئەبەزێنێ، لە لایەکی تریشەوە کۆتاهاتن لە میانی گوناهەوە بە جۆرێکی هەستی بڵاوی شێتییو بێئومێدیی کاری تێئەکرێ. لەبەر ئەم هۆیە "کۆتابوونو گوناه"م وەك ناونیشانێکی گشتیی هەڵبژارد، بۆ هەردوو کتێبەکەی کە باسم کردن، جیاوازیو پەیوەندی نێوان ئەم دوو زاراوەیەش ئەو

کێشەیە بوو کە لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەم لەسەرکردبوو.

بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەیەکی لاوەکیش سەری هەڵدا، کە یەکسەر بووە پێشەنگی ئەو باسانەی دوای خۆی ئەویش کێشەی زمان بوو. بۆچی؟ لەبەرئەوەی گەر بتەوێ لە بونیادی ئیرادەدا دوورایی بەدیی ئاشکرا بکەی، هەر ئەبێ لە خودی میتۆدی وەسفەکەدا گۆڕانکاریی قوڵ بکەی. لە کاری یەکەمدا، بە هەموو قورساییمەوە پشتم بەو میتۆدی ڕامانگەراییە بەست، کە هوێسرڵو دووانەی بوونگەرایی یاسپێرزو مارسیل هێنایانە کایەوە، دوو کتێبم بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد. ڕەنگە لە ئێستەمدا ئەم جۆرە وەسفەی یەکەم ناو بنێم "دیاردەگەرایی ـــ فینۆمینۆلۆژیا ـــ"ی بوونگەرایی، هەرچەندە لە کاتی خۆیدا نەمئەوێرا بە دیاردەگەرایی ناوی ببەم، لەبەرئەوەی حەزم نەئەکرد هەوڵەکەی خۆم بخەمە ژێر سایەی شەرعییەتی هوێسرلەوە، کە ئەوکات کارەکانیم ئەکرد بە فەرەنسی. هەرچەندە دیاردەگەراییش بوون، بەو مانایەی کە هەوڵی ئەدا لە ئەزمونی ژیاوەوە ماناو بونیادی

جەوهەریی بۆ ئامانجو پرۆژەو پاڵنەرو ئیرادەو هەوڵ بە دەست بێنێ.

بە سەرپێیی تێبینیم کرد، دیاردەگەرایی ئەوکات هەندێ کێشەی لەخۆگرتبوو، کە ئێستە سەرباسی قوتابخانەی شیکردنەوەی زمانەوانییو فەلسەفەی کردارن. بەڵام ئەگەر دیاردەگەرایی بووبێ، دیاردەگەرایی بوونگەراییە بەو مانایەی کە ئەم بونیادە بنچینەییانە، کێشەی سەرەکی لە بەرجەستە بووندا ئەگرتەخۆ. بە هەرحاڵ، لەم هەوڵەی یەکەمدا پەیوەندی نێوان دیاردەگەرایی و بوونگەرایی هەر چۆنێ بووبێ، ئەمجۆرە فەلسەفاندنە تا ئێستە هیچ کێشەیەکی تایبەتی نەهێناوەتە ڕێی زمان، گەر باوەڕ وابێ کە زمانێکی ڕاستەوخۆمان هەبێ، ئەم زمانە ڕاستەوخۆیەش زمانی ئاسایی بوو کە وشەی وەك مەبەستو پاڵنەرو لەو جۆرەی تیا ئەبینینەوە. لەبەر ئەم هۆیە ئێستە بڕوام وایە کە بەیەکاچونێ لەم ئاستەی یەکەمدا هەیە لە نێوان فەلسەفەی زمانی ئاساییو دیاردەگەراییدا.

بەڵام ئێستە کێشەی -بەدیی-م هێناوەتە ناو کایەی توێژینەوەی گرفتە زمانەوانییە تازەکانەوە، کە

پێشتر نەبووە. ئەم گرفتە زمانناسیی یان زمانەوانیانە، بە بەکارهێنانی زمانی سیمبۆلییەوە بەند بوون، بەو پێیەی نزیکبوونەوەی ناڕاستەوخۆیە لە کێشەی گوناهە.

بۆچی نزیکبوونەوەی ناڕاستەوخۆ؟ ئەی بۆچی زمانی سیمبۆلیی، لە کاتێکدا کە پێویست بێ لەسەرمان لە فەلسەفەی کۆتاهاتنەوە بگوێزینەوە بۆ فەلسەفەی گومان؟ ئەم پرسیارەیە کە دەستی بەستوومەتەوە. لە ڕاستیدا، ئێمە زمانێکی ڕاستەوخۆمان هەیەو تیایدا مەبەستو پاڵنەرو " ئەتوانم کە" بڵێین، بەڵام بەهۆی مەجازو خواستنەوە قسە ئەکەین وەك نامۆبوونو، گومڕابوونو، بارگرانییو، کۆیلایەتی. سەرباری ئەوەش ئەڵێم، کە ئەم سیمبۆلانە گەر لە چوارچێوەی گێڕانەوەسازیی ئاڵۆزی "میتۆلۆژیا"دا نەبن ناتوانن وەڵامدەر بنو چیرۆکی دەستپێکی بەدیمان بۆ بگێڕنەوە: بەواتا چۆن خواوەندەکان لە زەمانی خۆیدا بەگژ یەکدا چوون، یان چۆن گیان دابەزییە ناوجەستەی ڕیسواوە، یان چۆن مرۆڤی سەرەتایی حەزی بزواو لاقەی ناشیاوی کردو یاخییەکی تەریکی لێدەرچوو.

لەبەرئەوە وامبینی کە تێڕامانی ڕاستەوخۆی خود، ناکرێ بەرەو پێش بچێ، بێ گرتنە بەری ڕێگەیەکی پێچاوپێچ، ئەویش بادانەوەی هێرمۆنتیکی ئەم سیمبۆلانەیە. بۆیە پێویست بوو لەسەرم کە دوورابیەکی هێرمۆنتیکیی لە ناو بونیادی هزری ڕامانگەرایی خۆیدا بخەمە بەرچاو. بە واتایەکی دی، ئەمتوانی بەدەر لە زمانی سیمبۆلیی لە کرداری مەبەستدار بدوێم، بەڵام لە توانامدا نەبوو بەبێ‌جۆرێ لە هێرمنیۆتیکا دەربارەی ئیرادەی خراپ یان دەربارەی بەدیی بدوێم. ئەمە یەکەمین شێوە بوو کە کێشەی زمانی پێ‌دەرکەوت لە جۆرێکی فەلسەفەدا کە لە سەرەتاوە فەلسەفەی زمان نەبوو، بەڵکو فەلسەفەی ئیرادەبوو. بابەتی یەکەمم بەسەریا سەپاندم کە لە بونیادی سیمبۆلیو میتۆلۆژیا بکۆڵمەوە: ئەم لێکۆڵینەوەیەش بە کێشی کردم بۆ کێشەیەکی گشتگیرتر لە هێرمنیۆتیکادا. هێرمنیۆتیکا چییە گەر شتێکی وەك زمانی ناڕاستەوخۆ لە ئارادابێ، یان زمانی خوازیاریی، گەر سیمبۆلو میتۆلۆژیا هەبن؟

بەڵام پێویستە بڵێم من ئەوکاتە دوورایی واقعیی کێشەی هێرمنیۆتیکام نەئەزانی. ڕەنگە لەبەرئەوە

بووبێ كە نەمویستووە خۆم لە قەرەی ئەم كێشە گەورەیە بدەم، هەوڵمداوە كە پێناسەی هێرمنیۆتیكا لە كێشەی هێرمۆنتیكیی زمانی سیمبۆلیدا ئەوق بكەم، تا ئێستەش هەر ئەم هەڵوێستە پیادە ئەكەم لەم كتێبەشمدا كە دەربارەی فرۆیدەو ئێستە لێی ئەدوێم. لە بەشی كۆتایی "سیمبۆلیزمی بەدیی"و بەشی یەكەمی "فرۆیدوفەلسەفە"دا، پێناسەی سیمبۆلیزمو هێرمنیۆتیكام یەك بە زاراوەكانی ئەویتر كرد، لە لایەكەوە، سیمبۆلیزم پێویستیی بە هێرمۆنتیكایەك هەیە، لەبەرئەوەی لەسەر بونیادێكی دەلالیی تایبەت ئەوەستێ، ئەوەش بونیادی گوزارشی مانا جووتەكانە. بە پێچەوانەشەوە كێشەیەكی هێرمۆنتیكیی هەیە لەبەرئەوەی زمانێكی ناڕاستەوخۆ هەیە. لەبەرئەمەش ناسنامەی هێرمنیۆتیكا بە هونەری كەشفكردنی واتا ناڕاستەوخۆكان دیاریكرا.

ئەمڕۆ ئەبێ كەمتر مەیلی ئەوەم هەبێ كە هێرمنیۆتیكا ئەوق بكەم لە كەشفكردنی مانا شاراوەكانی زمانی سیمبۆلیدا، وام پێچاكترە كە بەراوردی بكەم لەگەڵ كێشەیەكی گشتگیرتر لە زمانی نوسراوو دەقدا. (لە كۆتاییدا دێمە سەر باسی ئەم

مەسەلەیە) کەواتە بەمجۆرە کێشەی هێرمنیۆتیکام ناسی.

لە هەمان کاتدا، ڕەنگە تا ڕادەیەکیش دوای ئەوە، هەستم کردبێ کە ناچارم بایەخ پێدانم لە کێشەی بنەڕەتیی بونیادی ئیرادەوە بگۆڕم بۆ کێشەی زمان لە خودی خۆیدا، ئەو کێشەیە بە نائاکامیی مایەوە تەنانەت لەو کاتەشدا کە لێکۆڵینەوەم لەسەر بونیادە نامۆکانی سیمبۆلیزمی میتۆلۆژیا ئەکرد. ناچاربووم کە ئەوە بکەم لەبەر چەند هۆیەك، هەوڵ ئەدەم ئێستە ڕوونیان بکەمەوە. یەکەم، تێڕامانم لە بونیادی تیۆری شیکردنەوەی دەروونیی، دووەم، گۆڕانی گرنگ لە هەستی فەلسەفی، بەلانی کەمەوە لە فەڕەنسا، کە بونیادگەرایی دەستیکردبوو بەوەی جێگەی بوونگەرایی بگرێتەوە، بەڵکو جێی دیاردەگەراییش، سێیەم، بایەخدانی بەردەوامم بە کێشەی دەرهاویشتنی زمانی ئایینی، یان بە گوزارشێکی وردتر، بەوەی کە پێی ئەوترێ یەزدانناسیی"وشە" لە قوتابخانەی پێش بۆلتماندا، دواهەمینیشیان، بایەخ پێدانی زۆرم بە قوتابخانەی بەریتانیو ئەمەریکی لەبارەی فەلسەفەی زمانی ئاساییەوە، کە ڕێگەی تازەکردنەوەی

دیاردەگەرابیو وەلاْمـــــدانەوەی سنوربەزاندنەکانی بونیادگەرایم وەك یەك تیا بەدی کرد.

بایەخدانم بە شیکردنەوەی دەروونیی، بە یەکێك لە ماناکان، ئەنجامێکی سروشتی بوو بە بایەخدانم بە کێشەی ئیرادەو ئیرادەی خراپەو گوناه. کە لە ڕاستیدا ناتوانم درێژە بە تێڕامانێ بدەم لەسەر گوناه، گەر هێرمنیۆتیکای شیکردنەوەی دەروونیی بۆ گوناه ڕەچاو نەکەم. هەروەها شیکردنەوەی دەروونیی خۆیشی ڕاستەوخۆ ئەبەسترێتەوە بە گرفتە زمانەوانییەکانەوە بەهۆی بەکارهێنانی بونیادی سیمبۆلییەوە. کەواتە، کێشەی گوناه بە تەنیا ناچاری نەکردووم تا لە کێشەی شیکردنەوەی دەروونیی ڕابمێنم، بەڵکو بونیادی گشتیی زمان بە پێی شیکردنەوەی دەروونییش. ئایا خەونەکانو نیشانەی نەخۆشییەکان جۆرێ نین لە زمانی ناڕاستەوخۆ؟ سەرەڕای ئەوەش، شیکردنەوەی دەروونیی پێویستی بە پێدانی هێرمنیۆتیکایە نەك تەنها بۆ خەونو نیشانەی نەخۆشییەکان، بەڵکو بۆ تەواوی تانوپۆی ڕەمزە ڕۆشنبیرییەکانو، ئەو میتۆلۆژیا ئایینیانەش کە پێشتر بە میتۆدێکی وەسفیی هاوشێوەی ئەو میتۆدەی کە بەکاری ئەهێنم بۆ مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان، هەستم پێکردن، بە تایبەت

لە مارسیا ئەلیاد. لەبەرئەوە واپێویست بوو لەو شتە ڕابمێنم کە تا ئەو دەمە لە تێڕامانەکانم قوتار ببوو، ئەوەش ڕوویدا، ماناکەی ئەوە بوو کە دوو جۆر هێرمنیۆتیکا هەیە، نەك یەك هێرمنیۆتیکا، لەبەرئەوەی شیکردنەوەی دەروونیی پێویستیی بە هێرمۆنتیکی چڕکردنەوەی سیمبۆلەکانە. ئیتر لە توانادا نییە بیرۆکەی هێرمنیۆتیکای چڕکردنەوە پشت گوێ بخەین. لە ڕاستیدا، ئەبووایە تێبگەم کە فرۆید تەنیا پشتگیری هێرمنیۆتیکای چڕکردنەوە نییە، مارکسو نیتشە و پێش ئەوانیش فیورباخ، ئەبێ وایان تێبگەین بەو سیفەتەی کە باوکی میتۆدی چڕکردنەوەن. بانگەشەی شیکردنەوەی دەروونیی بۆ ڕاڤەکردنی سیمبۆلو میتۆلۆژیا بەو پێیەی بەری نواندنە نەستییەکانە، بەو پێیەشی کە گوزارشتی شێواون لە پەیوەندیی نێوان پاڵنەرە لیبیدییەکانو بونیادی چەپاندن لە منی باڵادا **super-ego**، ناچاریکردم چەمکی یەکەمم لە بارەی هێرمنیۆتیکاوە فراوان بکەمەوە بۆ ئەودیوی شیکردنەوەی دەلالیی "ئەبستراکت"ی گوزارشتی مانا جووتەکان.(واتە ناچاربووم هێرمنیۆتیکا فراوانتر بکەمەوە لەوەی کە تەنها شیکردنەوەیەکی ڕووت بێ لە نێوان دالو

مەدلولەکەیداو، ئەو تێڕوانینەی پێشتر ببەزێنێ. ــ و.ك ــ).

لێرە بەدواوە هێرمنیۆتیکا وایلێهات کە وەك مەیدانی جەنگ دەرکەوێو، بە دوو ئاڕاستەی کێبڕکێیی ئەکەوێتە گەڕ، یەکەمیان بەلای ڕاڤەکردنی چڕکردنەوەدا ئەیشکێنێتەوەو، دووەمیشیان بەلای چاککردنەوەو گێڕانەوەی مانای بنەڕەتیی سیمبۆل. کێشەی من پێکەوە گرێدانی ئەم دوو میتۆدەو تێگەیشتنی پەیوەندی نێوانیان بوو وەك بزاوتێکی دینامیکی، بۆ دەرچوون لە ساویلکەیی یەکەم لە میانەی ڕەخنەوە بەرەو ئەوەی کە ئەوکات بە ساویلکەیی دووەم ناوم ئەبرد. لەبەرئەوە، بێ ئەوەی دەستبەرداری پێناسەی پێشووشم بم بۆ هێرمنیۆتیکا بەو پێودانگەی کە تیۆری گشتیی زمانی سیمبۆلییە، پێویستبوو لە کرۆکی تیۆرەکە بدەم، جەمسەرگیریی نێوان ئەم دوو بابەتە هێرمۆنتیکییەو، تێڕامانی فەلسەفیشم گرێ بدەم نەك تەنها بە سیمۆلۆژیای ناڕاستەوخۆوە، بەڵکو بە بونیادی بەیەکادراوی ئەرکی هێرمۆنتیکیشەوە، بەم ڕێگەیە، ڕەگەزێکی درامیی ئەخەمە سەر ناسینی پێشوو بۆ پێویستیی بادانەوە لە میانەی مانای تەمومژاویو شاراوەوە.

لەو کتێبەمدا کە دەربارەی فرۆید بوو ١٩٦٥، ئەم ناساندنە جووتە ڕەنگی داوەتەوە، یەکەم پێویستیی بادانەوە لە میانەی هێما ناڕاستەوخۆکانەوە، دووەمیش بونیادی ناکۆکی هێرمنیۆتیکا، دواتریش بۆ ناسینی خود. ناسینی خود ئەم تێکۆشانەیە لە پێناوی ڕاستیدا بە ناوەندیاریی تێکچڕژانی ناوەکیی نێوان هێرمنیۆتیکای چڕکردنەوە (أختزالی)و هێرمنیۆتیکای گەڕاندنەوەیی (استرجاعی).

ئێستاش هەر ئەبێ وشەیەك هەبێ دەربارەی هۆی دووەمی گۆڕان لە دیاردەگەرایی بوونگەراییەوە بۆ جۆرێ لە فەلسەفاندن کە بایەخی زیاتر بە زمان ئەدا. دەربارەی گۆڕانی گشتیی دیمەنی فەلسەفیی فەڕەنسا قسەمکرد، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بونیادگەرایی وەك ڕێچکەیەکی دیار لە فەلسەفەدا. ئەم نموونە تازەیە لە فەلسەفاندندا لە زمانناسییەوە هاتبوو یان وردتر، هەوڵێ بوو بۆ بە سەردابڕینی ئەو نمونەیەی کە لە زانستی سیستمە دەنگییەکان"فینۆلۆژیا"دا سەرکەوتنی بەدەست هێنابووو بەسەر زانستی دەلالەکانو تەواوی لقەکانی تری سیمۆلۆژیادا بلاوبکرێتەوە. بەقەدەر ئەوەی کە

ڕەمز لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو لە زیادبوونە، بەقەدەر ئەوەش سوود وەرگرتن لە نموونەی بونیادگەریی سەرکەوتوو ئەبێ. هەروەك ئەزانن، نموونەی بونیادگەریی لە دووپاتکردنەوەی زماندایە بەوەی کە پێش ئەوەی پرۆسە یان ڕووداوێك بێ، سیستمێکە لە سیمبۆل، ئەم سیستمە لەسەر ئاستی هەستی قسەکەر نییە، بەڵکو لە ئاستێکی لەو نزمتردایە، ئەوەش ئاستێکە لە جۆری نەستی بونیادگەریی. بونیادگەریی کە فەلسەفەیە، ئەنجامە ڕیشەییە یەکلاکراوەکان لەم نموونە ئیپستمۆلۆژییەوە وەرئەگرێ کە ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر دانپیانراوە بوونگەراییەکان. پێش هەموو شتێکیش، بونیادگەریی ئەو لە پێشەوە بوونەی ڕامالّیی، کە بە توندیی بوونگەرایی جەختی لەسەر ئەکردەوە، بە گواستنەوەی چێوەی شیکردنەوە لە ئاستی مەبەستە خودگەراییەکانەوە بۆ ئاستی بونیادی زمانەوانیو سیمۆلۆژیا.

هێرمنیۆتیکا شان بە شانی بوونگەرایی‌و فینۆمینۆلۆژیای بوونگەرایی بانگــــکرا بۆ لێــــپرسینەوە. بــــیرۆکەی ئەوەی کە زمان لە سیستــــمێکی داخــــراوی نیشانە

پێکـــــهاتووەو، هەر ڕەگەزێك تەنها ئـــــاماژە بۆ ڕەگەزی سیستمەکەی تر ئەکا، داوای هێرمنیۆتیکا گەیشتن بەودیـــــوی "هەست _الحس _" دوور ئەخاتەوە ـــــ بەو پێیەی ناوەڕۆکی ناوەکی دەقە ـــــ یان بە " ڕەوانەکردن"واتە ئەوەی "دەربارە"ی جیهان ئەیلێ. زمان لای بونیادگەریی ئاماژە بۆ هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی ناکا، بەڵکو بەخۆی جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی پێك ئەهێنێ. بونیادگەریی بە تەنیا دەق لە جیهانی دەرەوە دانابڕێ، بەڵکو پەیوەندی بەو نووسەرەشەوە دائەبڕێ کە"مەبەستی بووە"و ئەو خوێنەرەشی کە "لێکیئەداتەوە".ئەم ڕەوانەکردنە دوولقییە بۆ خودی دەق، گەر دانەر بێ یان خوێنەر، بونیادگەرایی ڕەتی ئەکاتەوە بەو پێیەی کە "سایکۆلۆژی"و"خودگەرایی"ە.

کاتێ ڕووبەڕووی ئەم هەڵوێستە بوومەوە، ویستم کاردانەوەم بەمجۆرە بێ. سەرەتا هەوڵمدا زیاتر پەی بە کێشە زمانناسییەکان بەرم. دووەم، هەوڵمدا بەپێی توانام میتۆدی بونیادگەرایی تێکەڵ بە هێرمنیۆتیکا بکەم بە پێکهێنانی پەیوەندییەکی باشتر لە نێوان قۆناغی ڕاڤەکردنی بابەتیو قۆناغی دەست بە

سەراگـــــرتـــــنی خود، ئەنجامی ئەم دایالۆگ کردنەشم لەگەڵ شتراوسدا ئەم بەرهەمەی لێکەوتەوە.

ئەو جۆرە هێرمنیۆتیکایەی ئێستە لام پەسەندە، لە ناسینی دەقی بابەتییەوە دەست پێئەکا کە شتێکی جیاوازە لە مەبەستی خودی نووسەر. ئەم مانا بابەتییەش شتێکی شاراوە نییە لەو دیوی دەقەوە، بەڵکو داوایەکەو ئاڕاستەی خوێنەر ئەکرێ. دوای ئەوەش، هێرمنیۆتیکا جۆرێکە لە ملکەچ کردن بۆ ئەو فرمانەی لە دەقەوە دەرئەچێ. ناکرێ بڕیاری دوورخستنەوەی چەمکی"بازنەی هێرمۆنتیکی"ش بەم گواستنەوەیە لە ناو هێرمنیۆتیکادا بدرێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە بە زاراوەی تازە دائەڕێژرێتەوە. ئەوە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان خودگەرایی دانەرو خودگەرایی خوێنەر هەڵناقوڵێ بەقەدەر ئەوەی لە پەیوەندی نێوان دوو گوتارەوە هەڵئەقوڵێ، گوتاری دەقو گوتاری هێرمنیۆتیکا. ئەم پەیوەندییەش واتە ئەوەی کە پێویستە لە دەقێکدا لێکبدرێتەوە، ئەوەیە کە ئەیلێو باسی ئەکا، یان جۆری ئەو جیهانەی ئەیکاتەوەو دایئەخاتەوە، بەڵام کردەی "دەست بە سەراگرتن"ی دوایی، کەمتر بە ئارەزووی مرۆ دائەبڕێ

بەسەر دەقدا، وەك لە "پێکدالکانی ئاسۆکان" گەر بە ڕێگەی ـــــ هانز جۆرج گادامێر ـــــ بدوێین، کاتێ لە بە یەکاچوونی جیهانی خوێنەرو جیهانی دەقدا ڕوودەداو تێکەڵ بە یەکترەبن.

ئەم جێگۆڕکێیە لەناو هێرمنیۆتیکادا لە ئاراستەی "ڕۆمانسی"یەوە بەرەو ئاراستەیەکی "بابەتیی"تر دەرەنجامی گەشتێکی دوورودرێژە بە بونیادگەراییدا. لە هەمان کاتدا ئەبووایە دەستبەرداری پێناسەی کۆنی هێرمنیۆتیکام بم بەو پێیەی لێکدانەوەی زمانی سیمبۆلیزم بوو. ئێستەش ئارەزووی ئەوە ئەکەم هێرمنیۆتیکا بەو کێشە تایبەتانە بگەیەنم کە وەرگێڕانی مانای بابەتیی زمانی نووسراو ئەیخاتە ڕوو، پێش تاوێ ناومنا دەست بەسەراگرتن. بەم شێوەیە پرسیارە گشتگیرەکەمان: ئەوەی کە دەقێك لێکئەداتەوە چییە؟ ئەچێتە جێگەی پرسیارەکەی یەکەمین: ئەوەی کە زمانی سیمبۆلیی لێکئەداتەوە چییە؟ پەیوەندی نێوان پێناسەی یەکەمو پێناسەی نوێ لای من کێشەیەکی چارەسەر نەکراوەو ئەبێتە بابەتی کاری داهاتووم. ئەو کۆمەڵە موحازەرەیەی کەساڵی پار لەم زانکۆیەدا وتمەوە هەوڵی یەکەمی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم قورسییەدا دەرخست.

ئێستە ئەمەوێ کە چەند وشەیەك دەربارەی ئەو کایەی سێیەمی باسە بڵێم کە پاڵنەرو یارمەتیدەری خۆمم تیا بینییەوە لە کۆششەکەمدا بۆ ساغکردنەوەی نێوان دیاردەگەرایی و فەلسەفەی زمان. قوتابخانەکانی یەزدانناسیی دوای بۆڵتمان و بەتایبەتی قوتابخانەی (ئیبلینگو فۆکس) م وا هاتە بەرچاو، کە دوای پێشکەوتنێکی هاوشانو چوونیەك کەوتوون. بۆڵتمان دوو دیاریکردنی بنەڕەتی بەسەر زمانی ئایینیدا سەپاند. لە لایەکەوە، میتۆلۆژیای بە پەرچەدژی پەیامی گەیەنراو دانا. بەمجۆرەش داماڵینی میتۆلۆژیا لە ئینجیلەکان بوو بە کێشەی سەرەکی، ئەمەش وا مایەوە بە بێ ئەوەی پرسی زمانی ئایینی ڕەچاو بکرێ بەو پێیەی کێشەیەکی دەگمەنە. لەلایەکی تریشەوە، پێویست بوو تێگەیشتن بە پەرچەدژی ڕوونکردنەوە دابنرێ، لەو شێوە دژ پێکهێنانەی نێوان تێگەیشتنو ڕوونکردنەوە کە لە "دلتای"ەوە جێمابوو. بەمشێوەیە یەزدانناسیی ئینجیلیی بە بەندیی هێرمنیۆتیکای ڕۆمانسیزم مایەوە. ناسینی ئەمە، ڕاڤەکارو یەزدانناسەکانی پاش بۆڵتمانی پێشڕەویی کرد، بۆ ملکەچ پێکردنی کێشەی داماڵینی میتۆلۆژیا لە

ئینجیلەکانو کێشەی هێرمنیۆتیکای بوونگەرایی، بۆ کێشەیەکی فراوانتر لە "زمانەوانیی" ئەزمونی مرۆڤایەتی کە وایکرد دەرکەوتنی دەق لە تواناد‌ا بێو وەڵامدانەوەی هێرمنیۆتیکاش لەگەڵ ئەم دەرکەوتنەدا پێکەوە بن. جەمسەرگیریی نێوان میتۆلۆژیاو پەیامی گەیەنراو تیایدا، لە لایەکەوە، لە نێوان هێرمنیۆتیکاو ڕوونکردنەوەش لە لایەکی ترەوە، وا دەرئەکەوت کە چارەسەرێکی ناتەواوبێ بۆ پرسیارێکی گشتگیرتر لە چۆنێتیی کاری زمانی ئاینیی.

لەبەر ئەم هۆیە دەرکەوت کە لێکۆڵینەوە تەرخانکراوەکان بۆ وشەی"خوا"، یان گشتگیرتر "بۆ ئاخاوتنی خوایی" لەم تێڕوانینە فراوانەوە، بایەخدارترو بە بەرترە لە لێکۆڵینەوەی میتۆلۆژیاو داماڵینی میتۆلۆژیا. ئەم باسانەش لەگەڵ ئەو پرسیارە زمانناسیو دەلالیانەدا یەکیانگرتەوە لەوەدا کە چۆن وشە لە سیستمی جیاوازدا کارئەکا. هەروەك لەگەڵ پرسیارەکە تێکچڕژان، دەربارەی ئەو چۆنێتییەی کە تیایدا فۆرمی گوتارێکی دیاریکراو "وەك حیکایەت یان سروش یان پەیام ـــــ مەبەست لە پەیامی داودی یە (و.ك) ـــــ یان پەند "ئەبەسترێتەوە بە ناوەڕۆکێکی

یەزدانناسیانەی دیاریکراوەوە. لەبەر ئەوە من گرنگی ئەدەم بەوەی کە "دۆناڵد ئیڤانز"و، "جۆن ماکواری"و،" لانگدن گیلکی" لە کایەی دەلالیی گوتاری ئایینییدا ئەیکەن. بەو ئەندازەیەش گرنگیمدا بەوەی کە "جیرار ڤۆن راد"و، "یواشیم جیرمییێ"و، "دانیاڵ ڤیا"و، "نۆرمان بیران"، ئەیانوت دەربارەی پەیوەندی نێوان فۆرمی گێڕانەوە یان دارشتنی پەندو، نێوان جۆرەکانی دانپیانانی باوەڕهێنان.

ئەوەی کە ئێستە پێویستمانە چوارچێوەیەکی تازەیە رێگەمان پێبدا کە هێرمنیۆتیکای ئینجیلی ببەستینەوە بە هێرمنیۆتیکای گشتیی تێگەیەنراوەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پرسیارە لەوەی تێگەیشتن چییە لە پەیوەندی بە راڤە کردنی دەقو روونکردنەوەی. ئەوەش وەزیفەی زانستی هێرمۆنتیکی گشتییە کە وەڵامی هەندێ کێشە بداتەوە وەك: دەق چییە؟ پەیوەندی نێوان زمانی قسەکردنو زمانی نووسراو چییە؟ پەیوەندی نێوان تێگەیشتنو راڤەکردن چییە لە چوارچێوەی کاری گشتیی خوێندنەوەدا؟ بۆ شێوەی ئەم کێشە گشتیانەی زانستی هێرمۆنتیك ئەبێ هێرمنیۆتیکای ئینجیلیی مل بدا.

لەلایەکی ترەوە، تایبەتمەندێتیی هێرمنیۆتیکای ئینجیلیی بە تەواویی بەجێیە: بەڵام ناتوانرێ بە شێوەیەکی یەکانگیر بخرێتە بەرچاو، تەنها لەسەر بناغەی زانستی هێرمۆنتیکی گشتیی نەبێ. هەرئەبێ پرسیاری وەك ئەمە دەربکەوێ: مەبەستمان لە کرۆکی ئەو پەیامە چییە کە " ئامۆژگاریکردن ـــــ التبشیرـــــ" ئەیگەیێنێ؟ پەیوەندییەکانی نێوان باوەڕو "وشە" چین، لە نێوان سروشتی " کەوتنەڕوو"ی لایەنگری هەموو دەقە ئایینییەکان تەنانەت نائایینییەکانیش (تراژیدیا، شیعر، ڕۆمان...هتد)و لە نێوان مەبەست لە چەمکی بەهرە؟ پشکداریی تیۆری گشتیی لە گوتاردا یان لە دەقدا چییە، لە بیرۆکەی سوننەتیدا دەربارەی سروش؟ هەموو ئەم کێشە سوننەتیانە ئەتوانرێ تازە بکرێنەوە کاتێ کە بە ڕێگەیەکی دیالێکتیکیی بەراورد ئەکرێن بە زانستی هێرمۆنتیکی گشتییو میتۆدەکانی.

ئەم ڕووپێوە گشتییەی ئەو کێشەو میتۆدانە کە پشکداربوون لە بایەخدانی ئێستەم بە هێرمنیۆتیکای فەلسەفیی، بەچەند وشەیەکی کەم دەربارەی ئەو کارتێکردنە زۆرەی قوتابخانەی بەریتانیو ئەمەریکی لە بارەی فەلسەفەی زمانی ئاساییەوە دروستیان کردووە

لە توێژینەوەکانمدا کۆتایی پێدێنم. باوەڕناکەم دوا وشە بۆ ئەم فەلسەفەیە بێ، بەڵکو بەلانی کەمەوە وای ئەبینم کە قۆناغێکی یەکەمی توێژینەوەی فەلسەفیی پێویستە. بە ڕای من بەشداریی فەلسەفەی زمانی ئاسایی ڕۆژانە، دوو کەرتە: یەکەم، سەلماندی کە زمانی ئاسایی کارناکاو ناتوانێ کاربکاو، ناشبێ بەپێی کلێشەی ئەو زمانە نموونەییە کاربکا کە لۆژیکناسو ماتماتیکناسەکان دایانهێنا. گۆڕانی بەها دەلالیەکانو هەستیارییان بە سیستمەکانو، سروشتی هاوواتایی چڕناکرێنەوە بۆ وشەی فەرهەنگیی زمانی ئاسایی، هەموو ئەمانەش زیانو نەخۆشیی کاتیی نین دارشتنەوەی زمان دووری بخاتەوە، بەڵکو حاڵەتە هەمیشەییو بە سوودەکانی کاری زمانی ئاسایین. بۆم دەرکەوت ئەم تایبەتمەندێتییە هاوواتاییەی وشە کە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بەکاری ئەهێنین، مەرجی سەرەکیی گوتاری سیمبۆلییە، دوای ئەوەش، سەرەتاترین چینی تیۆری خواستنو سیمبۆلو پەندە...هتد.

دووەم، ئێستە زمانی ئاسایی وا ئەبینم، لەمەدا دوای کارەکانی "فنگنشتاین"و"ئۆستن" کەوتووم، جۆرێك لە کۆگای ئەو گوزارشتانەن کە پارێزگارییان

لەوپەڕی وزەی وەسفگەرایی کردووە ئەوەندەی تایبەت بێ بە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە، بەتایبەتی لە جیهانی کردارو هەستەکاندا. هەندێ جیاکاریی زۆر بێگەردو گونجاو کە پێویستیی وشە ئاساییەکانە، ڕێچکەیەکی زمانناسیی فەراهەم ئەکا بۆ هەموو شیکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژیی. ئێستەش ڕەنگە وەرگرتنەوەی مەرامو مەبەستی ئەزمونەکانی زمانی ئاسایی، چالاکیی بنەڕەتیی بێ بۆ دیاردەگەرایی یان دیاردەگەرایی زمانناسیی،ئەوەش دیاردەگەراییە کە ئەیەوێ لە هەموو جۆرە جیاکارییەکی زمانەوانی پەتیی ڕزگاری بێ کە هیچی تیا دەربەست نییەو، هەموو داوایەك بۆ دەستبەکاربوونی سووسەکردنی ئەزمونی ژیاو جێبەجێ نەکرێ. سوپاس بۆ چێژ بەخشینی توێژینەوەی زمانەوانیی بە دیاردەگەرایی، ئەمیش پەتاکەی بەریداو جارێکی تر تەندروستی بۆ گەڕایەوە. (لەوبڕوایەدام کە هەمان شت بۆ فەلسەفەی زمانی ئاساییش ڕاست بێ، واتە ئەگەر بلکێ بە دیاردەگەرییەوە، ئەوا دنیابینیی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوەو تازەشی ئەکاتەوە).

تەنیا لە دیاردەگەراییەوە، هەندێ مانا لە توێژینەوەی وردی کاری زمانی ئاساییدا هەڵناهێنجرێ،

بەڵکو لە هێرمنیۆتیکاشەوە. پێشتر سەرنجێکمدا لەسەر پەیوەندی نێوان کاری گوتاری سیمبۆلیو بونیادی هاوواتای وشەی ئاسایی ڕۆژانە. ئەتوانین ماوەیەکی تر بدەینە دەم تەریب بوونەکەو فراوانی بکەینەوە: تێگەیشتن، بەزۆرترین مانای وشەکە، باوە ـــ با وەك لە گفتوگۆدا هاتووە بڵێین ـــ لە بنەڕەتەوە پرۆسەیەکی خودیی ئاڵوگۆڕکراوە. هەروەك کە زمانی ئاسایی لە زمانی نموونەیی ناچیو جیاوازن لەوەدا کە گوزارشتی نەگۆڕو سەربەخۆی نییە دەربارەی بەکارهێنانە ڕەوتییەکانی، کەواتە تێگەیشتنی هەر گوتارێ لێکدانەوەی جێبەجێ کردنی بەها هاوواتاکانییەتی، بە پشتبەستن بەوەندەی کە سیستمەکە ڕێگەی پێئەداو پێشنیازی ئەکا. ئەوەی لە حاڵەتی زۆر ئاڵۆزتر لە لێکدانەوەی دەقیی ڕووئەداو، ئەوەی کێشەی سەرەکیی هێرمنیۆتیکا پێك ئەهێنێ، پێشتر پرۆسەی هێرمۆنتیکیی ڕایگەیاندووە بەو شێوەیەی لە زمانی ئاساییدا وەڵام ئەداتەوە. بەمشێوەیە ئەکرێ کێشەی لێکدانەوەی دەقیی بە تەواویی تازە بکەینەوە بە ناسینی ڕەگوڕیشەی، لە

خودی کاری زمانی ئاساییدا. ئەمانە ئەو کێشانەن کە ئێستە کاریان لەسەر ئەکەم‌و تێیان ڕائەمێنم.

بەقەدەر ئەوەی هێرمنیۆتیکا لێکدانەوەیەکی ئاڕاستەکراوە بۆ دەق، بەقەدەر ئەوەی دەقیش، لە نێو شتەکانی تردا، حاڵەتە لە زمانی نووسراودا، کەواتە هیچ تیۆرێکی هێرمۆنتیکی نایەتە ئاراوە، ئەگەر نەکەوێتە کێشەوە لەگەڵ نووسیندا. لەبەر ئەوە ئامانج لەم وتارە دوو بەشە: لە یەکەمیدا ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە گواستنەوە لە ئاخاوتنەوە بۆ نووسین مەرجی تایبەتی خۆی هەیە لە تیۆری گوتاردا، بەتایبەت لە دیالێکتیکی ڕووداوو مانا- واتا- دا. ئامانجی دووەمیشم ئەوەیە ئەو جۆرەی دەرهاویشتنی مەبەستدار کە نووسین بە کێشەی سەرەکی هێرمنیۆتیکا نیشانی ئەدا، مەبەستم کێشەی دوورکەوتنەوەیە، ببەستمەوە هەر بە چەمکی دەرەکی خۆیەوە. کە لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا لە ڕەخنە زیاتر بەکار ئەهێنرێ، لە بەشی دووەمیشدا ئەبێتە چەمکێکی گرفتدار. ڕەخنەی ئەفلاتونیش لە نووسین بەو پێیەی کە نامۆ بوونە، خاڵی گەڕانەوەمان لە چارەسەری وەسفگەراییەوە بۆ چارەسەری ڕەخنەگرانە دەست ئەخا، بۆ دەرهاویشتنی گوتارێکی گونجاو بۆ نووسین.

## ئاخاوتن و نوسین

بەقەدەر ئەوەی هێرمنیۆتیکا لێکدانەوەیەکی ئاراستەکراوە بۆ دەق ، بەقەدەر ئەوەی دەقیش، لە نێو شتەکانی تردا، حاڵەتە لە زمانی نووسراودا، کەواتە هیچ تیۆرێکی هێرمۆنتیکی نایەتە ئاراوە، ئەگەر نەکەوێتە کێشەوە لەگەڵ نووسیندا. لەبەر ئەوە ئامانج لەم وتارە دوو بەشە: لە یەکەمیدا ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە گواستنەوە لە ئاخاوتنەوە بۆ نووسین مەرجی تایبەتی خۆی هەیە لە تیۆری گوتاردا، بەتایبەت لە دیالێکتیکی ڕووداوو مانا- واتا- دا. ئامانجی دووەمیشم ئەوەیە ئەو جۆرەی دەرهاویشتنی مەبەستدار کە نووسین بە کێشەی سەرەکی

هێرمنیۆتیکا نیشانی ئەدا، مەبەستم کێشەی دوورکەوتنەوەیە، ببەستمەوە هەر بە چەمکی دەرەکی خۆیەوە. کە لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا لە ڕەخنە زیاتر بەکار ئەهێنرێ ، لە بەشی دووەمیشدا ئەبێتە چەمکێکی گرفتدار. ڕەخنەی ئەفلاتونیش لە نووسین بەو پێیەی کە نامۆ بوونە، خاڵی گەڕانەوەمان لە چارەسەری وەسفگەراییەوە بۆ چارەسەری ڕەخنەگرانە دەست ئەخا، بۆ دەرهاویشتنی گوتارێکی گونجاو بۆ نووسین.

### لە ئاخاوتنەوە بۆ نوسین

ئەوەی لە نووسیندا ڕوو ئەدا درەوشانەوەی تەواوی شتێکە، لە بارە گریمانەییەکەیدا شتێکە لە ئاخاوتنی زیندووەوە پەیدا ئەبێ، کە دابڕانی مانایە لە ڕووداو، بەڵام ئەم لە یەکتر دابڕینە بۆ ئەو مەبەستە نییە بونیادی سەرەکی گوتار نەهێڵێ، چوون سەربەخۆیی دەلالی دەق کە ئێستە دەرئەکەوێ هەر بە دیالێکتیکی ڕووداوو مانا مەحکومە، جگە لەوەش ئەتوانین بڵێین ئەم دیالێکتیکە لە نووسیندا دەرئەکەوێ‌و ڕوونترە. نووسینیش درەوشانەوەی تەواوی

گوتارە. سوربوونیش -وەك دریدا لە دەنگو دیاردەدا وتوویەتی- لەسەر ئەوەی کە نووسین ڕەگێکی دیاری لە ئاخاوتنەوەیە —یاخود لە ئاخاوتنەوە سەرچاوە ئەگرێ -، ئەم بنچینەیەش بەدحاڵیی بوونی تیا بوو، لەبەر ئەوەی زیادەڕۆییمان کرد لە گرنگییدانمان بە ئاخاوتنو دەنگو لۆگۆس، ئەوەش زیادەڕۆییە لە دیاریکردنی هەردوو چەشنەکەی کە گوتار پێك ئەهێنن لە پێکهاتنە دیالێکتیکییەکەیدا.

لەبری ئەوە پێشنیاز ئەکەم لەو هێڵکارییەوە دەست پێبکەین کە ڕۆمان جاکۆپسن لە وتارە بەناوبانگەکەی " زانستی زمانو شیعرییەت"دا وەسفی ئەکا. جاکۆپسن شەش ڕەگەز لە گوتاری پەیوەندی گرتندا لە یەکتر نزیك ئەکاتەوە — بگۆو گوێگرو ناوەند "یان کەناڵی پەیوەندی گرتن"و کۆدو ڕەوتو نامە- و شەش وەزیفەش کە: هەڵچونی، ڕازیکاریی، بە تەنگەوەهاتن، زمانەوانی ڕوونکردنەوەیی، سەرچاوەی بنەڕەتیو شیعرییەتە، گەر ئەم هێڵکارییە بکەینە خاڵی دەسپێك، ئەوکات لە هەر گۆڕانکاریو وەرچەرخانو شێواندنێك ئەپرسینەوە کە کارئەکاتە سەر ئاوێتەبوونی ڕووداوو وەزیفەکان کاتێ گوتار لە نووسیندا دێربەند ئەکرێ.

**نامەو ناوەند: جێگیركردن**

ڕوونترین گۆڕانكاری كە بەسەر وەرچەرخانی ئاخاوتندا دێ بۆ نووسین، گرنگیی ئەدا بە پەیوەندی نێوان نامەو ناوەندەكەی، یان ئەو كەناڵەی كە پیایدا تێپەڕ ئەبێ. گۆڕانكاری یەكەم لە پێشدا وا دەرئەكەوێ كە تەنها بایەخ بە پەیوەندییەكە خۆی ئەدا، بەڵام پشكنینێكی لەسەرخۆ دەریئەخا كە لە هەموو لایەكەوە ڕۆشن ئەبێتەوە، بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوەش كار ئەكاتە سەر هەموو هۆكارو وەزیفەكان. لەبەر ئەوە كارەكەمان لەم گۆڕانە سەرەكییەوە بەرەو كاریگەرێتییە جۆراوجۆرەكانی بۆ سەر دەوروبەر ئەچێ- واتە دەوروبەری كەناڵی پەیوەندی گرتنەكە-.

وەك گۆڕانێكی سادەیش لە سروشتی ناوەندی پەیوەندی گرتندا، كێشەی نووسین لەگەڵ كێشەی جێگیركردنی گوتاردا لە هەڵگرێكی دەرەكیدا كۆك ئەبن، جا گەر بەرد، یا زەل، یاخود گەڵا بێ، یان هەر شتێكی تری جیاواز لە دەنگی مرۆڤ. ئەم دێڕبەندیی " **inscription** " ە كە جێی دەربڕینی دەنگیی یان دەربڕین بە دەموچاوو نیشانەكان ئەگرێتەوە، بۆخۆی دەسكەوتێكی ڕۆشنبیریی گەورەیە، كە واقیعی مرۆڤیی

تیا ونەو ئێستە لەبری ئەو- واتە مرۆڤ-، هێما مادییەکان نامەکان ئەگوێزنەوە. دەسکەوتێکی رۆشنبیریشە کە لە پێشدا بایەخ بە گوتاری ڕووداوەکان ئەداو دواتر بە مانا. لەبەر ئەوەی گوتاریش لە ساتەوەختێکا بە تەنها هەیەو ئامادەیە لە گوتاردا، ئەوکات وەك ئاخاوتن تێئەپەڕێو وەك نووسین جێگیر ئەبێ، لەبەر ئەوەی ڕووداویش دەرئەکەوێو بزر ئەبێ، کێشەی جێگیرکردن یاخود دێڕبەندیی لێرەدا دروست ئەبێ. ئەوەی ئەمانەوێ جێگیریشی بکەین گوتارە، نەك زمان بەو پێیەی کە زمانە**language**. ئەوەش ناکرێ بە فراوانکردنەوە نەبێ، بە دێڕبەندیی ئەلفو بێو فەرهەنگو بنەماکان جێگیری ئەکەین، هەرچی شتێکیش یارمەتی جێگیر کردن بدا، کە بتوانرێ بە تەنیا خۆی جێگیر ببێ، گوتارە. سیستمی زمانی نا- زەمەنی دەرناکەوێو ونیش نابێ، لەبەر ئەوەی بە ئاسانی دەست ناکەوێ. گوتار بە تەنها خۆیەتی کە پێویستە جێگیر بکرێ، لەبەر ئەوەی گوتار بەو پێیەی کە ڕووداوە، ون ئەبێ.

بەڵام ئەم وەسفە نا- دیالێکتیکییەی جێگیر کردن، ناگاتە کرۆکی پڕۆسیسی دێڕبەندیی. ڕەنگە لە

چركەساتی ڕوودانی گوتاردا نووسین ڕزگاربكا، لەبەر ئەوەی، ئەوشتەی كە نووسین جێگیری ئەكا ڕووداوی ئاخاوتن نییە، بەڵكو " وتن"ی ئاخاوتنە، واتە پێكهێنەری دەرهاویشتنی مەبەستدار بۆ جوتەی " ڕووداو- مانا". ئەوەی كە ئەینووسین‌و دێڕبەندی ئەكەین، بە ئەقڵكردنی پەتیی ناوەڕۆكیی "نۆئیما- **noema**"ی كردەی ئاخاوتنە، ئەوە مانای ڕووداوی ئاخاوتنە، نەك ڕووداو بەوەی كە ڕووداوە. ئەم دێڕبەندییەش -جگە لەو مەترسیانەی كە هەیەتی‌و پاشتر باسی شوێنكەوتوانی ئەفلاتون ئەكەین لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا- دوا ئامانجی گوتارە. گوتاریش تەنها بەوەی كە گوتارە، تەواوی مانای ناوەكی دیالێكتیكانەی پێكنایە، تا كاتێ وتن **sagen** ئەگۆڕێ بۆ دەرخستن‌و دەنگ لێهاتن **Aus-sagen** .

لێرەدا پێویست بە ڕامانی لە ڕادەبەدەر ناكا لە بیرۆكەی ڕووداوی ئاخاوتن‌و لە میانەی وەسفی تەواوی كرداری ئاخاوتنەوە، واتە بەو پێیەی گوزارشتكاری‌و پەخشنامەیی‌و تێپەڕكاریی‌و وتنێكی كاریگەرە. هەر یەك لەم كردارانە ڕێی دیالێكتیكی ڕووداو- مانا خۆش ئەكا. لەبەر ئەوەی كە ئاماژە ڕێزمانییەكانیش بە

ڕێگەیەکی دەرەکیو ئاشکرا دەرئەبڕین، دەرهاویشتنی گوتاری مەبەستدار، مانای ئەوەیە بە تەواوی ڕیزبەندیی هەموو بەشەکانی کرداری ئاخاوتنەوەیە: کردەی گوزارشتیی لە ڕستەوە دەرهاوێژرێ، کە ئەکرێ بونیادە ناوەکییەکەی دیاری بکرێو جارێکی تریش دیاری بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە یەك ڕستەیی بمێنێتەوە- واتە گۆڕانکاری بە سەردا نەیەت.- لەبەر ئەوە ئەکرێ دێڕبەندیی بۆ بکرێو هەڵبگیرێ. بەقەدەر ئەوەی بەهۆی نموونە ڕێساییەکانەوە نمونەی کردەکانی تێپەڕکاریی دەرئەهاوێژرێ، ئەو کارڕاییانەشی کە تێری ئەکەن "هێزەکەی"، ئەتوانرێ ئەویش دێڕبەند بکرێ. بەڵام بەقەدەر ئەوەی کە هێزی تێپەڕکاریی لە گوتاری وتراودا پشت بە لاساکردنەوەو نیشانەو هەروەها ئەو شێوە گوتارانە ئەبەستێ کە ناکرێ بەزار بوترێن، کە ناویان ئەنێین بە ڕیتمو لەرە، ئەبێ دان بەوەدا بنێین کە هێزی تێپەڕکاریی کەمتر دەسەڵاتی بەسەر دێڕبەندیدا ئەشکێ لە مەسەلەی مانادا، دواجاریش، وتنی کاریگەر ئەو لایەنەیە کە کەمترین توانستی هەیە لەسەر دێڕبەندیی گوتار، ئەو سیمایەکە لە سیماکانی زمانی وتراو، نەك لە سیمای زمانی نووسراو.

لە هەموو حاڵەتێکدا، دەرهاویشتنی مەبەستداری گونجاو بۆ هەموو چینەکانی کرداری ئاخاوتن، ئەوەیە وا ئەکا لە تواناداب‌ێ دێڕبەندیی بە نووسین هەب‌ێ. لێرەشەوە فراوان بوونەوەی گرفتی جێگیرکردن، لە دوا شیکردنەوەدا، یەکسان ئەبێتەوە بە فراوان بوونەوەی دەرهاویشتنی مەبەستداری کرداری ئاخاوتن، بە هەموو ئەو بونیادە فرە دوورایییانەوە کە تیایدایە

ئایا ئێستە گرفتی جێگیرکردنو دێڕبەندیی کۆتایی بە کێشەی نووسین هێنا؟ یان بە گوزارشتێکی تر، ئایا نووسین تەنها مەسەلەی گۆڕانکاریی ناوەندە، بە جۆرێك کە ئاماژە مادییەکانی دەرەوەی جەستەی بگۆ جێی دەنگو ڕوخسارو نیشانەکانی بگرێتەوە؟

کات‌ێ لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتیانە ڕائەمێنین کە ئەتوانین بە نووسینیان ببەستینەوە، وای بۆ ئەچین کە نووسین زۆر زیاترە لەوەی تەنها جێگیرکردنێکی مادی ب‌ێ. جگە لەوەی هەند‌ێ دەسکەوتی گەورە بە بیری خۆماندا بهێنینەوە پێویستیمان بە هیچی تریش ناب‌ێ. ئەوکات ئەتوانین کە توانای گواستنەوەی فەرمانەکان بۆ ماوەیەکی دوور، ب‌ێ ئەوەی توشی شێواندنی مەترسیدار ب‌ێ، ببەستینەوە

بە پێکهێنەری دەسەڵاتی سیاسییەوە کە دەوڵەتێکی فراوان ئومارەسەی ئەکا. ئەم ناوەڕۆکە سیاسییەی نووسین یەکێکە لەو دەرەنجامانەی لەسەر ئەوە دروست ئەبێ. ئەشتوانین جێگیربوونی فرمانو پێوەرەکانی بە مەبەستی ئەژماردنی ببەستینەوە بە پێکهێنەری پەیوەندییەکانی بازاڕەوە، دواتریش بە پێکهێنەری ئابورییەوە. پێکهاتنی دیوانو ئەرشیفەکانیش ببەستینەوە بە مێژوو. بە جێگیربوونی یاساشەوە، وەك پێوەری دەرکردنی بڕیارەکان، بە چاوپۆشیی لە ڕای قازییەکی تایبەت، ئەتوانین کە پێکهێنەری دادپەروەریی ببەستینەوە بە دانراوە یاساییەکانەوە.. هتد. مەودای گەورەی ئەم دەرەنجامانە ئەو ئاماژەیە ئەکەن، کە گوتاری مرۆڤایەتی لە نووسیندا هەر بە تەنها بۆ پارێزگاری کردنی لە وێرانکاریی جێگیر نابێ، بەڵکو لە وەزیفەی پەیوەندی گرتندا بە قوڵیی بۆی ئەچێ.

ڕامانێکی تر هانمان ئەدا کە دوای ئەم بیرۆکە تازەیە بکەوین. هەر کاتێ تەماشای نووسین بکەین نەك تەنها وەك ئەوەی جێگیرکردنی گوتارێکی زارەکی پێشتر بێ، بەڵکو وەك ئەوەی فیکری مرۆڤایەتی بۆ

ئەگوێزرێتەوە بە گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆو بەبێ تێپەڕین بە قۆناغی ناوەندی زمانی وتراودا، تا نووسین کێشەیەك بوروژێنێ. کەواتە نووسین جێی ئاخاوتن ئەگرێتەوە، بەم شێوەیەش جۆرە بازدانێك لە نێوان مانای گوتارو ناوەندی مادییدا دروست ئەبێ. کەواتە ئەبێ بە مانای بنەڕەتیی وشەکە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا بکەین. کە چارەنووسی گوتار ئەداتە دەست پیتە نووسراوەکان، نەك دەنگە وتراوەکان، باشترین ڕێگەش بۆ پێوانی مەودای ئەم ئاڵوگۆڕە، بینینی ئەو بازنەی گۆڕانکاریانەیە لە چوارچێوەی پێکهێنەرەکانی تردا ڕوو ئەدەن لەناو پرۆسیسی پەیوەندی گرتندا.

**نامەو بگۆ**

یەکەم پەیوەندیی کە گۆڕانی بە سەرا دێ، پەیوەست بوونی نامەیە بە بگۆوە. ئەم گۆڕانکاریەش لە ڕاستیدا یەکێکە لەو دوو گۆڕانە هاوشێوەیەی کە کار ئەکەنە سەر تەواوی هەڵوێستی گفتوگۆیی. پەیوەندی نێوان نامەو بگۆ لە کۆتاییەکی پەیوەندی گرتنداو پەیوەندیش لە نێوان نامەو گوێگر لە کۆتاییەکەی تردا، بە قوڵیی پێکەوە وەرئەچەرخێن،

کاتێ پەیوەندی زارەکی رووبەڕوو ئەگۆڕرێتەوە بە خوێندنەوەی نووسین کە ئاڵۆزترە، کە لە دێڕبەندیی ڕاستەوخۆی گوتارەوە دروست ئەبێ لە پیتی نووسراودا، بەو شێوەیە هەڵوێستی گفتوگۆیی بە یەکجاریی هەرەس دێنێ‌و ئیتر پەیوەندی نووسین/ خوێندنەوەش وەك حاڵەتێکی تایبەت نامێنێتەوە لە حاڵەتەکانی پەیوەندی ئاخاوتن/ گوێگرتندا.

گەر زیاتر لەم گۆڕانکاریانە ڕامێنین، ئەبینین کە هەواڵە کردنەوەی گوتار بۆ بگۆکەی- ئەو کەسەی کە گوتارەکە ئەڵێ- بەم شێوەیەی کە باسی ئەکەم کاری تێئەکرێ: وتمان کە ڕستەکان، لە گوتاردا، دەلالەت لە بگۆکەی ئەکا، لە میانەی ئامرازە ئاماژەییە زۆرەکانییەوە هەم خودیی‌و هەم کەسێتییەکانی — نمونەی:من، ئێمە، قەڵەمەکەم، چوونم،...هتد..و.ك-. بەڵام توانای گوتار لە هەواڵەکردنیدا بۆ خودی بگۆ، لە گوتاری وتراودا، سیمای کتوپڕیی پێشکەش ئەکا، لەبەر ئەوەی بگۆ سەر بە ڕەوتی وتنی ئاڵوگۆڕکراوە. ئەولەوێیە، بە مانای ڕاستەقینەی بووەکە- لەوێیە (یان بوون- لەوێ" دیزاین"**da-sein**) دواتر مەبەستی خودی بگۆ تێکەڵ بە مانای گوتار ئەبێ، بە شێوەیەك تێگەیشتن لەوەی کە بگۆ ئەیەوێ بیڵێ‌و

ئەوەی مەبەستی گوتارە وەك یەكیان لێدێ. بەڵام مەبەستی نووسەرو مانای دەق تێكەڵو ئاوێتە نابن لە گوتاری نووسراودا. ئەم دابڕانەش لە مانای وتەیی دەقو مەبەستی زەینیی نووسەر، دەلالەتە یەكلاكەرەوەكەی بە چەمكی دێڕبەندییدا دائەبڕێ، دوور لەوەی تەنها جێگیركردنی گوتارێكی زارەكی پێشوو بێ. بە شێوەیەك دێڕبەندیی ئەبێتە هاوواتای سەربەخۆیی دەلالیی دەق، كە لە دابڕانی مەبەستی زەینیی نووسەر لە مانای وتەیی دەقو جیاكردنەوەی مەبەستی نووسەر لە مەبەستی دەق پێكدێ. بەم شێوەیە وەزیفەی دەق لەو ئاسۆ دیاریكراوەی نووسەر ڕزگاری ئەبێ كە تیایا ئەژی. ئەوەی كە مەبەستی دەقیشە ئێستە زۆر گرنگترە لەوەی كە نووسەر لە كاتی نووسیندا مەبەستی بووە.

ئەم چەمكی سەربەخۆیی دەلالییە بایەخێكی زۆری هەیە لە هێرمنیۆتیكادا. بەم زاراوەیە كتێبە پیرۆزەكان شی ئەكرێنەوە، واتە كارڕایی خۆی لە دەورووبەری ئەو كۆمەڵە مانایەدا بڵاوئەكاتەوە كە پەیوەندییان بە باری دەرونیی نووسەرەوە نییە. بەڵام داماڵینی سیفەتی دەرونیی لە هێرمنیۆتیكادا مانای ئەوە نییە كە بیرۆكەی دانەر بە هەموو شێوەیەك

دەلالەتی خۆی لە دەستداوە. دیسانەوە لێرەشدا چەمکی نا/ دیالێکتیکی لە پەیوەندی نێوان ڕووداوو مانا دائەمالرێ بۆ ڕێگرتن لە چەمکێکی ئالتەرناتیڤی تر. لە لایەکەوە، ئەوەمان هەیە کە "و.ك. ومزات" بە بەهەڵەبردنی مەبەستدار ناوی ئەبا، کە پشت بە مەبەستی دانەر ئەبەستێ وەك پێوەرێك بۆ هەر لێکدانەوەیەکی دروستی دەق، لە لایەکی تریشەوە ئەوەمان هەیە کە بە شێوەی ناونانی یەکەم ناوی ئەنێم بەهەڵەبردنی ڕەهای دەق: واتە بەهەڵەبردنی خراپبوون یا بەدگۆڕانی دەقو بەرجەستە کردنی بەو پێیەی بوونەوەرێکە دانەری نییە. ئەگەر بەهەڵەبردنی مەبەستدار زیادەڕۆیی بکا لە سەربەخۆیی خودیی دەقدا، ئەوا بەهەڵەبردنە پێچەوانەکە چاوپۆشیی لەوە ئەکا کە دەق گوتارەو کەسێك ئەیگوێزێتەوەو بۆ کەسێکی تری ئەڵێ لەبارەی شتێکەوە. مەحاڵێشە ئەم تایبەتمەندێتییە سەرەکییەی گوتار لابەین بەبێ ئەوەی دەقەکان چڕبکرێنەوە بۆ شتە سروشتییەکان، بەواتای ئەوەی بۆ کارگەلێك مرۆڤ دروستی نەکردبێ، بەڵکو وەك چەوی پەرشی سەر لم بیبینینەوە.

سەربەخۆیی دەلالیی دەق پەیوەندی ڕووداوو مانا ئاڵۆزتر ئەکا، بەم مانایەش وا دەرئەکەوێ کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە. لێرەدا مانای دانەر ئەبێتە دوورابیەك لە دوورابییەکانی دەق، بەقەدەر ئەوەی کە ناکرێ دانەر بانگ بکرێ بۆ لێپێچینەوە. کاتێ دەق وەڵام ناداتەوە ئەوە ئەسەلمێنرێ کە دەق دانەری هەیە نەك بگۆ. مانای دانەر هاوشێوەیەکی دیالێکتیکییە بۆ مانای وتەیی، پێویستیشە هەریەکەیان لە میانەی ئەوی تریانەوە راڤە بکرێ. ئەم چەمکانە دەربارەی دانەرو مانای دانەر کێشەیەکی هێرمۆنتیکیی هاوکات لەگەڵ کێشەی سەربەخۆیی دەلالیدا ئەخاتە ڕوو.

**نامەو گوێگر**

لە پەرچە کۆتایی زنجیرەی پەیوەندی گرتندا، پەیوەندی نامەی دەق بە گوێگرەوە هیچی لەو پەیوەندییە کەمتر نییە بە نووسەرەوە هەیەتی. کاتێ کە گوتاری وتراو ئاڕاستەی ئەو کەسە ئەکرێ کە هەڵوێستی گفتوگۆیی دیاری ئەکا- چوون ئاڕاستەی تۆ ئەکرێ، ئەی بگۆ - دەقیش ڕوو ئەکاتە خوێنەرێکی نادیار، بە شێوەیەکی ناوەکیش ئاڕاستەی هەموو

ئەوانەیە کە ئەزانن چۆن ئەخوێننەوە. ئەم گشتگیرییەش بۆ جەماوەر یەکێکە لە دەرئەنجامە سەرنجڕاکێشەکانی نووسین، کە ئەتوانین بە وێنەیەکی پارادۆکس گوزارشتی لێ بکەین. لەبەر ئەوەی ئێستە گوتار بە پاڵپشتێکی مادییەوە لکاوە، پڕ تر ئەبێ لە ڕوح، بەو مانایەی کە ڕزگاری ئەبێ لە تەنگیی هەلۆێستی زارەکیی ڕووبەڕوو.

ئەم گشتگیر کردنە، تەنها ناوەکییە، لە ڕاستیشدا، کتێب ئاڕاستەی تەنها کەرتێك لە جەماوەر ئەکرێ، لە ڕێگەی ئەو هۆیانەی ڕاگەیاندنیشەوە ئەگاتە دەست خوێنەری خۆی، کە یاسا سۆسیۆلۆژییەکان ڕێگە بە دوور کەوتنەوەو قبوڵ کردنی ئەدەن. بە گوزارشتێکیتر خوێندنەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ملکەچی هەندێ چەشنە، لەبەر ئەوە گرفتی دیاریکردنی تایبەتی هەیە. وێڕای ئەوە ئەبێ ئەو پێشنیازە بگەڕێتەوە کە ئەڵێ دەق لە ناواخندا ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە ئەکرێ کە ئەزانن چۆن بخوێننەوە، بەو پێیەی دابڕینی سۆسیۆلۆژیایە لە خوێندنەوە. دیسانەوە کاریش جەماوەری خۆی ئەخولقێنێ. بەم ڕێگەیە بازنەی پەیوەندی گرتن فراوانتر ئەبێتەوە، نمونەی تازەی پەیوەندیش دێتە ئارا. لێرەوە ناسینی جەماوەر -ئەو جەماوەرەی کە کارەکە ئەیخولقێنێ- بۆ کارەکە، ڕووداوێکی پێشبینیی نەکراوە.

جارێکی تریش، نووسین بەهۆی توانای خۆیەوە دیالێکتیکی ماناو ڕووداو پێشکەش ئەکاتەوە. کە گوتار دەرئەکەوێ وەك ئەوەی کە گوتارە، لە ڕێگەی دیالێکتیکی ئاڕاستەکردنەوە، کە هەم گشتییەو هەم بەرهەڵستیش. لە لایەکەوە سەربەخۆیی دەلالیی دەق بازنەی خوێنەرە ناوەکییەکان والآ ئەکاتەوەو دواتریش جەماوەری دەق ئەخولقێنێ. لە لایەکی تریشەوە بەدەنگەوە هاتنی جەماوەر وا ئەکا دەق گرنگ بێ‌و ببێتە دال. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو نووسەرانەی لە ئێستەدا خوێنەرەکانیان بە هەند وەرناگرن‌و گوێیان پێنادەن، هەر بەو شێوەیە ئەمێننەوە کە وەك کۆمەڵەی نهێنی تەماشای خوێنەرانیان بکەن‌و لەگەڵیاندا بدوێن، هەندێ جار بەرەو پاشەڕۆژێکی تەمومژاویی ئەچن. وەك سروشتی مانای دەقیش پێویستە بە ڕووی ژمارەیەکی زۆری خوێنەرو لێکدانەوەدا بکرێتەوە، توانای فرە خوێندنەوەیی دەقیش هاوتای دیالێکتیکی سەربەخۆیی دەلالیی دەقە.

لەمەوە دەرئەکەوێ کە کێشەی **بە خاوەندارێتیی** مانای دەق، وەك بەراورد، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ داناندا نییە. مافی خوێنەریش تێکەڵ بە مافی دەق ئەبێ لە ناکۆکیەکدا کە هەموو بزاوتی هێرمۆنتیکی

پێکدێنێ، بە تایبەت لێکدانەوە کاتێ دەست پێئەکا کە گفتوگۆ تەواو ئەبێ.

**نامەو کۆد**

بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نووسین پەیوەندی نێوان نامەو کۆد ئالۆزتر ئەکا. ئەوەی لێرەدا بیری لێئەکەمەوە، بایەخ بە وەزیفەی جۆرەکانی ئەدەب ئەدا لە بەرهەمهێنانی **گوتار بەخودی خۆی** بەو پێیەی کە چەشنێکی گوتارییە، جا گەر قەسیدە یان چیرۆك یان وتار بێ. بێگومان ئەم وەزیفەیە بایەخ بە پەیوەندی نێوان نامەو کۆد ئەدا، لەبەر ئەوەی جۆرەکان هۆکاری پێکهێنەری بەرهەمهێنانی گوتارن بە شێوەیەکی دیاریکراو. پێش ئەوەی جۆرەکانی ئەدەبیش بووبن بە فاکتەری پۆلێنسازیی، ڕەخنەگرانی ئەدەب خۆیان بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی بەرەو ئەوە بڕۆن کە زۆرترین کاری ئەدەبی بەرهەم بێنن، دواتریش پێش ئەوەی پیشەیەکی ڕەخنەگرانە بێ- واتە جۆرەکانی ئەدەب-، بەلایەنی گوتارەوە ئەوەی ئەنواند کە ڕێزمانی پێکهێنەرانە بۆ ڕێزمانی تاك ڕستەکان ئەینواند. بەم مانایە، ئەکرێ ئەم کۆدە زنجیرەییانە نزیك بکەینەوە لەو کۆدە دەنگیو فەرهەنگیو پێکهاتەییانەی کە

یەکەکانی گوتار بەڕێوە ئەبەن، مەبەستم ڕستەیە. ئێستە پرسیارەکە ئەوەیە: تا چ مەودایەك جۆرە ئەدەبییەکان کۆدە ڕەسەنەکانی نووسین پێکدێنن؟ تەنها بە ڕێگەیەکی ناراستەوخۆ، ئەگەر یەکلا کەرەوەش بێ.

جۆرەکانی ئەدەب چەند ڕەوشێکمان نیشان ئەدەن، کە ئەکرێ وا وەسف بکرێن گوێ بە نووسین نادەن. وەزیفەی ئەم فاکتەرە پێکهێنەرانەش بەرهەمهێنانی چەند بوونەوەرێکی زمانەوانیی تازەی درێژترە لە ڕستە، یان یەکەی ئۆرگانیکی کامڵی ئەوتۆ کە نەکرێ چڕ بکرێنەوە بۆ زیادەی سەر ڕستەکان. قەسیدە یان چیرۆك یان وتار پشت بە جۆرە یاسایەکی دانان ئەبەستن کە لە ڕووی پرەنسیپەوە گوێ بە ڕێگیریی دژەکەوتنەوەی نێوان ئاخاوتن‌و نووسین نادەن. ئەمەش لە جێبەجێ کردنی گرفتی جوڵەی بە لێشاوی سەر کۆمەڵە ڕستەیەکەوە هەڵئەقوڵێ، کە تیایدا جیاوازی لە نێوان زمانی زارەکی‌و زمانی نووسراو نابێتە شتێکی ناوەڕۆکیی. بەڵکو لەبری ئەوە وا دەرئەکەوێ کە تایبەتمەندێتیی ئەم گرفتە بزاوتییە بە لێشاوە لە دوالیزمێکی ترەوە هەڵئەقوڵێ نەك دوالیزمی ئاخاوتن‌و گوێگرتن، لە پراکتیك کردنی وتەزاو پۆلە خوازراوەکانی کایەیەکی ترەوە لەسەر گوتار، کە

ئەویش کایەی مومارەسەو کارە. زمان دووچاری جۆرە یاسایەکی دروستکردن ئەبێتەوە، کە ڕێمان پێ‌ئەدا دەربارەی بەرهەمهێنانی کاری هونەری قسە بکەین، بە فراوانکردنەوەی کارەکانی گوتار، قەسیدەو چیرۆکو وتارەکانیش کاری ئەو گوتارەن. هۆکارە پێکهێنەرەکانیش کە ناویان ئەنێین بە جۆرەکانی ئەدەب. ئەو یاسا تەکنیکیانەن کە سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی ئەکەن. شێوازی کار لێرەدا لە وێناکردنی تاك بۆ بەرهەم یان کاری تاك زیاتر هیچی تر نییە. دانەریش لێرەدا تەنها کاربگۆ"**المتكلم بالعمل**" نییە، بەڵکو ئەو دروستکەری کارەکەیە کە کاری خۆیەتی.

بەڵام ئەگەر دوالیزم لە نێوان تیۆرو مومارەسە کردندا چڕ نەکرێتەوە بۆ دووانەی ئاخاوتن/نووسین، ئەوا نووسین ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ئەبینێ لە پراکتیکی وتەزاکانی مومارەسەکردن یان پۆلەکانیدا، بە شێوەی دیارو بە تەکنیكو کاری لەسەر گوتار. بەرهەم کاتێ بەدی دێ، کە فۆرمێك بخرێتە سەر مادەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی ڕوخسارێکی پێ‌ببەخشێ. کاتێکیش گوتار ئەگوێزرێتەوە بۆ کایەی بەرهەمهێنان، هەر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەویشدا ئەکرێ کە

مادەیەو پێویستیی بە وێنەو ڕوخسار هەیە. ڕێك لێرەدا نووسین دێتە ناوەوە. لەبەر ئەوەی کە دێڕبەندیی بەوەی کە پاڵپشتێکی مادییە، سەربەخۆیی دەلالیی دەقیش لەوەدا کە پەیوەندی بە بگۆو گوێگرەوە هەیە وەکو یەك، هەر شتێکیش کە پەیوەندی بەوەوە بێ لە سیمای **سروشتە دەرەکییەکانی نووسین**، یارمەتی زمان ئەدا کە ببێتە مادە بۆ دروستکردنێکی تایبەت. بە هۆی نووسینەوە کارە زمانەوانییەکان خود قایلن وەك پەیکەرە تاشراوەکان. بە ڕێکەوت نییە کە ئەدەب**literature** ئاماژەی باری زمان ئەکا بەوەی کە پیتی نووسراوە**littera**، بۆ حاڵەتی خۆیشی هەروەك بەرجەستە ئەبێ لە هەندێ کاردا، کە پشت بە جۆرەکانی ئەدەب ئەبەستێ. لەگەڵ ئەدەبدا، هەردوو کێشەی دێڕبەندیی‌و بەرهەمهێنان خولیای یەکتر بڕین‌و تێکەڵ بوونیان هەیە. هەمان ئەم شتە بۆ چەمکی دەقیش تەواوە، مەرجی دێڕبەندیی‌و چنراوی تایبەتی ئەوکارانە کۆئەکاتەوە، کە یاساکانی بەرهەمهێنانی دانانی ئەدەبی ئەیهێننە ئاراوە. دەق واتە گوتارێکی دێڕبەندو ڕەنگینی وەك یەك.

ئەمە ئەو نزیکایەتییە تایبەتەیە دەست بەسەر نووسین‌و ئەو کۆدە تایبەتانەدا ئەکێشێ کە کارەکانی

گوتار پێك دێنێ. ئەم نزیکایەتییە وامان لێئەکا بۆ ئەوە بچین کە تەنانەت گوزارشتە زارەکییەکانیش لە دانانی شیعرو چیرۆکدا پشت بە یەك جۆر چالاکی ئەبەستن لە نووسیندا. لەبەر کردنی داستانە شیعرییەکانو پەندو نمونەکانو پاشان وتنەوەیان لە بۆنە ڕێورەسمییو سرووتییەکاندا، بەرەو جێگیر کردنی شێوەی کارەکە ئەچێ، بەڵکو تەنانەت ڕاگرتنیشی، بە ڕێگەیەك کە تیایدا یادگە بە پاڵپشتی دێربەندیی دەربکەوێ، هاوشێوەی ئەو پاڵپشتەی کە هێما دەرەکییەکان ئەینوێنن . بەم مانا فراوانەی دێربەندیی، نووسینو بەرهەمهێنانی کارەکانی گوتار پشت بەست بە یاساکانی دانانی ئەدەبی بەرەو گونجاندنی چوون یەك ئەچن، بێئەوەی ئەم گونجاندنە پرۆسەیەکی وەك یەك بێ.

**نامەو هەواڵە کردن"الاحالة"**

ئەو تێڕامانەی کە ئاڵۆزترین گۆڕانکاریی بەسەر وەزیفەی گوتاردا دێنێو ئەدرێتە پاڵ نووسین دوامخست بۆ کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، کە بایەخ بە وەزیفەی سەرچاوەی بنەڕەتی گوتار ئەدا، لە هێڵکاریی کردەی

پەیوەندی گرتندا، هەروەك ڕۆمان جاكۆپسن پێشنیازی كردووە. ئەم پاشماوەیە زۆر ئاڵۆزە لەبەر دوو هۆ: لە لایەكەوە، جیاكاریی نێوان مەبەستو هەواڵەمان ئەداتێ وەك دیالەكتیك لە گوتاردا، ئاڵۆزتر لەو دیالەكتیكی ماناو ڕووداوەی نموونەی ئەو دەرهاویشتنە ئەخاتە بەر دەستمان كە وائەكا نووسین لە تواناداا بێ. ئەتوانین بڵێین دیالەكتیكێك بوو لە پلەی دووەمدا، تیایدا مانا بەو پێیەی مەبەستێكی شاراوەیە دەرئەهێنرێ وەك هەواڵەی باڵا، بەو مانایەی فیكر لە میانەی مەبەستەوە بەرەو چەندین جۆری ئەو بوونەوەرە زمانەوانییە ئەچێ كە هەواڵە ئەكرێنە دەرەوە. وەك بابەتو بارو شتو ڕووداوەكانو.. هتد. لە لایەكی تریشەوە زۆرترین وەرچەرخانەكانی هەواڵە كە تێی ڕائەمێنرێ ناكرێ بە تەنها بدرێتە پاڵ نووسین وەك خود. بەڵكو بۆ نووسین بەو پێیەی ناوەندیار"وساطة" یكی ئاساییە بۆ شێوەكانی گوتار كە ئەدەب پێك ئەهێنێ، بگرە هەندێك لەم وەرچەرخانانە ڕاستەوخۆ لە ستراتیژی گونجاوی جۆرە تایبەتییەكانی ئەدەبەوە بەرهەم دێ، وەك شیعر بۆ نمونە، كەواتە دێڕبەندیی

بەرپرس نییە، تەنها وەك سوڕێنەر" مداور" نەبێ لە چارەنووسی تازەی هەواڵە.

بەڵام سەرباری ئەم پەرێزگرتنە، ئەتوانین ئەمە بڵێین: لە گوتاری وتراودا پێوەری کۆتایی بۆ بواری سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ ئەو شتەی پێی ئەڵێین توانای دەرخستنی شتە هەواڵە بۆکراوەکەیە، بەو پێیەی بەشێکە لەو ڕەوتەی بگۆو گوێگر بەشداری ئەکەن. ئەم ڕەوتەش بە گفتوگۆ تەنراوە، ئەکرێ لە ڕێگەی نیشانەوە یان ئاماژەی پەنجەوە ڕوخساری دەربخرێ. یان گوتار خۆی ئەتوانێ بە شێوەیەکی ئاشکرا دەلالەتی لێ بکا، لە میانەی هەواڵەکردنی تەمومژاوییەوە بۆ ئەو ئاماژە پێوەری" مؤشرات"ە زمانەوانییەی کە **"ڕاناوی سەربەخۆ"**و **"هەولومەرجی کاتو شوێن"**و **"کاتەکانی کردەی زمانەوانی"** ئەگرێتە خۆ. دواجار ئەکرێ بە ڕێگەیەکی دیاریکراو وەسف بکرێ، کە تەنها شتێك تیایدا خۆی بەقەدی بگرێو کۆك بێ لە ناو چوارچێوەی هەواڵەیەکی هاوبەشدا. لە ڕاستیشدا ئاماژە پێوەرییە دیارەکانو وەسفە دیاریکراوەکان بە هەمان ڕێگە کار ئەکەن لە گوتاری زارەکیو گوتاری

نووسراویشدا. ئەو، دیاریکردنە تاکەکان دەست ئەخا، دیاریکراوە تاکەکانیش پێویستی بە پشت بەستن نییە بە نیشاندان، بە مانای ئاماژە پێوەرییەکانی نیشانە بۆ شتە هەواڵە لەسەر کراوەکە. لەگەڵ ئەمەشدا دیاریکردنە تاکەکان هەواڵە ئەکرێن بۆ " ئێرە"و "ئێستە" کە ڕەوتی وتنی ئاڵوگۆڕکراو بڕیاری لەسەر ئەدا. دیاریکردنێکیش نییە ئەوەی کە قسەی لە بارەوە ئەکەینو جێگەیەکی دەگمەن لە تۆڕی کاتو شوێندا بە یەکەوە نەبەستێتەوە، هیچ تۆڕێکی ئاسمانیی کاتو شوێنیش نییە بێ هەواڵە نەکردنی تەواوەتی بۆ "ئێرە"و " ئێستە"ی ڕەوتیی. بەم مانایەی دوایی هەموو هەواڵەکانی زمانی زارەکی پشت بە پوچکردنەوە ئەبەستن، ئەویش پشت بە رەوت ئەبەستێ وەك چەمك، بەو پێیەی کە ئۆرگانەکانی گفتوگۆ بەشداری تیا ئەکەن. دواتریش هەموو هەواڵەکراوەکان لە ڕەوتی گفتوگۆییدا ڕەوتین.

بناغەی هەواڵەکردن لە ڕەوتی گفتوگۆییدا ئەوەیە کە نووسین بلاوی ئەکاتەوە. ئاماژە پێوەرییە دیارەکانو وەسفە دیاریکراوەکان بەردەوام ئەبن لە دیاریکردنی ناسنامەی بوونەوەرە تاکەکان، بەلام لێرەدا دەلاقەیەك

فراوان ئەبێتەوە لە نێوانی دیاریکردنو بەدگۆڕان"مسخ"دا. ونبوونی ڕەوتی هاوبەشیش کە مەودای کاتو شوێن پێکی ئەهێنێ لە نێوان نووسەرو خوێنەردا، نەهێشتنی دوو ڕەهای "ئێرە"و" ئێستە" بە جێگرتنەوەی ئاماژە مادییە دەرەکییەکان لە جێی دەنگو ڕوخسارو جەستەی بگۆ، وەك بنەڕەتێکی ڕەها بۆ هەموو ئاسۆکانی کاتو شوێنو سەربەخۆیی دەلالیی دەق، کە لە کاتێکی نادیاریکراودا لە ئێستەی نووسەری دائەبڕێو بە ڕووی مەودایەکی نادیاریکراوی خوێنەری ناوەکیدا ئەیکاتەوە- هەموو ئەم وەرچەرخانانە لە ئاسۆی پێکهاتنی گوتاردا لە وەرچەرخانە تەریبییەکانی خۆیدا ڕەنگ ئەداتەوە لە ناو سروشتی ئاشکرای هەواڵەدا.

هەندێك دەق بەوەندە قایلن، بونیادی ڕەوشی هەواڵەی دیار بۆ خوێنەرەکانیان دارێژنەوە. نامەو ڕاپۆرتی سەفەرو وەسفە جوگرافیو بیرەوەریو ژیاننامە مێژووییەکانو هەموو ئەو شتانەی کە بە کورتی وەسفی واقیع ئەکەن، وەك هەواڵەی دیار بە شێوەی " وەك ئەوەی" " وەك ئەوەی تۆ لەوێ بوو بی" بەهۆی کارڕایی ئاسایی دیاریکردنی تاکەوە، دەست خوێنەری

ئەخەن،. "ئێرە"و" ئێستە"ی دەق ژێربەژێر وەك دوو ڕەهای "ئێرە"و ئێستە" هەواڵە ئەبن بۆ لای خوێنەر، بە هۆی تۆڕی شوێن-کاتی دەگمەنەوە کە هەریەك لە نووسەرو خوێنەر سەر بەونو بڕیاری لەسەر ئەدەن.

دەرەنجامی مەترسیدار لە فراوانکردنەوەی یەکەمی چێوەی هەواڵە تا ئەودیو سنورە تەسکەکانی ڕەوتی گفتوگۆ بە هۆی نووسینەوە، کەڵەکە ئەبێ. بۆ مرۆڤ، مرۆڤ بە تەنیا، جیهانێك پێك دێ نەك تەنها ڕەوتێك. ئەم درێژ بوونەوەیەش نموونەیەکی ترە لەو ناوەڕۆکە ڕوحیانەی کە هێما مادییەکان جێی پشتبەست - پاڵپشت-ی جەستەیی ئەگرنەوە لە گوتاری زارەکیدا. هەر وەك دەق مانای خۆی لە ڕاسپاردەیی مەبەستی زەینیی ڕزگار ئەکا، هەواڵەکردنەکەی لە سنوری هەواڵەی ڕەوتیی ڕزگار ئەکا. جیهان، بە لانی ئێمەوە کۆمەڵە هەواڵەیەکە کە دەقەکان واڵای ئەکەن، یان بە لانی کەمەوەو بۆ ماوەیەکی کاتیی، دەقە وەسفییەکان واڵای ئەکەن. بەم ڕێگەیە ئەتوانین باسی جیهانی "گریك" بکەین، نەك بە مانای ئەوەی ڕەوتەکانی ئەو کەسانە بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە لەوێ ژیاون. بەڵکو بە مانای ئاماژە کردن بۆ هەواڵە نا-

ڕەوتییەکان، کە گێڕانەوەی واقیعە وەسفییەکان نیشانی ئەدەن.

لێکدانەوەی درێژ بوونەوەی دووەمی چوارچێوەی هەواڵەکردن زۆر زەحمەتە. کە لە خودی نووسینەوە سەرچاوە ناگرێ، بەقەد ئەوەی لە ستراتیژی کراوە یان شاراوەی نمونە تایبەتەکانی گوتارەوە سەرچاوە ئەگرێ. لەبەر ئەوە زیاتر بایەخ بە ئەدەب ئەدا وەك لە نووسین، یان بە نووسین وەك کەناڵێکی ئەدەب. جاکۆپسن لە بینای ئەم هێڵکاری پەیوەندی گرتنەدا وەزیفەی شیعرییەت- کە ئەبێ بە مانای فراوانتر لە شیعر تێی بگەین- ئەبەستێتەوە بە دووپاتکردنەوەی نامە بۆخودی خۆی لەسەر حسابی هەواڵە. پێشتر پێشبینیی ئاوابوونی ئەم هەواڵەیەمان کرد کاتێ گوتاری شیعریمان بەراورد کرد بە کاری پەیکەرتاشیی خودقایل. بەم شێوەیە بۆشایی لە نێوان هەواڵەی رەوتییو نا-رەوتیی دروست ئەبێ. کە هەواڵەی "هەروەك" لە گێڕانەوە وەسفییەکاندا گرتوویەتیە خۆی. کەنەلاًنێکە پڕنابێتەوە. ئەتوانین ئەوە لە چیرۆکە خەیاڵییەکانیشدا ببینینەوە، واتە لەو چیرۆکانەدا کە ڕاپۆرتی وەسفی نین، بە شێوەیەك کاتی گێڕانەوەی دەرئەکەوێ کە

کاتی کردەکان لە میانەی گێڕانەوە" السرد"و لە ناویدا گوزارشتی لێ ئەکا، بە بێ بەستنەوەی بە تۆڕی کاتی- شوێنی دەگمەنەوە کە وەسفی دیارو نادیار بەشداری تیا ئەکا.

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئاوابوونی هەواڵە گەر بە مانا دیارەکەی بێ یا وەسفییەکەی، یەکسان بێ بە نەهێشتنی تەواوەتی هەموو هەواڵەیەك؟ نەخێر.. بە ڕای من گوتار پێك نایەت لە شتێکەوە نەبێ. بەم وتەیەش ئایدیۆلۆژیای دەقی ڕەها ڕەت ئەکەمەوە. ئەو دەقەی ڕێگە بە نمونەی دەقی بێ هەواڵە ئەدا تەنها چەند دەقێکی کەمی زۆر ئاڵۆزن کە شوێن پێی شیعری "مالارمێ"یان هەڵگرتووە. ئەمجۆرە لە ئەدەبی نوێدا گەواهی لەسەر حاڵەتی دیاریکراوو هەڵاویژراویی- استثنائي- ئەدەن. ناشتوانن کلیلێکمان بدەنێ بۆ هەموو دەقێکی تر، بە دەقی شیعریشەوە، بەو مانایەی کە جاکۆپسن بەکاری ئەهێنێ، کە هەموو ئەدەبی خەیاڵی ئەگرێتەوە جا چ شیعر بێ یان گێڕانەوە. بە ڕێگەیەکی تر، دەقە شیعرییەکان لە جیهان ئەدوێن، بەڵام نەك بە شێوەیەکی وەسفی. هەروەك جاکۆپسن خۆی پێشنیازی ئەکا، هەواڵە لێرەدا لانابرێ، بەڵکو دابەش و لەتوپەت ئەبێ. سڕینەوەی هەواڵەی دیارو

وەسفی توانای هەواڵە ڕزگاری ئەکاو بەسەر لایەنی تری بوونمان لە جیهاندا بەرەڵای ئەکا، کە ناتوانرێ بە وتنی وەسفیی ڕاستەوخۆ بوترێ، بەڵکو تەنها ئەتوانرێ پەنجەی بۆ درێژ بکرێ، ئەویش بە هۆی بەهاکانی هەواڵەکردنەوە لە هەموو گۆڕانکارییە خوازراوو سیمبۆلییەکاندا.

لەبەر ئەوە هەر ئەبێ تێگەیشتنمان لەبارەی جیهانەوە فراوان بکەینەوە، نەك تەنها بەوەی کە بوار بدا هەواڵە نا-دیارو وەسفییەکان بگرێتە خۆ، بەڵکو بە گرتنەخۆی هەواڵە نا- دیارو نا- وەسفییەکانیش، مەبەستم هەواڵەکراوەکانی ئەدای شیعرییە. زاراوەی "جیهان"ئەوەیە هەمووان ماناکەی تێئەگەین، کاتێ لەبارەی منالێکەوە ئەدوێین تازە لە دایك بووبێ، ئەڵێین هاتە جیهانەوە. لای منیش جیهان هەموو ئەو هەواڵەکراوانەیە کە هەموو جۆرە دەقەکان، وەسفیی‌و شیعرییەکان والای ئەکەن، کە خوێندوومەتەوەو تێی گەیشتوومو خۆشم ویستوە. تێگەیشتنی دەق واتە گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا لە سنوری پاڵپشتەکانی ڕەوتدا، لە بارەی ئەو هەواڵەکراوانەوەی جیهان لە ژینگە جیائەکاتەوە. ئەم فراوانکردنەوەیەی ئاسۆی بوونیشمان

لە جیهاندا، ئەوەیە کە ڕێمان پێئەدا لە بارەی ئەو هەواڵەکراوانەوە بدوێین کە دەق والآی ئەکا، یان لە بارەی ئەو جیهانەوە کە داواکانی هەواڵە لە زوربەی دەقەکاندا والآی ئەکا.

بەم مانایە هایدیگەر لە شیکردنەوەیدا بۆ تێگەیشتن لە کتێبی" بوونو کات" دا پێکاویەتیو ئەڵێ، ئەوەی کە تێی ئەگەین لە سەرەتای گوتاردا ئەویتر نییە، بەڵکو "پرۆژە " یە، واتە ڕوخسارەکانی ڕێگەیەکی تازەیە بۆ بوون لە جیهاندا. بێجگە لە نووسین چی تر نییە - ئەم دوو پەرێزگرتنەم لە سەرەتای ئەم برگەیەدا داوە کە ئاماژەمان بۆ کرد - خۆی ڕزگار بکا، نەك تەنها لە دانەرو جەماوەرە ڕەسەنەکەی، بەڵکو لە تەنگەبەریی ڕەوتی گفتوگۆیی، ئەوەی کە بوونی گوتار وەك پرۆژە لە جیهاندا دەرئەخا.

**داخوازیی نووسین**

شیکردنەوەی پێشوو گەیشتە ئامانجی خۆی. درەوشانەوەی تەواوی دیالێکتیکی ناوەکی دەربارەی ماناو ڕووداوو دەرهاویشتنی مەبەستداریش کە لە بنەڕەتدا کار لە گوتاری زارەکیدا ئەکا، ڕوون بووەوە،

گەر بە شێوەیەکی سەرەتایی‌و دەسپێکیش بوو بێ. بەڵام بە پاڵنانی بۆ پێشەنگیی کردنی کارێکی وایکرد کە سەلمێنراو نەبێ، چوون هەر وەك گرفتێکی ناوەکی مایەوە. بەڵام ئایا گواستنەوەی ئەم دەرهاویشتنە مەبەستدارە بۆ ئاماژە مادییەکان جۆرێك لە نامۆ بوون ناخوڵقێنێ؟

ئەم پرسیارە ڕیشەییە، بە جۆرێك کە پێویست بێ گریمانەیەك بە شێوەیەکی زۆر پۆزەتیفانە بۆ مەرجە دەرەکییەکان دابنێین، نە تەنها بەو پێیەی ڕووداوێکی رۆشنبیرییەو نە بەو پێیەشی مەرجێکی لابەلایە بۆ گوتارو فیکر، بەڵکو بەو پێیەی کە مەرجێکی پێویستە بۆ پرۆسەی هێرمۆنتیکی. جگە لە هێرمنیۆتیکا کە دوورکەوتنەوە بە شێوەیەکی بەرهەمهێنەرانە بەکار ئەهێنێ، شتێکی تر پارادۆکسی دەرهاویشتنی مەبەستداری گوتار چارەسەر ناکا.

## دژی نووسین

لە دوورەوە هێرش ئەکرێتە سەر نووسین. ئەویش لە هەندێك نمونەی ئیبستمۆلۆژی‌و زانستی‌و ژیربێژییەوە نزیکە کە ئەفلاتون بۆ توند قسەکردن لەسەر دەرەکێتی -مەبەست لە نووسین‌و ئاماژەکانە - بەکاری ئەهێنا بەو پێیەی کە پێچەوانەی بیرکەوتنەوەی بنەڕەتە.

ئەویش بە شێوەی ئەفسانە پێشکەشی ئەکرد، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە فەلسەفە لە جیهاندا بە دوای بووندا ئەگەڕا بۆ دامەزراوەیەك یان لێهاتوییەك یان هێزێك کە لە ڕابردووی ڕۆشنبیریی تاریکدا فەوتا بوو، بۆیە پەیوەندی کرد بە میسرەوە، لانکی ژیربێژیی ئاینیی. پادشای " تیبە" لە شارەکەی خۆیدا پێشوازیی لە "تهیوت-تحوت"ی خواوەند ئەکا، کە ژمارەو ئەندازەو ئەستێرەناسییو یارییەکانی بەختو نووسین یان پیتە نووسراوەکانی داهێنابوو. کاتێ دەربارەی سودی داهێنراوەکانی لە "تهیوت" ئەپرسێ، ئەو وایدەرئەخا کە فێربوونی ئەو پیتە نووسراوانە وا لە میسرییەکان ئەکا ژیربێژیان زۆر بێو بەختی زیاتر یاوەریان بێ بۆ لەبەر کردنی یادگەی شتەکان. پادشا ئەڵێ: نەخێر، خەڵکی شتیان زیاتر بیر ئەچێتەوە ئەگەر لە بری ئەوەی متمانەیان لە ناوەوە بە خۆیان هەبێ، پشت بە ئاماژە دەرەکییەکان ببەستن. ئەم چارەسەرییە بیرکەوتنەوەو گەڕاندنەوە" استعادة" نییە، بەڵکو بانگهێشت کردنێکی پەتییە بۆ یادگە. ئەوەی ئەم داهێنراوە — مەبەست نووسینە- هێنای واقیع نەبوو، بەڵکو شتێکە لەو ئەچێ، ژیربێژیش نییە، بەڵکو ڕوخساری دەرەوەیەتی.

قسەکەی سوکراتیش لەم قسانە کەمبایەختر نییە کە ئەڵێ نووسین وەك نیگار وایە، بوونەوەرێك پێك ئەهێنێ ژیانی تیا نییە، کاتێ پرسیاری لێ ئەکەی ئەو بێدەنگە، هەروەك گەر مرۆ ڕوو بکاتە نووسراوەکان بە مەبەستی دواندنو فێربوون لێیانەوە، ئەوان تەنها ئاماژەی یەك شت ئەکەن، ئاماژەیەك کە بەردەوام هەر ئەوەیەو هیچی تر، سەرباری ئەم دووبارە بوونەوە نەزۆکەش، نووسراوەکان لێرەو لەوێ ئەگەڕێنو گوێ نادەنە وەرگرەکەیان، یان بێباکن لەوەی بە کێ ئەگا. گەر لەسەر ئەوانیش ناکۆکییەك بەرپا ببێ، یان بە ناڕەوا ڕقیان لێی بێتەوە، پێویستیان بە هاوکاری باوکیان هەیە، چونکە نووسراوەکان ناتوانن بە تەنها خۆیان ڕزگار بکەن.

پشتبەست بەم ڕەخنە توندوتیژەو بەرگری کردن لە بیرکەوتنەوەی ڕاستەقینە کە پرەنسیپی بنەڕەتیی ڕاستو ڕوحی گوتارە، گوتاری ژیربێژانە "یان زانستیانە" لە ناخی کەسێکدا ئەنوسرێتەوە کە خۆی ئاشنا بێ بە شتەکان، ئەو کەسەی توانای بەرگری لە خۆکردنی هەیە، بەپێی پێداویستی ئەو کەسەشی کە

گوتارەکەی ئاڕاستە ئەکرێ، ئەم بێدەنگ یان بەردەوام ئەبێ لەسەر قسەکردن.

لە مێژووی ڕۆشنبیریماندا هێرشی ئەفلاتون بۆ سەر نووسین تەنها نمونە نییەو نمونەی تریشمان هەن. بۆ نمونە رۆسۆو برگسۆن لەبەر چەندین هۆی جیاواز، ئەو خراپەکارییە گەورانەی کە بەرۆکی شارستانێتییان گرتووە، ئەیبەستنەوە بە نووسینەوە. بە ڕای ڕۆسۆ، لەبەر ئەوەی زمان پشت بە دەنگ ئەبەستێ، بۆیە ئامادەبونی خود بۆ خودو ئەوانی تر ئەپارێزێ، زمان تا ئێستەش هەر گوزارش کردنە لە هەڵچوون، زمان پاراویی بوو نەك ڕاڤەکردن. لەگەڵ نووسینیشدا دابڕانو زۆرداریی‌و جیاوازیی کردن دەستی پێکرد، نووسین هەروەك وەرگرەکەی فەرامۆش ئەکا، نووسەرەکەیشی ئەشارێتەوە، خەڵکیشی لە یەکتری دابڕیو بەش بەشی کردن، تەواو هەر بە وێنەی موڵکدارەکانی سامانێك کە چۆن سامانەکە بەش ئەکەن، ستەمی فەرهەنگو ڕێزمانیش هەر وەك ستەمی یاساکانی ئاڵوگۆڕ وایە.وەك لە دراودا خۆی ئەنوێنێ. لە بری وشەی خوا فەرمانڕەوایی خوێنەوارو باڵادەستیی قەشەکانمان هەیە. جیابوونەوەی کۆمەڵی بگۆو دابەشکردنی خاكو

شیکردنەوەی فیکرو فەرمانڕەوایی بیروباوەڕە دۆگماکان، هەموو ئەمانە لەگەڵ نووسیندا هاتنە ئاراوە. لەبەر ئەوە ڕەنگە هەر دەنگدانەوەی بیرهاتنەوەی ئەفلاتون ببیسین لەم بەرگری لە دەنگ کردنەدا کە ئامادەیی خودی هەڵگرتووەو پەیوەستێکی ناوەکی بێمەوداو دانەبڕاویشە بۆ کۆمەڵ.

برگسۆن پرسیارێکی ڕاستەوخۆ دەربارەی پرەنسیپی دەرەکی ئەکا، کە گەواهیدەری چوونە ناوەوەی شوێنە بۆ ناو کاتیی بوونی دەنگو بەردەوام بوونی. وشەی بنەڕەتیی لە " کۆششی عەقڵییەوە"جیا ئەبێتەوە، هەر بەردەوامیش ئەبێ لە سۆراخ کردن تیایدا بە مەبەستی دۆزینەوەی دەربڕینێك بۆ ئەوەی مەبەستی پێشووی بگەیەنێ، وشەی نووسراو بەو پێیەی بڕیاری ئەم لێکۆڵینەوەیەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەستو کۆششو جوڵەی فیکریی دائەبڕێو دەرونو گۆرانیو ڕیتمیش لەناوئەچێ، لەبری ئەوە فۆرم جێگەیان ئەگرێتەوە، فۆرمیش شت ئەگرێو لادەریشە، جیاوازی ئەکاو دابڕیشە. لەبەر ئەوە داهێنەرە ڕەسەنەکانی وەك سۆکراتو مەسیح نووسراویان جێنەهێشت، لەبەر ئەم هۆیەش سۆفییە ڕەسەنەکان

حاشایان لە فەرمانە حازر بە دەستەکانو فیکرە داتاشراوەکان کرد. جارێکی تریش کۆششی ناوەکیی سۆفیزم بەرامبەری جێپەنجەی دەرەکیی **مردوو** ئەوەستێتەوە کە ناتوانێ خۆی ڕزگار بکا.

**نووسینو ئایکۆن**

پێویستە رادیکالانە وەڵامی ئەم ڕەخنانە بدرێتەوە بە هەمان شێوەی ئەو بەرەنگارییەی کە دەری ئەبڕن. ئیتر ناکرێ لە کردەی گواستنەوەی ئاخاوتنەوە بۆ نووسین تەنها پشت بە جوڵە ببەستین. ئەم ڕەخنەگرتنە بانگهێشتمان ئەکا بۆ ئەوەی شەرعییەت بدەین بە وەی کە تا ئێستە دانی پیانراوە- واتە بەرەنگاریی لەوە بکەین کە سەلمێنراوە، بە هۆی باسکردنی نوێو بەڵگە هێنانەوەو تیۆریزە کردنەوە، شەرعییەتی پێبدرێ...و.ك-

لە گفتوگۆی" فایدرۆس" دا تێبینییەکی ڕاگوزاریی هەیە، کلیلێکی زۆر گرنگمان ئەداتێ. بەراوردی نووسین بە نیگار ئەکا. دەربارەی وێنە ئەڵێ: وێنە کزترو کەمتر واقیعییە تا بوونەوەرە زیندووەکان، مەسەلەش لێرەدا تیۆری "ئایکۆنیستی""**eicon**" نییە

که بڕوا وابوو تەنها سێبەری واقیعە، ئەم بڕوایە وەك بەڵگە نەویستێکی پێشین تێی ئەڕوانرا بۆ هەموو ئەو ڕەخنانەی ڕوویان ئەکردە هەر ناوەندیارییەك لە میانەی ئاماژە دەرەکییەکانەوە بکرێ.

گەر سەرکەوتوو بین لە دەرخستنی ئەوەدا کە نیگار دووبارە کردنەوەی واقیع نییە، ئەوا ئەتوانیین بگەڕێینەوە سەر کێشەی نووسین بەو پێیەی کە بەشێکە لە تیۆری گشتیی ئایکۆنیستی"الایقونیة"، هەروەك فرانسوا داگۆنیا لە کتێبەکەیدا "نووسینو ئایکۆنۆگرافیا" دا پێشکەشی کردووە.

بە چاوپۆشین لەوەی کە نیگار هەندێ شت کەمتر ئەبەخشێ لە بنەڕەتەکە، ئەکرێ وەسفی چالاکیی نیگار بە "زێدە ئایکۆنیستی" بکرێ، بە شێوەیەك لەسەر ستراتیژی نیگار پێویست ئەبێ، بۆ نمونە، کە بونیادی واقیع لەسەر بناغەی ئەلفو بێیەکی دیاریکراوی بینین بگەڕێنێتەوە-دابڕێژێتەوە-. ئەم ستراتیژە لە کەمکردنەوەو بچوك کردنەوەدا زیاتر ئەبەخشێ لەوەدا کە کەمتری وەرگرتووە —واتە نیگار بە وەرگرتنی بەشێك لە واقیع، کە کەمتر وەرئەگیرێ لەوەی لە واقیعەکەدا هەیە، ئەتوانێ شتێکی زۆر ببەخشێ و.ك_. بەم ڕێگەیە کۆششی نیگارە سەرەکییەکە

دیقەت ئەخاتە سەر بەرەنگار بوونەوەی ئاڕاستەی کەمکردنەوە لە بینینی ڕۆژانەدا- وێنەی سێبەر لای ئەفلاتون-. دواتر بە زیادکردنی مانای جیهان بە گرتنی لە تۆڕێکی کورتکراوەی ئاماژەییداو، کۆششی تێربوونو، ئەم دەرکەوتنەش لە ڕووبەرێکی بچوکداو لە سەر قوماشێکی دوو دوراییی بەرامبەر بە چاوپڕبوونی بینین لە نیگای ڕۆژانەدا، ئەمەیە مەبەستی زیادەی ئایکۆنیستی. لە بینینی ئاساییدا تایبەتمەندێتییەکان بەرەو جیابوونەوە ئەچن لە یەکتر، بەرەو نەبینینی پەراوێزەکانو سەرلێشێوانی ڕووەکانی جیاوازیی. بەڵام لە نیگاردا، بە لانی کەمەوە لەگەڵ داهێنانی نیگاری ڕۆنییدا لای نیگارکێشانی هۆڵەندا، ڕووەکانی جیاوازی جوانتر ئەبن، ڕەنگەکان گەشیی ئەبەخشن، ئەو ڕەونەقە دەرئەکەوێ کە شتەکانی پێ ڕووپۆش ئەکرێ. مێژووی تەکنیکەکانی نیگار فێری کردووین ئەم کۆششە دەلالەتدارانە بە ڕێی داهێنانی مادیی بۆیەدا ئەڕۆن، کە بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ ڕۆندا هەڵسوڕاوتر ئەبێ. ئەم پوختەیەی کە تازە ناوم نا ئەلفو بێی بینین لای نیگارکێش، وایکرد بۆی بلوێ کە پارێزگاریی لە ڕەنگو درز بردنو کاڵبوونەوەی ڕەونەقی بکا. هەروەك لە تابلۆکەیدا شکاندنەوەیەکی تیشکیی قوڵ لە ژێرەوە

تێکەڵ بکا بە کۆششی پێچەوانەیی پەتیی بۆ ڕوناك بوونەوەی ڕووەکە.

لەبەر ئەوەی نیگارکێش ئەیتوانی مادەی ئەلفو بێی تازە بەکار بێنێ، لەبەر ئەوەی کیمیاویش بوو، دلۆپێنەرو خاوەنی ڕەونەقو تایبەتمەند بوو لە کاری شوشەدا، ئەتوانێ دەقێکی تازە بۆ واقیع بنوسێتەوە. نیگار لای نیگارکێشە هۆڵەندییەکان، بەرهەمهێنانەوەی جیهان نەبوو، بەرهەمهێنانیشی نەبوو، بەڵکو بەدگۆڕانو وەرچەرخانی بوو. لەم لایەنەوە، تەکنیکی نەخشو هەڵکەندن چاوگەی ڕۆشنایی ئێمەی پێکهێنا. لە کاتێکدا وێنەگرتن- هیچ نەبێ وێنە خامەکە- هەموو شتێك ئەگوێزێتەوەو هیچ شتێك جێناهێڵێ، ئەفسونی هەڵکەندن ئەوەی کە بۆدلێر گۆرانی بۆ وت، ئەتوانێ ئەوەی کە جەوهەرییە نیشانی بدا، لەبەر ئەوەی هەڵکەندنیش هەر وەکو نیگار پشتی بە داهێنانی ئەلفو بێیی بەستووە، بە واتای ئەوەی کۆمەڵێك هێمای ورد، کە لە بڕینو خاڵو پیاکێشانو بەرزایی سپی پێکدێ، کە وێنە جوان ئەکاو دەوری بە ونبوون ئەگرێ.

هەریەك لە ئیمپریشینیزمو هونەری ئەبستراکت هەنگاوە بەرجەستەکانیان ڕووەو نەهێشتنی شێوە سروشتییەکان ئەنێن لە بەرژەوەندی داهێنانی بڕێك لە هێما یەکەمینەکان کە شێوە گونجاوەکانیان دژی بینینی ئاساییە. لەگەڵ هونەری ئەبستراکدا، نیگار لە زانست نزیك ئەبێتەوە. بە شێوەیەك کە بەرەنگاری شێوە درك پێکراوەکان ئەبێتەوە بە بەستنەوەی بە بونیادە درك پێنەکراوەکانەوە. بەڵام وێنەگرتنی گرافیکی جیهان، پەنا ئەباتە بەر ڕەتکردنەوەی ڕادیکالانەی ناڕاستەوخۆ، بۆیە وا دەرئەکەوێ کە نیگار تەنها " بەرهەم ئەهێنێ"و توانای گەڕانەوەی نەما بێ بۆ "بەرهەمهێنانەوە". وەرگرتنی ئەو لەسەر ئاستی ڕەگەزەکانی واقیعە، هەروەك خواوەند لە " تیماوس"دا کردوویەتی. کۆنستراکشنیزم" البنائیة"یش شتێك نییە حاڵەتی دابڕینی پرۆسیسی زێدەکردن نەبێ، ڕەتکردنەوەی ئاشکرای واقیع تیایدا مەرجێکە بۆ شکۆدار کردنی جەوهەری نا- شێوەیی شتەکان. کەواتە ئایکۆنیستی بایەخ ئەدا بە خستنە ڕووی واقیعێکی واقیعی تر لە واقیعی ڕۆژانەی ئاسایی.

ئەم تیۆرە لە ئایکۆنیستیدا — بەو پێیەی زێدە ئیستاتیکی ترە لە واقیع — کلیلی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەمان ئەداتێ دەربارەی ڕەخنە گرتنی ئەفلاتون لە نووسین. ئایکۆنیستیی نووسینەوەی واقیعە. نووسینیش بە مانا دیارەکەی حاڵەتێکی بچوکی ئایکۆنیستییە. دێڕبەندیی گوتار لەبەرگرتنەوەی جیهانە، نەك بە مانای دووبارە کردنەوەو زەربی دوو کردن، نا، بەڵکو بە مانای وەرچەرخانو بەدوای یەکدا هاتن.

ڕەنگە ئەم بەها پۆزەتیفەی لە ناوەندیاریی مادییو لە میانەی هێما نووسراوەکانەوە، لە نووسینو نیگار پێکەوە، بدرێتە پاڵ خولڤاندنی سیستمی تۆمارکردن کە تایبەتمەندێتییە شیکارییەکان دەرئەخا: دابڕان، ژمارەی کۆتایی، هێزی کۆکردنەوە. سەرکەوتنی ئەلفو بێی دەنگیی لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواداو چوونە پاڵ یەکتری نووسینو ئاخاوتنی ڕێکخراو لەسەر پاڵپشتی پیت بۆ دەنگ، پێویستە وامان لێ نەکا چاو لە تواناکانی تری دێڕبەندیی بپۆشین کە نووسراوە وێنەییەکانو هیرۆگلۆفیەکان گوزارشتی لێ ئەکەن، لە سەروو هەمووشیانەوە نووسراوە وێنەییە سیمبۆلییەکان

کە دێڕبەندییەکی ڕاستەوخۆی مانا فیکرییەکان ئەنوێنن و ئەکرێ خوێندنەوەی جیاوازیان بە زاراوەی جیاواز بۆ بکرێ. ئەم جۆرانەی تری دێڕبەندیی سیفەتی گشتێتیی نووسین نیشان ئەدەن، لە نووسینە دەنگییەکانیشدا ئامادەییان هەیە، بەڵام پشت بە دەنگ بەستن تیایدا بەرەو شاردنەوە ئەچێ: بونیادی شوێن تەنها بۆ هەڵگر نییە - مەبەست هەڵگری ئاماژە شوێنییەکەیە- بەڵکو بۆ ئاماژەکانیشە، شێوە، جێگە، مەودای ئاڵوگۆڕکراو، شێواز، ڕێکخستنی نووسین، گواستنەوە لە گوێگرتنەوە بۆ خوێندنەوە بە قوڵیی بەستراوەتەوە بەم گواستنەوەی تایبەتمەندێتییە کاتییەی دەنگ بۆ تایبەتمەندێتییەکانی شوێنی هێما دێڕبەندکراوەکان. پێدانی مۆرکی شوێنیش بە زمان، لەگەڵ دەرکەوتنی نیگاردا تەواو ئەبێ. شێوەی ڕۆشنبیریی بە ڕێکخستنی هێزی دەنگ لە نزیك ئامادەبوونی ئاڵوگۆڕەوە دەست پێئەکا. دەقە چاپکراوەکانیش لە گۆشەگیرییدا بە مرۆڤ ئەگەن، دوور لە کەشی ئاهەنگسازیی کە هەمووان کۆ ئەکاتەوە. بەم شێوەیە هێما ئەبستراکتەکانو پەیوەندی گرتن لە دوورەوە لە نێوان ئەندامە پەرتەکانی جەماوەرێکی

نەبینراودا پەیوەندی دروست ئەکەن. ئەمە کەرەستەی مادی ئایکۆنیستی نووسینو پوچکردنەوەو هێنانەئارای جۆرێکی تری واقیعە لە ڕێگەی دێڕپەند کردنی دەرەکیی گوتارەوە.

## دێڕبەندیی و دوورکەوتنەوەی بەرهەمهێن

ئەوەتا ئێمە ئامادەین بۆ دوا هەنگاو. وا ئەکا لە پرۆسێسی هێرمنیۆتیکادا بۆ دۆزینەوەی ماناداركردنی قوڵی دەرهاویشتنی گوتار تەرخان بین. کێشەی نووسین ئەبێتە کێشەیەکی هێرمۆنتیکیی، کاتێ هەواڵەکردن بۆ جەمسەرە تەواو کراوەکەی دوایی دێ، کە خوێندنەوەیە. مەبەستم لە خاوەنداریێتیی هاوشێوەی سەربەخۆیی دەلالییە، کە دەق لە نووسەرەکەی دائەبڕێ. خاوەنداری واتە " بەخاوەنبوونی" ئەو شتەی کە "نامۆ"یە. لەبەر ئەوەی بە گشتیی خولیای بە خاوەن بوونی شتە نامۆکانمان هەیە، کێشەیەکی گشتیی هەیە لە دوورکەوتنەوەدا نەك بە مەبەستی مەودا، کەواتە تەنها واقیعێك، یان پێدەرێك هەروەك لە بۆشایی کاتیو شوێنییدا هەیە، کە دوورمان ئەخاتەوە لە دەرکەوتنی ئەو کارە هونەرییە یان ئەم گوتارە، یان ئەوی تر. بەڵکو سیمایەکی دیالێکتیکییەو پرەنسیپی

ململانێی نێوان ئەویترییە" الآخرية": کە هەموو مەودا کاتییو شوێنییەکە وەرئەچەرخێ بۆ نامۆ بوونێکی ڕۆشنبیریی، لەگەڵ خاوەنداری کە هەموو تێگەیشتنێك ئاڕاستەی تێگەیشتنی خود ئەکا، کەواتە دوورخستنەوە دیاردەیەکی چەندێتی نییە، بەڵکو هاوتای داینەمۆی پێداویستیو بایەخو کۆششمانە بۆ زاڵبوون بەسەر نامۆ بوونی ڕۆشنبیرییدا. خوێندنەوەو نووسین لەم شوێنی ململانێی نووسینەدا دەست ئەکەوێ. خوێندنەوە "فارماکۆن"ە ئەو چارەسازیەیە کە مانای دەق لە نامۆبوونی بە پەراوێزکردنی ڕزگار ئەکا، لە نزیکی بڵاوبوونەوەی مەودای ڕۆشنبیرییەوە دێو پارێزگاری لێئەکا، ئەویترییش تێکەڵ بە دڵی خاوەندارِیی ئەبێ.

ڕەگی ئەم گرفتە گشتییە بە قوڵیی بە مێژووی فیکرو هەڵوێستی ئینتۆلۆژیماندا وەك یەك درێژ ئەبێتەوە. مێژوویيانە، ئەو کێشەیەی لێرەدا گرنگی بە دابڕینی ئەدەم، داڕشتنەوەی کێشەیەك ئەنوێنێ، کە چەرخی ڕۆشنفکریی سەدەی هەژدە بۆ جاری یەکەم دایڕشتەوە بۆ بەرژەوەندی فیلۆلۆژیای کلاسیکی: چۆن ئەتوانین ڕابردووی ڕۆشنبیریی ئامادە بکەینەوە وێڕای ئەو مەودا ڕۆشنبیرییەی لە نێوانماندایە؟ ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی لەم کێشەیەدا بە وەرچەرخانێکی درامی هەستا کاتێ پرسی: ئایا ئەتوانین هاوچەرخی

بلیمەتەکانی ڕابردوو بین؟ یان بە دەربڕینێکی گشتگیرتر، مرۆ چۆن بۆی ئەلوێ کە ئەو دەربڕینە ژیانیانە بەکار بهێنێ کە نووسین جێگیری کردووە، بۆ ئەوەی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ژیانێکی دەروونیی نامۆ بەو؟ ئەم کێشەیە پاش کەوتنی داواکەی هیگڵ دەرکەوتەوە کە بریتی بوو لە زاڵبوون بەسەر ڕێچکەی مێژوویی لە ڕێگەی لۆژیکی ڕوحی ڕەهاوە. بەڵام ئەگەر پوختەی کەلەپوری ڕۆشنبیریی ڕابردوو نەبووایە، لە هەموو ئەو شتانەی کە بە دەوری شتەکانەوەن، لە یەکانەیی"واحدیة" پێکهاتە وردەکانی وەرئەگیرا، مێژووی گواستنەوەی ئەم کەلەپورانەو تێپەڕاندنی نە ئەتوانرا زاڵ ببێ. کەواتە دیالێکتیکی دوورکەوتنەوەو خاوەنداری دوا وشەیە لە داماڵینی ئەبستیمی ڕەها.

ئەتوانرێ گوزارشت لەم دیالێکتیکە بکرێ بە دیالێکتیکی نەریتی تێگەیشتن، بەوەی کە کەلەپوری ڕۆشنبیریی گوێزراوەی مێژووییە. نەریت کێشە فەلسەفییەکان پێشنیاز ناکا، چوون تا ئێستەش بە ساویلکەیی دڵنیایی یەکەمەوە تیایدا ئەژینو حەواوینەوە. نەریت گرفتدار نابێ تا ئەو کاتەی ئەم ساویلکەیی یەکەمە لە دەست ئەچێ. ئەو کاتە پێویستیمان بە وەرگرتنەوەی ماناکەی هەیە لە میانەی دوورخستنەوەو بەوەی کە ئەیگرێتەبەر. لێرەوە

خاوەنداری ڕابردوو بەردەوام ئەبێ لە کێشەیەکی بێکۆتاییدا لەگەڵ دوورکەوتنەوەیدا. گەر فەلسەفیانەش لە هێرمنیۆتیکا تێبگەین، چ شتێکی تر نییە بەدەر لەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی دوورکەوتنەوەو نامۆبوون بێن بە دوو شتی بەرهەمهێن.

بە وێناکردنی پەیوەندی نێوان نووسینو خوێندنەوە لە میانەی دیالێکتیکی دوورکەوتنەوەو خاوەندارێتییەوە، مانا قوڵەکەی بەدەست دێ. لە هەمانکاتدا پڕۆسێسە دیالێکتیکییە وردەکان کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا بە جیا وەسفمان کردن، بە پێی هێڵکارییەکەی جاکۆپسن بەڕێوە ئەچن کە دەربارەی نمونەی پەیوەندی گرتن بوو، ئاوێتە ئەبن تا بە گشتیی مانا بدەن.

**هێرمنیۆتیکا:**

ڕەنگە لێکدانەوەسازیی نزیکترین وەرگێڕان بێ. دوورخستنەوەی لێکدانەوەی دەقە لە سیفەتی گفتوگۆیی‌و مەبەستی بگۆ، ئەم دوو زاراوەیەی تر تاک "دووری"ن، بەڵام لە هێرمنیۆتیکادا جگە لەوەی زۆر لە گوتار دوور ناکەونەوە بەو پێیەی گوتار جێکاری هێرمنیۆتیکایە، ئەوانیش لەو گۆشەگیریی‌و تاکڕەوییە ڕزگاریان ئەبێ. هێرمنیۆتیکا کارکردنە لەسەر زێدەمانایی گوتار، نەك تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەرو گفتوگۆکردن. بەم شێوەیەش، هێرمنیۆتیکاو تێگەیشتن دوو مانای سەربەخۆن‌و ناکرێت لە بری یەك بەکار بهێنرێن. ڕیکۆر لەم بارەیەوە ڕەخنە لە شلایماخەر ئەگرێ‌و پێی وایە کە ئەو ئەتوانێ لە تەواوی مەبەستی نووسەر تێبگا، نەك کاری هێرمۆنتیکی بکا.

**مانا:**

دوو لێکدانەوە بۆ ئەم زاراوەیە کراوە: ئەو مانایەی کە بگۆ مەبەستیەتی‌و ئەیەوێ بیپێکێ‌و ئەو مانایەی لە ڕستەدا ئەبینرێتەوە.

**ڕووداو:**

لە زۆرترین باردا بۆ ئاخاوتنی بگۆ بەکارهێنراوە. هەروەك گوتاریش کە ڕستەی تەواو پێکی ئەهێنێ، ئەویش ڕووداوە، واتە کاتێك بگۆ ئەیڵێ، چونکە ئەو کاتە زمان لە نووسراوی دەنگییەوە ئەبێ بە کردارو زمان "لە دەرەوە بوونی کات" ڕزگار ئەکا.

**هەڵگر:**

لە زانستی زماندا بەو ئاماژانە ئەوترێ کە هەڵگری مەدلولێکی کاتی یان شوێنییەو ئەبێتە ناوەندیار لە نێوانی زمان‌و پاڵپشتدا.

**دێڕبەندیی:**

هەموو ئەو ئاماژانەی نووسینە کە گوتار جێگیر ئەکەن، هەر بە ئاماژە دەنگییەکان‌و هێماو نیشانە مرۆییەکانەوە، تا بەو ئاماژە مادییانەش ئەگا کە لە دەرەوەی واقیعی مرۆیین، بەو مەرجەی ببنە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی کەناڵی پەیوەندی گرتن.

**سەربەخۆیی دەلالیی دەق:**

لای ڕیکۆر ڕستە یەکەیە نەك ئاماژەکان، چونکە ئاماژەکان بە تەنها مانایان نییەو بە کۆبوونەوەیان بەپێی یاساکانی سیستمی نووسینو ئەدا مانا پێك ئەهێننو بەو پێیەش گوتار پێکدێ، بەڵام ڕستە لە چەند یەکەیەك پێکدێ، ئەو دەلالەتەی گوتار ئەیبەخشێ بەدەر لە مەبەستی نووسەر یان دانەر واتە سەربەخۆیی خۆی وەرئەگرێو لە مەبەستی قسەکەرەکەی دائەبڕێ، بەو پێیەی کە لە گوتاردا دوو دوریی هەیە.

**هەواڵە کردن:**

بەستنەوەی زمانە بە جیهانی پشتیەوە، لە میانەی بونیادێکی فیکرییەوە، واتە بەو ئاماژانەی کە لە سیستمی زماندا هەیەو بگۆ ئەیەوێ بیبەستێتەوە بە دەرەوەی ئەو سیستمەوە.. بۆ نمونە: ئەو قەڵەمەی پێی ئەنوسم، یان ئەو کۆمپیوتەرەی بەکاری ئەهێنم، هەریەك لەو ئاماژانەی لەم دوو ڕستەیەدا هەن دەلالەت لە شتێك ئەکەن لە دەرەوەی سیستمی زمان.

**هەواڵەكردنی گوتار بۆ خودی خۆی:**

مەبەست لە بەكار هێنانی ئاماژەیەكی زمانەوانیی یان كاتی یان شوێنییە لە لایەن بگۆوە گوتارەكە ئاڕاستەی خودی خۆی ئەكاتەوە. بۆ نمونە ڕاناوی "من" لە لە گوتاردا هیچ مانایەك نابەخشێ تەنها هەواڵە كردنەوەی گوتارەكە نەبێت بۆ خودی بگۆ.

**دەرهاویشتنی مەبەستدار:**

هەواڵە كردنەوەی ئاماژەكانە بۆ دەرەوەی زمان، واتە ئەو جیهانەی كە پاڵپشتی ئاماژەكانە.

**سەربەخۆیی دەلالیی دەق:** داماڵینی گوتارە لە سیفەتی دەرونیی نووسەرو دەسكەوتنی مانای جیاوازە لە گوتار، بەڵام ئەمە بە مانا بارتیەكەی كوشتنی نووسەر نییە، بەڵكو لە ڕووی كاتەوە گەڕانەوەی هەیە.

**خاوەنداریی دەق:**

ئەو كاتەی كە خوێنەر خوێندنەوەیەكی جیاواز بۆ دەق بەرهەم ئەهێنێ.

**ئایكۆنیستی:**

تیۆرەی ئایكۆنی لە بنەڕەتەوە پشت بە ئاماژەی ئایكۆن ئەبەستێ.. لە سەدەكانی پێشیندا ئایكۆن

ئاماژەی وێنایەکی زەینیی ڕووت بوو، وەك خواوەند، واتە ئەو وێناکردنەی ئەگرتەوەو بواری بەکارهێنانی بەرتەسك بوو.. بەڵام دواتر گۆڕانی جەوهەری بەسەر ئەو زاراوەیەدا هاتو بە تایبەت لە ئێستەدا ئەو سنوری پیرۆزیانەی بەزاندووەو ئاماژەی وێنەیە.

**بگۆ:**

کەسێك کە گوتارێك ئەڵێ، واتە قسەئەکا، قسەکەر، بۆ کورتکردنەوەی قسەپێکەر بگۆم بەکارهێنا.

**کرداری تێپەڕکاریی:**

شاردنەوەی گوتار لە ژێر ئاماژەی جیاوازدا، واتە کاتێك بگۆ شتێك ئەڵێ‌و مەبەستی جیاوازی هەیە.

"و.کوردی"

## یادگە، مێژوو، بیرچوونەوە
## پۆڵ ڕیکۆر لە دوایین چاوپێکەوتنیدا

ئەم دیدارەی نێوان پۆڵ ڕیکۆرو سۆرین ئەنتۆهی لە ١٠ی مانگی ئازاری ساڵی٢٠٠٥ واتە ٢ مانگو١٠ ڕۆژ بەر لە کۆچی دوایی ڕیکۆر لە زانکۆی باستز مەڵبەندی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی سەر بە مەڵبەندی سەرەکی زانکۆی ئەوروپی لە بۆدابست، سازکراوە.

ڕیکۆر، سەرەك شەرەفو ڕابەری ڕوحی ئەم زانکۆیە بوو، لە ٨ ی ئازاردا موحازەرەیەکی دەربارەی "یادگە، مێژوو، بیرچوونەوە"ی لە کۆنگرەی جیهانی (یادگە گەڕاوەکان، مێژووی ئەوروپای پاش فاشیزم) دا پێشکەشکرد کە زانکۆی باستز ڕێکی خستبوو بە

هاوکاری دامەزراوەی کۆرپەر، لە ٩ ی ئازاریشدا پۆڵ ڕیکۆر یەکەمین نازناوی دکتۆرای شەرەفی لە زانکۆیەکی سەرەکی ئەوروپییەوە پێ بەخشرا.

*** با لە کۆتاییەوە دەست پێ بکەین گەر دەربڕینەکەم ڕاست بێ. لە سەرەتاوە هەندێ پرسیارت دەربارەی (یادگەMemory، مێژووHistory، لە بیرچوونەوە Forgetting) لێ ئەکەم، گەر ڕازی بی دەست پێئەکەین و دوای ئەوە ئەچینە سەر پرسیاری تر. بە تایبەت کە جیهانێکی تەواو لەم کتێبەدایە، بە جۆرێ من ئەمەوێ سەرەتا تیشك بخەمە سەر کێشەی (لێخۆش بوون) لێبوردەیی، ئەمەش گرفتێکی ئاڵۆزە بۆ ئەو کەسانەی ڕۆشنبیریی سیۆلۆجی"زانستی لاهوت"یان نییە، کە وەك سادەیی ڕۆشنبیریی ئیتیکیو ڕەفتارییو ڕۆشنبیریی فەلسەفی نییە. خۆ بە لانی کەمەوە پێویستیمان بە والاکردنەوەی سیۆلۆجیا هەیە. هەندێ کەسیش لە هەندێ کاتدا خراپ لە فەلسەفەکەت حاڵی بوون. بۆ نمونە، بیستومە کە هەندێ کەس ڕەخنەیان لێ گرتووی‌و وای بۆ ئەچن کە لێبوردەییەکەی تۆ جۆرێکە لە "بیرچوونەوەیە"، لێبوردنێکی نادروستیشەو دەلەلات لە گەڕاندنەوەی ڕابردوو ئەکا، لەوەدا کە پەیوەندی بە کاری خراپە کردنەوە هەیە. چۆن کێشەی**

**لێبوردەیی ڕوون ئەکەیتەوە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان نییە یان ئەوانەی ئەزانن؟**

- پێش هەموو شتێك ئەمەوێ بیرم بێتەوەو بزانم ئەو ڕووبەرە چەندە ئەم کێشەیە لە کتێبەکەمدا گرتوویەتی، بە ڕاشکاویی ئەڵێم: خۆ ئەوە بەشێك نییە لە کتێبەکە. ئەوە وەك دوایی هاتنی کتێبەکە وایە. تیایدا پرسم لە ئابڕووی فکری و بابەتی پەیوەندی نێوان یادگەو مێژووو بیرچونەوە کردووە، ئەوەش لە کۆتایی کتێبەکەدا بە تەواوی بە سەرخۆیدا داخراوە. کەواتە ئێمە تەنها قسە لە دوایی هاتنەکەدا ئەکەین. دووەم: ئەو پرسیارەی بابەتی لێبوردەیی ئەوروژێنێ پەیوەندی بە لێبوردەیی کەسانی ترەوە نییە. وەکی تر، داواکردنی لێبوردەیی. بەم شێوەیە، پەیوەندی یەکەم لە لێبوردەییدا، لە سەر داوای ئەوی تر بەندە، من بیر لە ڤلادیمیر جانکیلۆڤیچی فەیلەسوفی ئەفلاتونی ئەکەمەوە کە جولەکەیە، جارێکیان وتی : "خراپ نییە بە باشی لە بیرۆکەی لێبوردەیی ڕامێنین. هەروەها وتی: لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە پرسیان پێ نەکردوین ببورین "بە وردی تێبینی بکە کێشەی لێبوردەیی پەیوەندی بە ئاخاوتن لەگەڵ ئەوانی تر هەیە، وەلامێکی تریش

هەیە: ئەوانەی کارەکانم ئەخوێننەوە چاك ئەزانن ئەوکەسەی تۆ لە پرسیارەکە ناوی ئەبەی، ئەو مەبەست نییەو ئەو بیرۆکەیەشی کە بەشێکی تەواو دەربارەی لێبوردەیی ئەگرێتەوە، ئەوەیە کە لێبوردەیی کردەیەکی کەسییە. کردەیەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، پەیوەندی بە یاسا دانراوەکانەوە نییە، بەم شێوەیە ئەو وردەکارییەی لەم بەشەدا کە باسی هەموو یاسا دانراوەکان ئەکەم پێویستە بپارێزرێ. بەو کاروباری تاوانانەشەوە کە یاسایەکی دیاری کراوی تیا نییە. لە پێشەکی ئەم بەشەدا نووسیومە، پێویستە دادپەروەری بسەلمێنرێ، پێویستە دادپەروەری جێبەجێ بکرێ. با نمونەیەك بهێنمەوە: کاتێ پاپا سەردانی ئەو کەسەی کرد کە هێرشەکەی کردە سەری لە زیندانەکەیدا، رووبەڕوو قسەیان کرد، هیچیش نازانین دەربارەی ئەو قسانەی کردوویانە، هەر چۆنێك بێ بۆنتقی هێرشبەر لە پاپا نەپاڕابووەوە کە حوکمەی هەڵپەسێرێ، لە بری ئەوە دادگای ئیتالی لێبوردنی پێبەخشی. ئەو بیرۆکەیەی کە لێرەدا سەرنجی ڕاکێشام دیالێکتیکی نێوان خۆشەویستیو دادپەروەرییە. لە ڕاستیدا وتارێکی کورتم نووسیو بە هەر دوو زمانی ئەڵمانیو

فەڕەنسیو لەم کۆنگرەی زانکۆیی تیوبنجینەشدا بڵاوبووەوە دەربارەی خۆشەویستیو دادپەروەریی، بۆ ئەوە چووم کە بیرۆکەی دادپەروەریی بە شێوەیەکی جەوهەری پشت بە هاوتایی ئەبەستێ، بەڵام چەمکی لێبوردەیی لەولاوە پشت بە پەیوەندی نا/ هاوتایی ئەبەستێ، لێبوردەیی لە لایەکی ترەوە پشت بە پەیوەندی دەستبڵاوی و زیادەڕۆیی ئەبەستێ، لێرەشدا دوو لۆژیکی جیاواز کار ئەکەن. لێرەدا پرسیارێك خۆی دەرئەخا: ئایا لۆژیکی ناهاوتایی کە لێبوردەیی دیاری ئەکا لۆژیکی هاوتایی ئەبڕێ کە دادپەروەریی دیاری ئەکا؟ وەڵامەکەی بە بەڵێیە. بەڵام لەو مەسەلانەدا کە ئەکرێ تەواو سیمبۆلیی بن. نمونەیەك وەرگرە: هێمای ڕاوێژکارو جێنشینی براندت کە چوو کڕنوش بەرێ بۆ پەیکەری سیمبۆلی چەوسانەوەی جولەکە لە گێتۆی وارشۆ. ئەمە ئاماژەیەکی سیمبۆلییە یاسا دانامەزرێنێ. بە جۆرێك ئاماژە بۆ بادانەوەیەکی گشتی ئەکا، ئەکرێ لە میانەی ڕەتکردنەوەی ئەو زانینە هاوبەشەوە کە مومارەسەی پەیوەندی هاوتایی قەدەغە ئەکا پێك بێ. ئەتوانم لەوەش زیاتر بڵێم کە هەموو جۆرەکانی ئاماژەی لێبوردەیی لە یاساداناندا،

ڕەچاوی ئەوەش بکەین ڕەنگە بەم لە بەرچاوگرتنە قەرزاری تۆمەتبار بن، کە پێویستە ڕێی قسە کردنی لە دادگادا بدرێتێ. وشەی (لە بەرچاو گرتن) لای من تایبەت ئەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی دادپەروەریی کاریگەرێتییەکی تایبەتی جێهێشتووە، شتێك کە ڕکاوی بوونە، شتێکە کە بە گرانیی لە تۆڵە سەندنەوەی جیا بکەیتەوە. هێگڵیش گفتوگۆی لە سەر ئەمە کردووە لە نامەیەکی کتێبەکەیدا (فەلسەفەی ماف دەربارەی سزا) کە ئەڵی : سزا هەمیشە بەندی ویژدانی دووبارە بوونەوەی تۆڵە سەندنەوەیە. لێرەدا هیگڵ تراژیدیای گریك ئامادە ئەکاتەوە، ئەو پەندەش هێشتا زیندووە کە ئەڵێ: ترۆپکی یاسا ترۆپکی نادادپەروەرییە. کەواتە ئەبێ جیهانی دادپەروەریی هاوڕامان بێ. دوا تێبینیش ئەوەیە تۆ لە دوا لاپەڕەکانی دوایی هاتنەکەدا ڕەخنەیەکی توندوتیژ ئەبینیتەوە لەو یاسایەی کە لای هەموان پەسەندە، بە تایبەت مەبەستم لێ بوردنە. لە کۆنگرەکەدا گوێت لێم بوو کە لەم بارەیەوە قسەم کرد، لێبوردن بیر چوونەوەیەکی ڕێکخراوە، هیچ شتێك بە پەیمان بەستن ناکرێ، ڕێکەوتن ئەتوانی کە لێبوردەیی یان بەخشین

بخاتە ناو دوو ویژدانەوە. ڕێکەوت نییە کە سیلەی ڕەحمیٚ یان پەیوەندێکی دەلالی یان لێك چونیٚ لە ئاماژە و مانای دووشەی لێبوردن و یادگە لە زمانی فەڕەنسیدا هەیە لە نێوان هەردوو وشەی لێبوردن **amnesty** و یادگە **amnesia** یاساکانی لێبوردن هەمویان یاسای لێبوردەیی نین. ئەوان یاساکانی لێبوردنی گشتی دەرئەکەن، یاساکانی دەسەلاٚت. لە سەر ئەم بنچینەیەوە، بەرپەرچی ئەوە ئەداتەوە کە بە کرداری خودیی عاتیفە وەسفت کرد. بە بڕوای من لێبوردن ڕاستی کلۆر ناکا. بەوەش، دایئەپلۆسیٚ، وەك ئەوەی قەدەغە بیٚ، دادپەروەرییش وەك ئەوەی قوربانی بیٚ.

*** لە سەر ئەم بنچینەیەوە تۆ پێت وایە، لێبوردن ئەوە قەدەغە ئەکا کە من ناوی ئەنێم کاری لێبوردەیی. بەو مانایەی لێبوردن لادانە لە توانای لێبوردەیی؟**

- لێبوردن ڕیٚ لە لێبوردەییو دادپەروەرییش ئەگریٚ.

*** بەڵێ کەواتە دادپەروەریی، لە پرۆسەکە دوور ئەخرێتەوە، لە بەر ئەوەی کۆششکارییەك نییە کردەکانی شەڕو ئەندێشە ڕێك بخا، لەو کاتەشدا، ون بوونی دەسەلأت لادانە لە توانای لێبوردەیی.**

– ئەمەیە کە لە دوایی هاتنەکەدا وەك بەرگری کردن لە بیرۆکەکە ئەیبینیتەوە، هەندێ تاوان هەیە پێویست ناکا بابەت بن لە یاسا دیاریکراوەکاندا، لەبەر ئەوەی سەر بە تایبەتمەندیی دادپەروەریین. لەبەرچی ئەمە پێویستە؟ لەبەر ئەوەی ئەم تاوانانە خۆیان هەمیشەیی‌و بەردەوامن. جگە لەوەش ئەمجۆرە تاوانبارانە گرەو لە سەر کات ئەکەن کە ئەتوانن خۆیان بشارنەوە، هەروەك ئەشتوانن خۆیان ڕێك بخەن. تائەمڕۆش ئەوەتا تاوانباران لە ئەمریکای باشور یان لە شوێنێکی تردا، لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە هەر ماونەتەوە. ئەی چی لەم بابەتەدا باشە؟ ئەوەیە کە توانای سزادانیان تا ئێستاش بە کراوەیی ماوەتەوە، ئێمە لە گۆڕەپانی شپرزەیی تەواوداین لە نێوان جیهانی تایبەتی لێبوردەیی‌و جیهانی دادپەروەریی گشتییدا.

***گومان لە مەدا نییە. ئەمە دوا ((لێکۆڵینەوەی تۆپۆگرافیی))ە بۆ جیا کردنەوەی لێبوردەیی و داد پەروەریی، کە بەشداری ئەکا لە مشتومڕێکی دیموکراتی گەورە و پەیوەست بە جیاکردنەوەی دەوروبەری گشتی و دەوروبەری تایبەت.**

- ئەتوانی تێبینی ئەوە بکەی بۆچی ئەو دوایی هاتنەم خستە کتێبەکەوە، کتێبێکی تەواو داخراوو بەشەکانیشی تەواو ببوون پێش ئەو دوایی هاتنە.

*** ئایا هیچ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان دوایی هاتنەکەو مادەی کتێبەکەدا؟**

- بەڵێ، بەڵێ، حەز ئەکەم بڵێم، سەرە داوێك بە نێو دێڕەکانی کتێبەکەدا تێپەڕ ئەبێ بێ ئەوەی خۆی بکاتە میتودێك و ئەیەوێ بڵێ ئەو کتێبە دیدی یادگەی هێمنکەرەوەی گرتووە، ئەمەش ئەو وشەیەیە کە ئەمەوێ بیبەستمەوە بە لێبوردەییەوە. یادگەی هێمنکەرەوە بۆ ئەوە ناگەڕێ ئەشکەنجەی خراپە و خراپەکردنمان بیر بباتەوە، ئەو تا ڕادەیەك بەبێ توڕە بوون بە دوای باسکردنیدا ئەگەڕێ، من ئێستا بیر لەو قسەیە ئەکەمەوە کە ئەڵێ:**sine ira nec studio** کە لە دۆسیە مێژووییە ساتیمۆسەوە **Tacitus s annals**

وەرگیراوە، بەم جۆرە بێتوڕەبوون و بێزیان. بەمەش، بۆچی ئەڵێم شتێك بۆ یادگە لە گفتوگۆکەمدایەو بە ڕێگەیەك دەربارەی بابەتی لێبوردەیی ڕامگەیاند؟ ئەمەش تێڕامانی منە بۆ دیاریکردنی بیری ڕابردوو. لەم خاڵەدا دەربارەی "سەرسوڕهێنێکی بچوك بۆ زانین" ئەدوێم، من دڵنیام لەمە بە بێئەوەی زانیبێتم شتێ بە دوای بەشی تایبەت بە لێبوردەییدا دێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەنگدانەوەی مێژوو لەو بەشەدا هەیە، لە بەر ئەوەی تایبەتمەندێتی یادگە ئەوەیە کە ڕابردوو دیاری بکاو دڵی پێی خۆشە و ئەڵێ :بەڵێ، ئەمەیان ئەوە، هەر بەو شێوەیە بوو، ئەوە ڕوویدا، من باوکم دیاری ئەکەم، هاوڕێکانیشم، لە وێنە فۆتۆگرافییەکەدا. بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەوانە ئەناسمەوە کە لە تەمەنی خۆمدا بوون و ئێستە ژیانیان جێ هێشتووە. ئەو زانینەی بە یادگەدا ڕۆ ئەچێ ئەوە جۆرێکە لە بیری هێمن. بەڵام کێشەکە - لە ڕاستیدا بەشێکە لە کتێبەکە _ ڕاستییەکە لە ناخی مێژوودایە. شوێنێکمان نییە بۆ جیاکردنەوەی جگە لە هاوشێوەیی کۆتایی. ئەمەوێ بڵێم بیرۆکەکەی میشێل کە پێی گەیشت کاتێ لە سەر جۆرێك لە ژیانەوەی ڕابردوو دوا

_ هەرچەندە کەسێکی ئایینی نەبوو، بەڵام دەستەواژەی ئایینی بە کار ئەهێنا بۆ ئەوەی خوڵقاندنەوەی نیمچە ئامادەیەك تەواو بکا- فکری میشێل زۆری پێشکەش بە فەڕەنسا کرد، لە جۆن ئۆف ئەرکەوە تا شۆڕشی فەڕەنسا (بە لایەنی ئەوەوە وەك کەس مامەڵەی لەگەڵ فەڕەنسادا ئەکرد) من بەرامبەری فەڕەنسا ئەوەستمەوە، لە ڕاستیدا ئەوە کۆچکردنێکی ڕۆژانە نەبوو بۆ مێژوونوس، مێژوونوسان لەگەڵ دۆکیۆمێنتا مامەڵە ئەکەن، دۆکیۆمێنتیش لەگەڵ یادگەدا یەکتر ئەبڕن، لەبەر ئەوەی کاتێ نوسراوە، کە دەنگەکان بێ دەنگ بوون. مرۆ لە توانایدایە کە بڵێ: ئەوان لەسەر ئەرشیف ڕاهاتوون. (من ئێستە ئەو کتێبە ناوازەیە ئامادە ئەکەم کە ئالێت فارج داینا‌وە بە ناو نیشانی بەرامەی دۆسیەکان) مێژوونوسان لەگەڵ دەنگە کپەکاندا دەستیان پێ‌کردووە، شوێنی ئەو دەنگانە کەوتون تا هێناویانەتە سەرەوە، گەر دەربڕینەکە تەواو بێ.

ئەمەوێ بڵێم مێژوونوس هەوڵ ئەدا بۆ دەست کەوتنی جۆرە بەڵگە (بڕوانامە) یەکی سەقامگیر. بەڵگەیەکی ڕاستەقینەی زارەکی. ئەویش دەنگی

بگۆیەك بێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆمار ئەکرێ. تەنها لەوڕۆژەدا ئەبێ بە بڕوانامە، لەو ساتەدا ئەبێ بە بەشێك لە ئارشیف. بە شەرتێ کە حەقیقەتی ڕاستەقینەی ئەرشیف هاوکێشەیەکی بێلایەنی دەنگی زیندووە، کە بڕوانامەی ئیرادی پێك ئەهێنێ، پاشان دەنگێك لە ئێستەوە بۆ ئێستە دەرئەکا. من لە بەر دەمی کەسێکدا گەواهی لەسەر شتێك ئەدەم، ئەو بەڵگەنامەیەشی کە ئەمەوێ دووپاتی بکەمەوە بینینە بە چاو، ئەو کات باوەڕپێکراویی دەنگ پەیدا ئەبێو بڕوانامە هەڵئەگرێ. بەڵام ئەم باوەڕپێکراوییە خۆی جێی بەرپەرچدانەوەیە. مرۆ بۆی هەیە بڵێ ئەمە بڕوانامەیەکی ساختە یان درۆزن یان قۆڵبڕانەیە. لەو بارەشدا مێژوو ئەکەوێتە رووبەڕوو بوونەوەی بڕوانامەکان، بە تایبەت لەگەڵ ئەو بڕوانامانەدا کە ئەرشیف کردنیان هەوڵی سوککردنیان ئەدا بۆ بێدەنگ کردنیان. نمونەی ئەم جۆرە رووبەڕوو بوونەوانەش نووسەری بە ناوبانگ "لۆرنزۆ ڤالا" لە کتێبەکەیدا وەسفی ئەکا دەربارەی شان و شەوکەتی قوستەنتین. لە چەند لایەنێکەوە ئەوە سەرەتای ڕەخنە گرتن لە مێژوو پێك ئەهێنێ. هەر وەك "کارلۆ گینز بێرگیش"

نووسیویەتی. ئەمەش دیسانەوە بەهۆی - من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی سەرەتا باست کرد- ئەوەیە کە یادگە زارەکییە. لە گێڕانەوە (چیرۆك )دا من بۆ خۆم و ئەوانی تر بەرهەم ئەهێنم. لە کاتێکدا لە مێژوودا هەموو شتێ لە نووسینەوە دەست پێ ئەکا. چڕکردنەوەی بڕوانامەش بۆ ئاماژەکانی نووسینو وەرچەرخانی یادگە بۆ مێژوو، کە بیناسازییە میتۆدیەکەی کەڵەکە بووەو بەکارهێنانە جۆراو جۆرەکانیشی بۆ بیرۆکەی هۆکاریی، کە لە هۆکارییە نزیکردنەوەکانەوە دەستی پێکرد بەرەو زانستە وردەکان . هەموو ئەو فاکتەرانەی کە بەرەو بیرۆکە گشتییەکانی هۆکاریی تەلارسازیی ئەچوون پاڵنەری کردار بوون. لە نێوان ئەم دوو بەکارهێنانە زێدە ڕۆییەی هۆکارییشدا، بەکارهێنانی زۆر هەیە بۆ وشەی (هۆ)، وشەی ڕێزمانی بۆ (هۆ) پان و پۆڕە . بە کارهێنانی میتۆدیش هەیە بۆ وشەی (هۆ )لە مێژوودا، هاوڕێم "جاك ڕێڤێل" کە بەشداری پێ بکەم، ئەتوانێ لە هەر یەکێك لەم کەرتانەدا شتێکم بۆ بخاتە سەر، هەر خۆشی هاوڕێی مێژوونوسە نوێکانی ئیتاڵیایە.

***ئەمە لە فەرەنسادا زیاتر ئەیا نخرۆشێنێ؟.**

- بەڵێ، قسە کردن دەربارەی بیرۆکەی هاوسەنگیی (هاوڕێژەیی): لە ڕاستیدا مێژوونوسان لە تواناياندايە بە پێی هاوسەنگی ڕیزبەستوو، ئەگەر شتێك هەبێ‌و یادگە هیچی پێنەکرێ. جیاکردنەوەی پێچەوانەی یادگەو مێژوو ئەتوانن چارەسەری دەرفەتی سوڕی مێژوویی بکەن ئەگەر دەربڕینەکەم تەواو بێ، بابڵێم لە (براوێل)ەوە دەستی پێکرد، بەرگریکاری سوڕی درێژ، کە کتێبە بە نرخەکەی دەربارەی دەریای سپی ناوەڕاست و جیهانی دەریای سپی ناوەڕاست لە سەردەمی فیلیپی دووەمدا دابەش ئەبێ بۆ ٣ ئاست. ئاستی کاتی، کە ئەتوانرێ پێی بوترێ کاتی نیمچە جولاو. واتە خودی دەریای سپی ناوەڕاست بە دانیشتوانە تورکی‌و ئیسپانیەکانیەوە. پاشان کاتی دامەزراوەکان‌و کاتی سوڕی ناوەند دێ. لە کۆتایشدا، کاتی ڕوداوو کاتی کۆتاییش یان ڕوداو بە مانای شەڕی لیپانتۆ دێ، بەلاَم لە هەمان کاتیشدا کاتی مردنی فیلپی دووەمە. لەم حاڵەتەدا، دوو حاڵەتی مردن لەم کتێبەدا هەیە. مردنی فیلیپ کە تایبەتە بە مێژووی ڕوداوەکان. ئەگەر دەربڕینەکەشم تەواو بێ ئەوی تر ناو

ئەنێین مردنی ئاوێتە، کە پەیوەستە بە سوڕی درێژەوە، مردنی دەریای سپی ناوەڕاست بەو پێیەی چەقی دنیایە لە بەرژەوەندی ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا _ بەڵام ئەمڕۆ من باسی ئۆقیانوسی هێمن ئەکەم. ڕێم بدە شتێکی تر بخەمە سەر بابەتی هاوسەنگی، مرۆ خودی شتەکان نابینێ لە هاوسەنگییە جۆراو جۆرەکاندا ئەوەی کە لە بازنەیەکی فراواندا ئەبینرێ هێزە پێشکەوتووەکانن. بەڵام چی ئەبینین لە بازنەیەکی تەسکدا؟ _ ئەمە وانەیەك بوو دەربارەی مێژووی نەبینراو، ئەوە حاڵەتی نادیارە کە تاکەکان ئەیانەوێ (لە نێوانیشیاندا ئاشەوانی بە ناوبانگ مینۆکشیۆ) خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. ئەو کەسانەی کە ئاسۆیەکی داخراوو کێشەی بوونی ڕووبەڕووبونەوەی یاساکانیان هەیە کە تێی ناگەن، دواتر بۆیان ڕوون ئەبێتەوە چەند گومڕاو مەترسیدارە. لە سەر ئەم بنچینەیەوە کاتێ مێژووی بینراو ئەبینی، زۆر ڕێی تێئەچێ تۆ لەگەڵ سەپاوەکاندا مامەڵە بکەی، کاتێکیش مامەڵە لەگەڵ مێژووە نەبینراوەکاندا ئەکەی تۆ بەبێ بڕیار مامەڵەی لەگەڵ ئەکەی واتە لەگەڵ ناسەپاوەکاندا، ڕەنگە کەسێك بیەوێ و لە خانەی بڕیاری ئەبستراکت وتیۆریی پەتیدا

بێ، ئەپرسێ: ئایا تۆ سەپاوییت یان نا؟ وەڵامیان ئەدەمەوە: چاکە، لێگەڕێن با لەگەڵ پێوەرە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا مامەڵە بکەین، ئەو کات دوو وەڵامتان دەست ئەکەوێ.

*** بەڵام چۆن مرۆ ئەتوانێ ئەم دوو هاوسەنگییە پێکەوە ببەستێتەوە؟ مێژووی نەبینراو زۆرمان پێ ناڵێ چۆن مامەڵەی هەردوو هاوسەنگییەکان بکەین، کەواتە چۆن ئەیبینیتەوە، یان بە لانی کەمەوە بیر لە نامەیەك ئەکەیتەوە لە هاوسەنگییەکەوە بۆ ئەوی تر. چی ونە؟ چی پارێزراوە؟ ئەگەر کێشەی یادگەی بیرچوونەوە هەڵبژێرین یان هەر کێشەیەکی تر پەیوەندی بە لێبوردەییەوە هەبێ: چی هەیە و چی ونە لەو ساتەدا کە مرۆ لە هاوسەنگیی تاکەوە بجوڵێ بۆ هاوسەنگیی بینراو؟**

_ لەو بڕوایەدام ئەمە توانایەکی تازە بێ کە مێژوونوس دەستی کەوتبێ بۆ گشتگیریی کردنی جوڵە لە نێوان هاوسەنگییەکاندا. بیرۆکەی هاوسەنگی بیرۆکەیەکی جێگیر نییە، بە مانایەکی تر بادانەوەیە. بۆ نموونە لە یادگەو مێژووو بیر چوونەوەدا، بە شێوەیەکی بەر فراوان مامەڵەم لەگەڵ مێژوونوسی ڕۆشنبیریی گەورە "نۆربێرت ئیلیاس"ی کردووە، بە

تایبەت لەوەدا کە پەیوەندی بە داب‌ونەریتی کۆشکی شاهانەوە هەیە "چەشنی پەروەردەی کۆمەلأیەتی لاساییکردنەوە کە بایەخی بە هەست وسۆز داوە چۆن بووە؟ تا ئەو هەست و سۆزە دەرکەوتووە قووڵەی لەو نزیکایەتی نا-ئاگاییەدا هەیە کە بە هۆی نموونەی شوێنی کۆمەلأیەتی ڕاقییەوە هاتۆتە خوارەوە" ئیلیاس بە دوای وەرچەرخانی نزم بوونەوەدا چوو، لە بونیادی ئەرستۆکراتی کۆشکدا (لە دوو نموونەی کۆشکی کولێوەتەوە کە بۆ ماوەی دوو سێ سەدە لە کۆشکی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا بەردەوام بوون). بە لانی منەوە کە مێژوونوسێکی ناکارامەم، کێشەی من ئیبستمۆلۆژیای مێژووییە. ئەڵێم ئەوەی کە مەزنی ئیبستمۆلۆژیای مێژووی خولقاند، هەر ئەوە ئەتوانێ جیاوازی هاوسەنگییەکان بە کار بهێنێ. بەم شێوەیە لە هەندێ باردا مێژوونوس ئەتوانێ فەیلەسوف فێر بکا. بە هۆی ئەوەوە کە فێربووە چارەسەری کێشە سەپاوو نا-سەپاوەکان بکا.

*** ئەمە ڕاستە، سەربارى ئەوەش، ئیلیاس مومارەسەی جۆرێك لە تیۆری پەیدا بوونی کردووە کاتێ بیری لە وەچەرخانی ڕۆشنبیریی کردۆتەوە (لە لوتکەوە بۆ خوارەوە) لە**

**ئەریت و مۆراڵ و ئەدەبی خوان و تف کردنەوە و هەتا دوایی.... ئیلیاس لە نێو شتەکانی تردا ئەوەی نیشان داوە، چۆن فەیلەسوفە مرۆڤدۆستەکانی وەك ئیرازموس بۆ نموونە، کتێبۆکەیان دەربارەی ڕەفتاری چاك نووسیووە بۆ ئەوەی ئاوێتە بوونی کۆمەلآیەتی پۆلین بکەن. لێرەدا جۆرە یۆتۆپیایەکی ئەرم ئەبینمەوە وەك پێوەرێك بۆ تەواو کردنی ئەو ئاوێتە بوونە کۆمەلآیەتییە و یۆتۆپیای لاسایی کەرەوەی تۆماس مۆری هاوڕێی ئیرازمۆس، بەم شێوەیە، کەواتە بەلانی ئیلیاسەوە ڕێگەیەك هەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە کاتێکدا مێژوونوسانی تر ئەبینین، وا دەرئەکەون کە ئەوان دوای سوڕی ژیانی پێچەوانە کەوتوون.**

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی فەیلەسوفم، من نازانم بۆ لە نێوانی دواندا ئەبێ شتێ هەڵبژێرم. تۆو مێژوونوسان سەربەستن لەوەدا کە بزانن چی ئەکەنو هەڵبژاردنیش بە خۆتانە، بەلآم من بەختی ئەوەم نییە چیم ئەوێ بیکەمو هەڵیبژێرم. ئەمەوێ پۆلینکردنی پەیوەندی مێژوو بە یادگەوە شی بکەمەوە، لەو بڕوایەشدام مێژوو ئەو سەرچاوانەی هەبێ کە یادگە نییەتی.

*** کەواتە تۆ جۆرە دوالیزمێکی ئیپستمۆلۆژیی شاراوە دەرئەخەی، کە لە هەناوی مێژوودایەو یادگە نییەتی؟**

– بەڵێ. بەهەرحاڵ، سەرباری زەینی قسەکانیشمان، کاتێ ئەمڕۆ قسە ئەکەم وەك قسەکردنی دوێنێم وایە دەربارەی یادگە کە مێژوو فێری کردووین. من ناچارم بڵێم ئەو وانەیە دوالیزم بوو، لەسەر ئەم بنچینەیەوە من لە مێژووی درێژو کورتەوە فێربوومو پەروەردە بووم، بێجگە لە مێژووی ڕووداوەکان ئەشتوانین ئەوە پڕاکتیك بکەین. بەڵام ناڵێم بە بێسەرکێشیی، بەڵکو سەرکێشیی گەورەی ئەوێ، بە تاقی کردنەوە لە یەك سەردەمدا لە وەزیفەی تەریب بوون تێئەگەین لە دوو سیستمی تۆتالیتاری سەرەکی. ئەتوانین خوێندنەوەی زۆر فراوان بەدەست بێنین. زۆرتر لەو ڕێگەیەشەوە کە مێژوونوسان ناویان ناوە "مێژووی وەزیفی". بەڵام تۆ لە ئاستی مێژووی نەبینراو نزیك ئەکەویتەوە کە پرسیار لە خۆت بکەی" کەی هیتلەر بڕیاری چارەسەری کۆتاییدا؟". ئەمە وتووێژێکی فراوانە لە ناوەندی مێژوونوسانی ئەڵمانیو ئەوانی تردا، کە هەوڵ ئەدەن ساتی دروست بوونی بڕیاری کۆچ پێکردنو جینۆسایدی جولەکە دیاری بکەن. مێژوونوس

یەخسیری ئەو چارەسەرەی دوایی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە سوودمەند بووە لە چارەسەری سوڕەمێژووییەکان، درێژ بووبێ یان کورت، هەمان دیاردە لە نێوان ئابووریناسەکانیشدا ئەبینیتەوە، کاتێ کە پێویست بێ لەگەڵ ڕێچکەکاندا بدوێن، واتە ئامانجە چۆنێتییە گەورەکان، یان مێژووی زەینی، هەروەك بەسەر سوڕە ئابوورییە ناوەندەکانیشدا دێ، یان لەسەر ئاستی ئەو بڕیارانەی ڕووبەڕووی سیاسییەکانمان ئەبنەوە لە ئاسۆی لۆژیکی چوارساڵەی سیستەمە دیموکراتییەکاندا. هێشتا من کێشەیەکی تریش ئامادە ئەکەم کە زیاتر کارمان تێئەکا، ئەویش پێی ئەوترێ سوڕی درێژ، کە پەیوەستە بە سێ کارەساتی سەرەکییەوەو لە پەنجا ساڵی داهاتوودا هەڕەشەمان لێ ئەکا. یەکەم: زیادبوونی دەگمەنیی وزەو پێشبینیی کردنی تەواو بوونی بیرە نەوتییەکان. دووەم: فراوان بوونەوەی سوڕی کاریگەرێتیی ڕووەك‌و گەرمای گۆی زەوی کە ئەبێتە هۆی لافاو لە هەندێ وڵاتدا، وەك بەنگلادیش کە چەندین ملیۆن خەڵکی ئاوارە کرد. جگە لە لەدەستدانی ئاسایشی جیهانیی. سێیەم: سەرهەڵدانی کێشەی کەمیی ئاو، هەیە ئەژێ‌و ڕۆژانە

ئەتوانێ دە جار خۆی بشوا، لە کاتێکدا، لە گۆشەیەکی تری جیهاندا، ژن هەیە کە ئەبێ سێ سەعات بڕوا، تا دە لیتر ئاو هەڵگرێو بیباتەوە بۆ ماڵەوە، دوای ڕۆژێکی تەواوی کارکردن. لێرەدا پێویستیی لە پێشەوە بوونی بڕیاری سیاسی دەرئەکەوێ لە سوڕێکی درێژی ڕوودانی کارەساتەکانەوە بۆ سوڕی کورتو ناوەند. بەمە ئەبین بە خاوەنی ئەم گەمانەی سوڕەکان.

*** زۆرچاکە، بەڵام دیسان – ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ گەمەی هاوسەنگییەکان- هەندێ جیاوازیی لەو هاوسەنگییانەدا هەیە لە رووی چۆنێتییەوە، مەبەستم ئەوەیە لێرەدا دۆڕاوو براوەی وشیاریی مۆڕاڵو نەریتێ هەیە، کاتێ لە گۆڕەپانی یادگەو هۆشو دادپەروەرییدا لە هاوسەنگییەکەوە بەرەو ئەوی تر ئەچین، ئەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بابەتی کێشەو لە ئاسۆی مۆڕاڵو بەم شێوەیە. لەسەر ئاستی هاوسەنگیی ئەبیراوی تاکی ئەڵمانی لە سیەکانو چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەندێ ئەزموونو دەرفەتو کردار هەبوونو هاوسەنگیی فراوانی جەنگی جیهانی دووەمو هۆلۆکۆستیش هەبوو، من هەمیشە بارگرانییەك ئەبینمەوە لە دەربڕینی هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانم لە هاوسەنگییەکەوە بۆ ئەوی تر: بڕیارە ڕەفتاریی و ئیتیکییەکان**

**هەروەك مرۆ ئەیخاتە پەیوەندییەکەوە لەگەڵ تاکدا. بۆ تەنها جارێکیش وادەرناکەوێ پەیوەندییەکی پتەویان هەبێ، تا بگوێزرێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵە یان خەڵك. هیچیش ناڵێی دەربارەی تایبەتمەندێتیی بڕیارەکان. ئەمە مانای وایە داد پەروەریی و یاسادانانە سەرەتاییەکان دروستیان کردووە.**

- پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دیدی گەڕاندنەوەیی ئەو شتانەی کە پێشنیازی ئەکەین، - ئێستە ئەتوانین بەو ڕێگەیەی تا ئێستە هەمانە لێی بدوێین- لەگەڵ دیدی ئەو کەسانەی خۆیان لە هەڵوێستدا ئەبیننەوە. ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لە کێشەکانی مێژوونوس. بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەی ئەو هەڵوێستەدا بڕۆین کە توێژینەوەی لەسەر کراوە، لێرەدا بۆ نمونە کتێبی دانیاڵ جۆنا گۆڵدهاگن ئەهێنمەوە ئەو وای نیشان ئەدا **هەموو ئەڵمانییەکان تاوانبارن**. مێژوونوسان پێش هەموو شتێك دوای ئەوە نەکەوتن کێیە ئەو قسەیە ئەکا؟ خەڵك لە باڤریا هەیەو من نایانناسم، بە ڕاست ئەمە ئەڵێم، خەڵك هەیە هیچیان نەزانیوە سەبارەت بە وەی لە چادرگەیەکی نازیدا چی گوزەراوە؟ یان دەربارەی بوونی لەوێ، ئەمەش زۆر ئاساییە. یان مەسەلەی ئەڵمانییە ڕۆژهەڵاتییەکانیش

کە گرفتیان هەبووە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی روس‌و هاتنە پێشەوەیان. جاری وا هەیە مرۆ شکست ئەهێنێ لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا بۆ قوربانیدان — ڕووی داوەو تا ئێستەش هەر وایە- بۆ ڕزگار کردنی جولەکە لە کاتێکدا ئەبووایە بە کراسی بەری خۆیانەوە قوتار بن، بەم شێوەیە پێویستە هەموو شتێ بگێڕیتەوە سەر " بە پێی ڕەوت" لە هەڵوێستدا. لەم دیدگەیەوە، من زۆر قەرزارباری مێژوونوسێکی ئەمریکیم وا بزانم جولەکەیە" دۆمینیك لاکاپرا" پێش چەند ساڵێکی کەم کەوتە وتووێژێکی درێژەوە، منیش لە کتێبەکەمدا بە دوورو درێژیی دەربارەییم نووسی. سۆول فرید لاندەریش کۆنگرەیەکی ڕێکخست کاتێ ڕووبەڕووی هایدن وایت‌و شیکردنەوە پاراوو وتارە مێژووییەکەی بووەوە.

*** لەو کاتەدا، ئەمەوێ لە باگراوندی کارەکەت بگەم دەربارەی یادگەو مێژوو و بیرچوونەوەو فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆژیاکەت. تۆ ئەنترۆپۆلۆژیای مرۆڤی تێوەگلاو بە گوناهو مرۆڤی لاوازو مرۆڤی ئازارچەشتووت پێشکەش کردووە.**

- من زۆر چێژ لە باسەکە وەرئەگرم.

*** ئەم فەلسەفە ئەنترۆپۆلۆژییە سادەییو یەکسانیی پێناسەیان کرد، کە زۆر دەگمەنە لە زانستی مرۆڤایەتیدا. فێری کردین کە مرۆڤ بەهێز نییەو هەموو شتێ نازانێو تەختی هەڵەکانیشە. بە بینین ئەو پیاوە لاوازەیە، بەڵام دوایی...**

- بەڵێ ئەمە ئەو بیرۆکەیەیە کە ئەمەوێ نەچمەوە سەری. کتێبی ناوەندیاری نێوان یادگەو مێژووو بیرچوونەوەو کتێبی کاتو گێڕانەوە، مەبەستم " خودو ئەوی تر"ە، چەمکی بنەڕەتییش مرۆڤە کە تا ئێستە بەتوانایەو دەسەڵاتی بەسەر شتدا ئەشکێ. مرۆڤ ئەتوانێ چی بکا؟ ئەتوانێ قسە بکا، ئەتوانێ چیرۆك بگێڕێتەوە، ئەتوانێ خۆی بنوێنێ، ئەتوانێ هەست بە لێپرسراوێتیی بکا. گەشەپێدانی بیرکردنەوەم لە ڕۆشنبیریی تاوان، هەر لە پەنجاکانو شەستەکانەوە درێژەی کێشا تا ئەو موحازەرەیەی ساڵی ١٩٨٦ لە گیفۆرد وتمەوە لەسەر کەسانی بە توانا. لەسەر ئەم بنچینەیەوە دوا کتێبم دەربارەی یادگەو مێژووو بیرچوونەوە، ئاماژە بۆ مرۆڤی لاواز ناکا، بەڵکو بۆ مرۆڤی بە توانا.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ ئەتوانێ یادگەو مێژوو بخولقێنێ. جیاکارییەکی ڕوون هەیە من خۆم بە

قەرزاری پییرا نۆراو میشێل دی سێرتیۆ ئەزانم- بە وەی کە" پەرچەکرداری مێژوو"و " دروستکردنی مێژوو" ئەناسنەوە، گەر لە بیرۆکەی بە توانایی ڕامێنین، ئەبینین کە " بێتوانایی" تەنها بە ڕێگەیەکی نێگەتیف دەرئەکەوێ، کەچی زۆرکات پیاوی لاواز، لایەنی پۆزەتیفی مرۆڤە. من نە سەرکۆنەی ئەمە ئەکەمو نە نارازیشم. هەرچییەك هەیە هەمووی من نووسیومە، من بە تەواوەتیش دانی پیا ئەنێم کە هەندێ کەس ئەڵێن" گوێ بگرە، کاتێ کە پیاوە لاوازەکە دەرئەکەوێ، من لەگەڵتام. بەڵام کاتێ پیاوە بەهێزەکە ئەدوێ، من لەمەدا لەگەڵتا نیم، شوێنیشت ناکەوم کاتێ تیۆرێکی گەورە لەسەر نواندنی ڕابردوو پێشکەش بکەی" وشەی توانینی مێژوونوس **Repersentauce** م داهێنا بۆ ئەوەی هاوکێشەیەکی ڕاستگۆیانەمان بداتێ کە ئەڵمانەکان پێی ئەڵێن چەمکی مەزن دەربارەی قوتابخانەی مێژوویی ئەڵمانیی درۆیسن **Droysen** بە شێوەیەکی تایبەتی. بەڵام من لەو بڕوایەدام کێشەی مێژوو کێشەی **Darstellung** (نیشاندان) ە، ئەویش ئاماژەیە بۆ بیرۆکەی ڕاستی. پێت ئەڵێم بۆچی من پابەندیم؟ من پێیەوە پابەندم لەبەر ئەوەی وتووێژی ئیتیکیی ئابلۆقەی بابەتی

ئیبستمۆلۆژیا ئەدا لەوەدا کە هەر ئەرکێك **Un devoir de memoir** مان بیرئەخاتەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کۆمەڵە قوربانییەدا، گەر دڵنیاش نەبین لەوەی کە شاهیدەکان ئەیڵێن. گەر هەموو مێژوونوسانیش دەستیان بە دانانی یاسایەك نەکردبێ پەیوەست بەم قوربانیانە. گەر هەموو ئەوانە ڕوویان نەدابێ، ئێمە پابەند نابین بەو بیرکەوتنەوەیەوە. لەسەر ئەم بنچینەیەوە ئێمە پابەندین بەوە کە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێین پێش ئەوەی خۆمان پابەند بکەین بە ئەرکێك یان دیالێکتیکێکەوە دەربارەی یادگە.

*** بەڵام ڕێم بدە بزانم، چۆن ئەم پەیامەت بۆ دەرکەوت لە پیاوی لاوازەوە بۆ پیاوی بە توانا، ئەمە دیدێکی سەرسوڕهێنەرە؟**

- ئای ئەمە تەنها تێڕامانەکانە، گەشتێکی خودییە، منیش تەنیا کەس نیم لەمەدا، من لە ناخەوە بە بیرمەندی گەورە هانز جۆنز سەرسامم، کە وێڕای یان دوای کتێبی پێداویستیی بەرپرسیارێتی، دەربارەی بیرۆکەی خودای نووسی.

*** بەڵام ئەمە بابەتی کۆچەکەت نەبوو؟**

- نەخێر ئەمە بابەتی کۆچەکەم نەبوو، ئەوە ڕووبەڕوو بوونەوەیەک بوو لە بەرامبەردا پاڵی پێوەنام لێی دوورکەومەوە، بۆ بیرۆکەی کریستۆلۆژیا (هۆهێنانەوەی لاهوتیی بۆ کەسێکی مەسیحی) بیرۆکەی مەسیحی ئازارچەشتوو، منیش تەنیا نیم، تیۆلۆژیایەک لە پێش لۆتمانەوە هەیە دەربارەی مەسیحی لە خاچدراو.

*** بەڵام من دیدێکم هەیە پەیوەستە بە مەسیحەوە، نەک بە خواوە، لەسەر ئەمە تۆ ئەتوانی بیرۆکەی پیاوی بەهێز هەڵهێنجی، واشت لێ ئەکا بڵێی بەڵێ مرۆڤ ئەتوانێ خۆی بنوێنێ، دابنێ...**

- بەڵێ مرۆڤ لە سنورێکدا ئەتوانێ، بە تایبەت ئەوانەی لاوازن. لاواز دەرئەکەوێتەوە، بە شێوەیەک وەک مرۆڤی بەتوانا جێبەجێی ئەکا- دەرئەکەوێ-. بەڵام من چوار جۆر لاوازیم لە کتێبەکەدا داناوە، یەکەم: زمان، هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە توانای زمانیان هەیە، هەمان فاکتەری زمانیان نییە، ڕۆشنبیران لەوانی تر چاکترن لە بەکارهێنانی موفرەداتی زماندا،

چەند هاوڕێیەکم هەن لە دادگا کار ئەکەن، پێیان وتم هەندێك تۆمەتبار هەن، ناتوانن لە وشەی " دزیی" تێبگەن، کەواتە ئێمە لە زماندا یەکسان نیین. دووەم: بێتوانایی هەیە، تۆ ئێستا توانای نواندن وەربگرە، ئەوە شتێکی زۆر مەزنە لە ناو خەڵکی بەتوانادا، لە کاتێکدا لە مێژووی مینۆکشیۆی ئاشەواندا، بە گشتیی مێژووی ناسەرەکی، هەندێك خەڵك ئەبینینەوە لە شوێنی نادیاردا ئەژینو لە خۆیان ئەپرسن، چۆن نەگیرێن بۆ لێکۆڵینەوەو بەم شێوەیە. سێیەمیش: پلە هەیە لە بەتواناییدا، بۆ نموونە ڕەنگە خۆمان ڕابهێنین لەگەڵیدا، بە هایدن وایتیشەوە، ئەمە توانینێکی سەرنجڕاکێشە بۆ گێڕانەوە، چوون توانینێکی کەونییە. ئێمە ئێستە ئەمانەوێ چیرۆکێك بگێڕینەوە کە لە چەند کورتە چیرۆکێك پێکهاتووە، ئێمە ئێستە لە گفتوگۆیەکدا ئەچینە پێشەوە، پێویستە مرۆ بتوانێ چیرۆك بڵێ یان بیگێڕێتەوە. توانینی چوارەمیش: توانای شیکردنەوەیە، ئەمە مانای وایە من ئەتوانم هەست بکەم هەروەك کەسێك بە ئینگلیزیی بڵێ**Accountoble** واتە توانای شیکردنەوەو دەرەنجام وەرگرتن.

*** من لەو بڕوایەدام نامەیەك هەبێ لە پیاوی لاوازەوە بۆ پیاوی بەتوانا، لەبەر ئەوەی لە نێوان سنوری تواناکانی مرۆڤدا، شتێکی گرنگ هەیە بۆ پێشکەشکردنی هۆ هێنانەوە بۆ شتێکی جێگیرو پرەنسیپیی، سەرباری سیفەتی هاوەڵ بوون بۆ لێپرسراوێتیی و سنوری خود.**

- بەڵێ، ئەمە هۆی هەموو ئەو گفتوگۆیانەشە کە لە شوێنێکی تردا دایئەمەزرێنین، کە پاڵمان پێوە ئەنێ بۆ بیرکەوتنەوەو گریمانە دووبارە کردنەوە. ئێمە لە پێشدا ئەتوانین شیکردنەوە بکەین و دواتریش بەهرەمان هەیە بۆ کاری خۆمان و ئەزانین چی ئەکەین.

*** لەم ڕادەیەدا، ڕادەیەکی گریمانەکراویش هەیە کە ئەتوانین پێی بڵێین ڕادەی پۆزەتیفیی.**

- هیچ حیکمەتێ لەوەدا نییە کەسێك ڕایەك یان بیرۆکەیەك بدا بە دەموچاوی یەکێکی تردا، ئەگەر وەك گۆڵدهاگن بڵێین هەموو ئەڵمانییەکان جەللاد بوون" ئەمە واتە ئێمە چەمکی شیکاریی لە داڕشتنە تاوانەکارییەکەیدا ئەدەینە پاڵ هەمووان، ئەمەش توندوتیژییە، لەبەر ئەوەی شیکاریی ئەوەیە کە مرۆڤ

بتوانێ مومارەسەی شیکاری خودی پێبکا. کانت ئەوەمان بیر ئەخاتەوە کاتێ کە یەکێ لە دژەکەوتنەوە گەورەکان ئەوروژێنێ دەربارەی دیالێکتیکێك بە هۆی ئەبستراکتیەوە. لە سێیەمین دژەکەوتنەوەی کۆزمۆلۆژیدا: ئەو ڕووداوە چییە ئەکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەوەش یان لە ڕێگەی زانستی سروشتییەوە یان لە گریمانەی تواناداری هۆهێنانەوەوە ئەدرێتەوە، لەم ڕەچاوکردنەوە من زۆر دڵخۆشم بە وشەی **Rechnung** لە زانستی ئاماژەکانی زماندا. کە لە زمانی ئینگلیزییدا بە مانای چارەسەر **Account** و لە زمانی فەرەنسیشدا **imputer**. لەسەر ئەم بنچینەیەوە ئەوە توانای دەرەنجام وەرگرتنە لە دەرەنجامی شیکردنەوەی کردەوەکانی کەسێکەوە.

*** کارەکان لەگەڵ خوددا چارەسەر بوون؟**

- ئەوە خراپترین توانایە! تەنانەت ئەم خوێندنەوەیەش کە زۆر کاری تێکردم - کتێبی هانزجۆنا دەربارەی بیرۆکەی خواوەند لە دوای ئۆشنتزەوە- کە هەمیشە ئەمانگێڕێتەوە سەر لێپرسراوێتیی مرۆڤایەتی.

*** ڕاستە، بەڵام واو بۆ دەرئەکەوێ کە نامە لە مرۆڤی لاوازەوە بۆ مرۆڤی بەهێز، بەم بیرۆکەیەشەوە، ئەوە ئەگەیەنێ کە ئێمە بەر پرسیارین، لە سنوری مرۆڤی لاوازیشدا توانای بەخشینو توندوتیژیی هەیە؟**

- بە هەرحاڵ، ئەبێ زیادەڕۆیی نەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە خاکییە دەربارەی پیاوی لاواز لە دوای ئەو کتێبەوە نایەت کە دەربارەی ئیرادیو نائیرادی ئەدوێ. بە شێوەیەك هەوڵمدا سەرباری ئەوەش هەر ڕووبەرێکی گەورەی بدەمێ، لەبەر ئەوەی من قسە لەسەر توانای ناکۆکیی هەڵچوونەکانو ململانێی نەریتەکان ئەکەمو پاشانیش گریمانەی فەوتانیان. ئەم کتێبە دانپیانانێکی تێدایە کە ناوم ناوە "نائیرادەی ڕەها" لە نائاگاییو ڕاستی لە دایك بوون پێك هاتووە دوای هەموو ئەوانەو لە دەستپێکی کارەکانمەوەو ساڵی پێشوش. بیرۆکەی گۆرانی بە تەواوی ڕێگریی بەردەم هەموو شتێکە، بەڵام من لەم کاتەدا پێشوازیی لێ ئەکەم، مەبەستم لە خۆشیو شاگەشکە بوون نییە. بە شەرتێ کتێبەکەم بیرۆکەی سەلماندنی بوونی دیاریکراوی گرتبووە خۆ. من خوێنەرێکی بەردەوامی شیعری "ریلکە"م، ئەم پارچە شیعرەی زۆر کاری تێکردووم:

**گەردوون لێرەدا ئاسودەیە، سەرسوڕهێنەرە،**

**ئەفسونگەرە**. ئێستەو لە پیریمداو لەگەڵ نزیك بوونەوەم لە مردن، جارێکی تر ئەڵێمەوە: **گەردوون لێرەدا ئاسودەیە، سەرسوڕهێنەرە، ئەفسونگەرە.**

*** بێگومان تۆ ئازایەتییەکی لە ڕادە بەدەرت تیایە. خەڵك لە سی ساڵیشدا هەر ئەتوانێ ئەم بیرۆکانەی هەبێ، بەڵام لە نەوەددا!**

- هەروەك دانی پیائەنێم، تەمەنە جیاوازەکانی ژیان هەندێ جۆری کامەرانیو کەساسیی ئەکەونە نێوانییەوە، جگە لەوەش چۆن داوە جۆراو جۆرەکان تێپەڕێنم؟ لە کاتی پیرییدا دوو داو هەن مرۆ ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە، ئەوانیش خەمو بێزارین. ئای خەم! چەند خەمناکە کاتێ مرۆڤ ژیان جێئەهێڵێو ئەبێ خۆی بۆ ئەو جێهێشتنە ئامادە بکا... " هیچ چارەیەك نییە... لێرەدا ئەڵێم نابێ مرۆ چۆك بۆ خەم دادا، قبوڵ کردنی خەم ئەوەیە کە قەشەکۆنەکان بانگەشەیان ئەکرد. ئەوە جۆرێکە لە ڕەشبینی — المنخوليا- مەبەست لە ڕەشبینییەکەی فرۆید نییە، ڕەنگە ڕەشبینیی دیۆری **Durer** بێ کە نیگاری ڕەشبینیی کێشاوە بە شێوەیەك مرۆ ئەتوانێ ببینێ:

ژنێکی سەرداخستوو، دەستی ناوەتە ژێر چەنەی، تەماشای ژمارە ئەندازەییەکان ئەکا کە مانای هیچ شتێکی بۆ نابەخشێ. سەعاتێکی سەر دیوار ئاماژەی کات ئەکا، ئەمە **Acedia** یە چارەسەریشی کامەرانییە، ڕووبەڕوو بوونەوەیە، کامەرانییش هەمیشە بە دیدی شتە تازەکان وەسف ئەکرێ، شتی دڵخۆشکەر. بۆ هێمای دووەمیش من وەڵامی ئەو رانانە " **حث**" گەورەیەی دووەم ئەدەمەوە لە تەمەنی پیریدا: بێزارییەکە بێزاریی منالآن نییە کاتێ ئەپرسن: دایکە من نازانم چی بکەم؟، بەڵام ئەڵێم: من هەموو ئەوانەم بینیوەو هەموو شتێکیش لەبەرچاومایەو ئەبینم...چارەسەری خەم دووبارە ئەوەیە کە درێژە بە ژیان بدەیو بە سەرسامییەوە بژی هەروەك دیکارت لە پێشەکی کتێبەکەیدا: گەڕان بە شوێن ئازاردا، ناوی ناوە.

*** ئەو شتەی باڵاترین جۆرایەتییەو ئاڕاستەی خودی مرۆڤایەتییە**.

- بەڵام ئەو جۆرایەتییە نییە کە وەزیفە ڕۆژانەییەکان جێبەجێی ئەکا.

*** لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی خەمناکە، بەڵام با لەوە دوورتر بڕۆین، چی لە دەقی ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفیدایەو پەیوەندی مرۆڤی ئازارچەشتوو بە مرۆڤی بە تواناوە چییە؟**

- بەڵێ من ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەم بۆ ئەو ئاماژە لابەلا دووبارانەی لە تراژیدیای گریکدایە. کاتێ ئەڵێم مرۆڤی بەهێز، مەبەستم لەو مرۆڤەیە کە کار ئەکاو ئەندێشەی هەیە. لێرەدا جۆرێك لە پێکهاتەی زمانەوانیی پێشکەش ئەکەم. بۆ نمونە پاڵەوانە مەزنەکانی هۆمیرۆس وەرگرە هەموویان هەست بە ئەندێشە ئەکەن. بیر لە پاترۆکلۆس‌و ئازارەکانی هێکتۆر **Hector**و گونجاندنی کۆتایی پرایماو ناشتنی پاییر بکەرەوە. کاتێ دواجار دوژمن لەگەڵ دوژمندا بە گونجاندن پێکدێن دوا شتێکە ڕوو ئەدا. ئەشتوانین بڵێین ئەوەی کە ڕوویداوە جۆرێکە لە لێبوردەیی هاوبەش. ڕاستە وشەکە نەوتراوە، بەڵام ئەمە گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی هێمن بوونەوە هەیە. ئەو هێمنیەیە کە لە دوای هەموو توڕە بوونێکەوە دێ، کە لە ئەلیادەدا بە تەواوەتی ڕەنگ ئەداتەوە. کە لە هێلینی ژنە دزراوەوە دەست پێ‌ئەکا. لە تراژیدیای گریکدا هەموو پاڵەوانەکان پاڵەوانی ئەندێشەو کردارن. تراژیدیاش

جۆرێکە لە هەڵبژاردن لە میانەی ئەم هەڵبژێرییەوە. ڕەنگە قسە لە لێبوردەییدا نەکەی، بەڵام من نامەوێ جڵەوی لێبوردەیی بگرم. وشە هاوتای تریش زۆرن بە تایبەت کاتێ دێیتە سەر ئەم گونجاندنەی کۆرس لە تراژیدیای گریك.

*** پاککردنەوەی سۆزەکان؟**

- بەڵێ پاککردنەوە، دوای هەموو ئەوانەش مەزنترین دوو وشە لە شیعرەکانی ئەریستۆتالیسدا، لاسایکردنەوە کە کارەکتەرەکان خۆیان ئەیکەن، ئەو پاککردنەوەش کە کۆرس بەدی ئەهێنێ. ئێمە توانای تێکەڵ بوونی ریزمان هەیە لەگەڵ هەموو کارەکتەرەکاندا، دوای ئەوەش لەگەڵ ئەو کۆرسەی کە ئێمە ئەنوێنێ.

*** بەم شێوەیە لایەنێکی بە کۆمەڵ هەیە بۆ بیرچوونەوە لەو تراژیدیایەدا، کە لە کۆرسەکەدا خۆی ئەنوێنێ؟**

- بە دڵنیاییەوە، بەڵام من کارەکتەرو دوورایی تاکی لێبوردەیی دووپات ئەکەمەوە. بە سادەیی، بۆ ئەوەی دژی، ئەمەوێ بڵێم دژی لێبوردەیی بۆ هەموان بوەستینەوە، ئەمەوێ بەناو ئەم کاریکاتێری

لێبوردەییەدا تێپەڕم. بەلاّم لەلایەکی ترەوە ئەوە بە بەردەوامیی لەو کۆمەلگەیەدا ئەبێ کە لێبوردەیی تاقی کردۆتەوە. لە ڕاستیدا من زۆر هەستیارم لەوەدا کە کاسۆلیك نیم، لەبەر ئەوەی فێربوونم یا پەروەردەی من پرۆتستانتییە. لەسەر ئەم بنچینەیەوە من شتێکی ئەوتۆ لە پرەنسیپی کاسۆلیك نازانم لە لێبوردەییو سروتەکانی لەسەر دەستی قەشەکانەوە. من تەنها داواکردنی بە کۆمەلّ بۆ لێبوردەیی ئەزانمو هیچی تر، لێرەدا سوور ئەبم لەسەر وشەی " لێبوردەیی" لەو بڕوایەشدام هەمان مانای کەنیسەی کاسۆلیکەکان بدا، کە کاسۆلیکی مێژوویی نییە، نابێ هیچ کەسێك یان کۆمەلّە کەسێك لێبوردەییش بلاّو بکەنەوە وەك ئەوەی ئەوان پسپۆڕی بن.

*** من کۆکم لەگەلّتا، لەوەدا کە پەیوەندی بە کەنیسەی کاسۆلیکەوە هەبێ، لەگەلّ ئەوەشدا شێوەی دانپیانانێکی تریشیان هەیە، لەبەر ئەمە دوورابیەکی لێبوردەیی بە کۆمەلّ هەیە لە چوارچێوەی کۆمەلّ یان کۆمەلّگەیی لەم کارەدا کە وێڕای ئەوەش هەر بە لێبوردەیی تاکێتیی ئەمێنێتەوە.**

- ئەهـ، بەلّێ، ئەزانم کەسانێك هەن تەنانەت کە چاو لە کەسێك ئەپۆشن لە ناخیاندا، خۆیان لە لەگەلّ

ئەو کۆمەڵگەیەدا بە قوڵیی ئەگونجێنن کە لەم ساتەوەختەدا سەر بەوانن. ئەو کۆمەڵگەیەی بەسەر کێشەکاندا کراونەتەوە. بەڵام ئەگەر وەرچەرخانی سیاسیت بوێ، کێشەی ئەمڕۆ، کێشەی چارەسەرکردنی کەمینەکانە. کەم وڵاتی ئەوروپیی هەن کەمینەیان نەبێ، وای بۆ ئەچم مرۆ ئێستە لە دیموکراسیزم تێبگا لەناو ئەوانی تردا، لە ڕێگەی چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کەمینەکانەوە. لەبەر ئەوە دەربارەی زانینی ئەو داب‌و نەریتەی کە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیریی ئەوی تر کە لەناوماندا ئەژی، کرانەوە بە ڕووی داب‌و نەریتی ئەوی تردا کە لەناو هەمان ئاسۆی قەزاییدایە، ئەم باوەش‌و خۆ بەوکردنەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ڕوو ئەدا، ئەوە کاری دڵە.

*** بەهەرحاڵ لێرەدا سنوری توانینی ڕێکخستنی ژیانی پێکەوەیی هەیە لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانەدا، زۆر کاتیش پاڵپشتی زۆر جیاواز دژی داب‌و نەریت ئەکرێ، ئیتر کێشەی دیموکراسیزم دەرئەکەوێ.**

- بەڵێ ئەمە کێشەیە. کێشەی فێربوونمان هەیە، بەهەرحاڵ تەنانەت بە بێ قسەکردنیش لەسەر قوتابخانەو زانکۆکانو ڕۆشنبیریی گشتی بە هۆی ڕۆژنامە نووسییەوە. ..تادوایی. من ئەمەوێ شتێك بوروژێنم تا ئێستە دەمان تێوەنەداوە. لای فرۆیدیش چەمك بووە بە ناوی" تایبەت"ەوە، ئەویش توانای پشوودرێژیی تازێبارییە.

* Trauerarbiet...... .

- من لەو بڕوایەدام ئەو کەسە خاوەنی بیری ڕابردوو نییە. لەو کاتەشدا هەست بە کۆستێکی خەڵەتێنەر ئەکا، هەروەها ڕق لێبوونەوەو ونبوونی خۆشەویستی. فرۆید ئەم وتارە کورتەی نووسی" تازێباریی‌و ڕەشبینیی" ئەو بیری لە ئەندێشەی خەڵکی ئەکردەوە ئەوانەی کە نەیانئەتوانی خۆیان ڕابێنن لەگەڵ ئەو شتەی لە دەستیان چووە. شتێکی گرنگ، کەسێك نییە لە ئەوروپادا ئەمڕۆ گازندەی ون بوونی شتێك نەکا، ئەو زیانە کەسییانە نا کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووئەدەن، تەنانەت ئەو شتانەیش کە زۆرمان لێی هەیە. لێرەدا ئەڵێم پێویستە مرۆڤ ونبووەکانی وەك ئایکۆنە ناوەکیەکانی بڕازێنێتەوە. ئەم جۆرە تازێبارییە

درێژەو ژانگرتنێکی قورسە مرۆ ئەتوانێ لە دواییدا بیگێڕێتەوە. وتارێکی کورتیشم لەسەر گێڕانەوەی تازێباریی نوسیوە. با بڵێین ئەوەی مرۆڤ کردیو ئەوەی کە چەشتیو ئەوەی قازانجی لێکردو ونی کرد، بیرۆکەی ون بوونیش بیرۆکەیەکی جەوهەرییە لە ژیاندا.

*** وا دەرئەکەوێ ئاماژە بە بیرۆکەی لێبوردەیی بکا، بۆ ئەوەی لەگەڵ ون بووندا بژیو بەشداری تازێباریی بکا لەگەڵ کەسێکدا یان شتێکدا کە ونی کردبێ ئەمە خودێکی لێبوردەیە.**

- بەڵێ، لێرەدا فرۆید وشەیەکی زۆر نزیکی بەکار هێناوە **Versohnung** دوایی وەرگێڕرا بۆ وشەی گونجاندن ئەم وشەیە موفرەدەیەکی ئاینیی نییە. ئەتوانین لە ئەدەبی ئەڵمانی مەزنو لە کتێبەکانی هیگڵ لە جیناوە بۆ بەرلین بیدۆزینەوە... کاتێ ئینسکلۆپیدیای نووسیو بە **Verohnung** کۆتایی پێهێنا: لە دیاردەی ڕۆحیشدا سالی ١٨٠٧ لە بەشێکدا بە ناونیشانی **Geist** ەوە ئەو بەشەی دەربارەی ڕۆح بوو، بە وشەی **Verhonung** کۆتایی دێ.

*** لە کاری سەر زانینی هاوبەشیشدا، زانستێ هەیە کە ئەوی تر ونی کردووە. بەرامبەر بەوەش گەر ئەو کەسە**

**وایلێکبداتەوە کە ئەویتریش زانستێکی ون کردووە، کەواتە پرۆسەی ونکردن پرۆسەیەکی هاوبەشە؟**

- ئەگەڕێمەوە بۆ پرۆسەی گێڕانەوە، وەك دارشتنێك بۆ تازێباریی. پێویستە مرۆ بزانێ چۆن چیرۆکی ئەوی تر ئەگێڕێتەوە؟ هەروەك ئەوانی تریش بینیبێتیان. ئەمەش بەلانی منەوە مانای ئەوەیە لەوی تر گەرێم تا چیرۆکم بگێڕێتەوە. نەك خۆم بە تەنها رێگەیەك چیرۆکەکەم بگێڕمەوە (مرۆ ئەتوانێ ئەمە هەمیشە دابڕێ و بە رێگەیەکی تر رەگەزەکان رێك بخاو کۆبکاتەوە) بەڵام با رێککەوین و رێبدەین ئەوی تر لاساییکردنەوەمان بەرهەم بێنێ، ئەمەش بابەتێکی قورسە.

*** بەڵێ لەسەروو ئەمەشەوە، بیرۆکەکانی لێبوردەیی و ون بوون و گونجاندن، وا دێتە پێش چاوم کە پەیوەندارن پێکەوە و جۆرێکن لە زەمینەیەکی هاوبەش.**

- ئەتەوێ لەو بیرۆکانەوە دەست بە گفتوگۆکەمان بکەینەوە، لە کاتێکدا من بە خوێنەرانم ئەڵێم خوێندنەوەکەیان تەواو بکەن بە دوایی هاتنەکەشەوە دەربارەی لێبوردەیی و لە کۆتاییەوە دەست پێ نەکەن.

*** ڕێککەوتین ڕەنگە ئەوانیش بوەستن بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەی کتێبەکە ڕامێنن، پێش کۆتاییەکەی.**

- بەهەرحاڵ، پێویستە خوێنەر پشوویەك بدا پاش خوێندنەوەی ٦٠٠ لاپەڕە ئەمەش ناونیشانی کتێبەکەیە: یادگەو مێژووو بیرچوونەوە. کتێبەکەش تەواو بوو، هەرچی دوایی هاتنەکەشیەتی چی لێ ئەکەی بیکە.

*** زۆر باشە، بەڵام ئەوەی ئەمانەوێ چڕی بکەینەوە پەیوەندی کتێبەکەیە بە کۆتاییەکەیەوە.**

- خۆت ئەم وشەیە پێشنیازکە: زۆر کامەران. بە بێ شەرم، بێتووڕە بوون، لە سەروو ئەوەشەوە، من لەو بڕوایەدام تووڕە بوونو بەخیلی بردن دوو سۆزی نێگەتیفن، ئەمەیە کە سپینۆزا ناوی ناوە بە (سۆزە عەمبارەکان).

*** لێرەدا کۆتایی بەو خەمو ڕەشبینییە ئەهێنین. بەڵام بێئەوەی سۆزە غەمبارەکان نفرۆمان بکەن. سوپاست ئەکەم.**

## فەرهەنگ

| عربي | كوردی |
|---|---|
| اختصاص | پسپۆڕیی |
| استنكار | ناڕەزایی |
| ادانة | سەركۆنە كردن |
| اشكال | گرفت |
| انتقال | گواستنەوە= گوێزانەوە |
| الاستقلال الدلالي للنص | سەربەخۆیی دەلالیی دەق |
| اتصال | پەیوەندی گرتن |
| اقناعية | ڕازیكاری |
| اسارير | ئاماژەكانی دەم وچاو |
| ايماءة | نیشانە |
| اشارة | ئاماژە |
| اجراء | كارڕایی |
| اصل | بنەڕەت |
| ادوات | ئامڕازەكان |
| اختزال | چڕكردنەوە |
| اقتراح | پێشنیاز |
| استجابة | بە دەنگەوە هاتن |
| انفتاح | والآ بوون |
| اسراف | دەسبڵاویی |
| انتاج | بەرهەم هێنان |
| ابتكار | ئەفراندن |
| ابداع | داهێنان |
| استرجاع | گەڕاندنەوە- سەندنەوە |
| الغاء | نەهێشتن |
| استثناء | هەڵاوێژ- هەڵاوێردن |
| استعارة | خوازە- خواستن |
| استهلال | دەسپێك |
| ايقونة | ئایكۆن |
| انطباعية | ئیمپریشینیزم |
| اسلوب | شێواز- ستایەڵ |
| اكتفاء ذاتي | خودقایلیی |

| | |
|---|---|
| احالة | هەواڵە كردن |
| اخرية | ئەوی تریی |
| انعطافة | بادانەوە |
| افول | ئاوابوون |
| اجتهاد | كۆششكاری |
| اخلاق | مۆراڵ- ئیتیك |
| اغراء- حث | ڕانان |
| التزام | پابەند بوون |
| اعتدال | میانڕەویی |
| | |
| بنية | بونیاد |
| بحث | سۆراخ- تۆژینەوە |
| بنيوية | بونیادگەرایی |
| بُعد | دوورایی |
| | |
| تناقض | دژەكەوتنەوە- هاودژیی |
| تحويل | وەرچەرخان |
| تخارج قصدي | دەرهاویشتنی مەبەستدار |
| تنائي | دووركەوتنەوە |
| تناهي | كۆتاهێنان |
| تماهي | چاولێكردن- بوون بە یەك |
| | |
| توليدية | پێكهاتەیی |
| تكوين | پێكهێنان |
| تغيير | گۆڕانكاری |
| تفاعل | كارلێككردن- ئاوێتەبوون |
| تشويه | شێواندن |
| تسطير | دێڕبەندیی |
| تثبيت | جێگیر كردن |
| توسيع | فراوانكردن |
| تعبير | گوزارش- دەربڕین |
| تأمل | تێڕامان |
| تعبيري | گوزارشكاریی |
| تمريري | تێپەڕكاریی |

| | |
|---|---|
| تقريري | ڕاپۆرتی |
| تحليل | شیكردنەوە |
| تذكير | بەبیرهێنانەوە- بیركەوتنەوە |
| تقنية | تەكنیك |
| تفسير | ڕاڤەكردن |
| تجسيد | بەرجەستەكردن- بەرجەستەكاریی |
| تزامن | هاوكاتیی |
| تعميم | گشتگیریی- گشتاندن |
| تحديد | دیاریكردن- دەستنیشانكردن |
| تصنيفية | پۆلێنسازیی |
| تركيبية | پێكهاتەگەریی |
| تعارض | پەرچدان |
| تجلي | درەوشانەوە |
| تصور | وێناكردن |
| تحقيق | جێبەجێ كردن |
| تطبيق | پراكتیك كردن- پراكتیزە |
| تحفظ | پەرێزگرتن |
| تسويغ | مانا بۆ دۆزینەوە- پاساودان |
| تملك | خاوەندارێتی- خاوەنداریی |
| تسامح | لێبوردەیی |
| تلميح | ئاماژەی لابەلا |
| تقليد | لاسایی كردنەوە |
| | |
| ثنائية | دوالیزم |
| | |
| جدل الواقعة والمعنى | دیالەكتیكی ڕووداوومانا-یان واتا |
| جدل نووي | دیالێكتیكی ناوەكی |
| جذري | ریشەیی=رادیكالی |
| | |
| حاسم | یەكلاكەرەوە |
| حامل خارجي | هەڵگری دەرەكی |
| حفظ | ئارشیف |
| حركي | جوڵە |

| | |
|---|---|
| حكمة | ژیربێژیی |
| حقل | کایە |
| حالة | بار |
| حد | رادە- سنور- دابڕین |
| | |
| خارجية | دەرەکی |
| خالص | پەتیی |
| خطاب منطوق | گوتاری وتراو |
| خاصية | تایبەتمەندی |
| خلق | ئەفراندن |
| ختام | دوایی هێنان- کۆتایی |
| خطاء | هەڵەکار |
| خطيئة | هەڵە- گوناه |
| | |
| ديمومة | بەردەوامیی |
| دراسة | لێکۆڵینەوە |
| | |
| ذهن | زەین |
| ذاكرة | یادگە |
| | |
| رسالة | نامە- پەیام |
| ربط | بەستنەوە، گرێدان |
| رمز | سیمبۆل |
| رسم | نیگار |
| | |
| زمني | کاتیی |
| زيادة جمالية | زێدەستاتیکایی |
| | |
| سياق | ڕەوت |
| سمة | سیما |

| | |
|---|---|
| سعة | توانای گرتنەخۆ- کەپاستی |
| سن القوانين | دانانی یاساکان |
| سامع | گوێگر |
| سند | پاڵپشت |
| سرد | گێڕانەوە |
| سيالة | لێشاو |
| سلوك | ڕەفتار |
| سيئة | خراپە |
| | |
| شفرة | کۆد |
| شفوي | زارەکی |
| شفرات مطردة | کۆدە بەدوای یەکا هاتووەکان |
| شبكة | تۆڕ |
| شكل | شێوە- فۆرم |
| شرف | ئابرو |
| شر | بەدیی |
| شرير | بەدکار |
| شرح | باسکردن- ڕاڤە کردن |
| | |
| صراع | ململانێ |
| صيرورة | بە بوونهاتن- بوونێتیی |
| صورة | وێنە |
| صوری | روکەشی |
| | |
| طفرة | بازدان |
| | |
| ظاهرة | دیاردە |
| ظاهری | دیار |
| ظروف | ڕەوش- هەلومەرج |

| | |
|---|---|
| علاقة | پەیوەندی |
| عبارة | دەستەواژە |
| علامة | هێما |
| عملية | پرۆسێس |
| عرظی | لابەلا |
| عدالة | دادپەروەریی |
| عفو | لێبوردن |
| | |
| غاية | دوامەبەست |
| غفران | لێخۆش بوون |
| | |
| فعل | کردار– فرمان |
| فجوة | بۆشایی– دەلاقە |
| فن التجريد | هونەریئەبستراکت–داماڵگەرایی |
| | |
| قواعد | ڕێسا–بنەما |
| قياس | پێوانە |
| قارئ ضمنی | خوێنەری ناوەکی |
| قرابة | نزیکایەتی |
| قضية | دۆز |
| | |
| كلامی | ئاخاوتنی |
| كاتب | نووسەر |
| | |
| كامن | شاراوە |
| كيان | قەوارە |
| كون | گەردوون |
| كائن | بوونەوەر |
| كينونة | هەبوون |
| | |
| لغة مكتوبة | زمانی نوسراو |

| | |
|---|---|
| لفضي | وتەیی |
| لغز | مەتەڵ |
| لا/ عصمة | نا/بێبەریی بوون– بەدەربوون |
| | |
| معاناة | ئەندێشە–چەشتن-دەردەسەریی |
| مشكلة | کێشە |
| مخطط–اتصالي | هێڵکاری پەیوەندی گرتن |
| مرجعية | سەرچاوەی بنەڕەتی |
| مكاني | شوێنیی |
| معجم | فەرهەنگ |
| مذدوج | دووسەرە– جووت |
| من خلال | لە میانەی |
| مظموني | ناوەڕۆکیی |
| محاكاة | لاساکردنەوە |
| معيار | پێوەر |
| مدي | مەودا |
| مسافة | ماوە |
| متكلم | بگۆ– بوێژ |
| محاورة | گفتوگۆ |
| مولف | دانەر |
| مغالطة قصدية | بەهەڵەبردنی مەبەستدار |
| مفارقات | پارادۆکس |
| معين | دیاریکراو– تایبەت |
| محال الية | هەواڵە بۆ کراو |
| مسخ | بەدگۆڕان |
| مطلق | ڕەها |
| معالم | روخسار |
| مسلم به | سەلمێنراو |
| مبدآ | پرەنسیپ |
| مفهوم | چەمك |
| مقولة | وتەزا |
| منمق | رازاوە |
| مكافئ | وەك یەك– چوون یەك |
| مغزي | مەبەست |
| مؤشرات | ئاماژەپێوەرییەکان– پێوەراماژە |

| مصطلح | زاراوە |
|---|---|
| موقع | پێگە |
| معجزة | پەرجوو |
| مرء | مرۆ |
| مصداقية | ڕاستگۆیی |
| منح | بەخشین |
| | |
| نظرية | تیۆر |
| نزاع | ناکۆکی |
| نمط | چەشن |
| نوع | جۆر |
| نسق | ریزبەند- ڕێڕەو |
| نحوي | ڕێزمانیی |
| نموزج | نمونە |
| نظير | هاوتا |
| نسخ | پوچکردنەوە |
| نقيظ | پەرچە |
| | |
| هوية | ناسنامە |
| | |
| وحدات عظوية | یەکەی ئۆرگانیکی |
| وجود | بوون |
| وسيلة | هۆکار |
| وساطة | ناوەندیاریی |
| واحدية | یەکانەیی |
| | |
| يهودي | جولەکە |

**سەرچاوەکان**

١- بول ريكور- الوجود والزمان والسرد- ت/ سعيد الغانمي- المركز الثقافي العربي/١٩٩٩.

٢- بول ريكور- نظرية التأويل- ت/ سعيد الغانمي- المركز الثقافي العربي- ٢٠٠٣.

٣- بول ريكور- الزمان والسرد، ج١ – ت/ سعيد الغانمي وفلاح رحيم- دار الكتاب الجديد المتحدة/ ٢٠٠٦.

٤- بول ريكور- بعد طول التامل- ت/ فؤاد مليت- منشورات الاختلاف، الدار العربية للعلوم، المركز الثقافي العربي/ ٢٠٠٦

٥- بول ريكور- فلسفة الارادة، الانسان الخطاء- ت/ عدنان نجيب الدين- المركز الثقافي العربي/ ٢٠٠٣.

٦- العدد/٤- مجلة/ مسارات، ملف الفعل الابداعي والتفكير السردي لبول ريكور- حوار: سورين انتوهي- ت/ خضير اللامي/ ٢٠٠٥

٧- هەندێ وتاری ئینتەرنێت بۆ ژیاننامەی پۆڵ ڕیکۆرو بەراورد کردنی بە پێشەکی ئەو کتێبانەی بەردەستم.